# چارەنووسی مالیكی پاش ڕووداوە خوێناوییەكەی بەغدا



فەیسەڵ دەباغ
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لەسەر چ شتێك سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیكی گرەو دەكات، سەبارەت بەو شاڵاوەی كە دەیكاتە سەر سوریا و هەندێ كەسایەتی ناو عێراق؟

كێ سوودمەند دەبێ لە توندكردنەوەی ئەو تۆمەتانەی كە مالیكی دەیخاتە پاڵ سوریا لەم قۆناغەدا؟ بەتایبەتی ئەمەریكییەكان زۆر بەروونی پێیان راگەیاند كە ئەمە كێشەیەكی تایبەتی نێوان عێراق و سوریایەو، بە تەنیاش بە جێیان هێشت تا رووبەڕووی ئەنجامەكانی ئەو هەڵسوكەوتەی ببێتەوە.

ئەوەی تێبینیش دەكرێ ئەوروپا بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەو مەسەلەیەی نەداوە، كەسانێك هەن دەڵێن تا ئێستا مالیكی بە تەواوی تۆڵەی خۆی لە بەعسییەكانی عێراق نەسەندووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆ ئەوكاتەی هەڵبژارد؟ ئایا بەهۆی نزیكبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی گشتی؟ یان بەهۆی هەستكردنی بەوەی كە ناتوانێ لەو هەڵبژاردنە سەركەوێ؟

كەسانێك هەن پێیان وایە مالیكی وەك سەددام حوسێن رەفتار دەكات یان دەیەوێ ببێتە سەددام حوسێنێكی نوێ، بەڵام هەر ئەو كەسانە پێیان وایە سەبارەت بە كۆنترۆڵكردنی باری ئەمنی وڵات مالیكی سەركەوتوو نەبووە، بۆیە زۆر ئەستەمە دووبارە ئەو پۆستە وەرگرێتەوە، هەندێكیش ئاماژە بە كێشەیەك دەكەن نێوان خۆی و ئێران یان گرووپێكی حوكم لە ئێران كە دڵنیا نییە لە ویستی مالیكی.

یەك لەو بیروڕایانە دەڵێ پەیوەندی مالیكی لەگەڵ ئێران خراپەو ناتوانێ ئێران بە دەستێوەردان لە كاروباری عێراق تۆمەتبار بكات، لەبەر چەند هۆیەك كە لێیان دەترسێ، بۆیە هاوپەیمانە سورییەكەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئەو شاڵاوەی لە دژ بەرپا بكات، چونكە ئیئتیلافی نیشتمانی كە بە هاندانی ئێران دروست بووە، چەند لایەنێك لەخۆ دەگرێت كە مالیكی مەرجی دانابوو كە نابێ تیایدا بەشداربن، وەك رەوتی سەدر و د. ئیبراهیم ئەلجەعفەری كە لە حزبی دەعوە جیابووەتەوە.

مالیكی سوریای هەڵبژارد، چونكە بە باوەڕی خۆی دامودەزگاكانی یان ئەو كارتانەی كە لە دەستدایە دەتوانێ بەهۆیانەوە چەند جۆرە كردەوەیەوەیەك ئەنجام بدات و، داوای لە نەتەوەیەكگرتووەكان كرد دادگایەكی نێودەوڵەتی دابمەزرێنێ، چونكە دەزانێ حەساسیەتی سوریا لە بەرامبەر ئەو جۆرە هەڵسوكەوتە چۆنە، بەتایبەتی پاش تێكچوونی بارەكەی بەهۆی ئەو دادگا نێودەوڵەتییەی كە نەتەوەیەكگرتووەكان پێكی هێنابوو، بۆ زانینی بكوژانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق ئەلحەریری و، قورسایی چاوەڕوانی ئەوەی كە ئەو دادگایە كەشفی دەكات، بەڵام بە هەڵبژاردنی ئەم ئامانجە و رێك لەم كاتەدا، بە دیار كەوت كە خوێنەوارێكی باشی نییە و شارەزاییەكی ئەو تۆشی نییە لە سیاسەتی دەرەوەی نێودەوڵەتی.

ئەگەر بێتو پەیوەندی ئەمەریكا و سوریا بخوێنینەوە، دەتوانین بە باش وەسفی بكەین، بەتایبەتی ئیدارەی ئەمەریكا خۆی ئامادەكردووە بۆ ناردنی باڵیۆزی خۆی بۆ دیمەشق.

ئەگەریش باری ناو ئێران بخوێنینەوە، ئەوا دەزانین كە بایەخەكانی لە مانۆڕەكانی مالیكی دوورترن، ئیلا ئەللاهومە گرووپێكی ئێرانی فایلی بەعسییەكانی نیشتەجێی سوریایی پێ سپاردبێ، وەك ئەوەی كە عەبدولعەزیز ئەلحەكیمی رەحمەتی بەر لە وەفاتی پێ راسپێردرابوو كە پەیامێك ئاراستەی سەرۆكی یەمەن بكات بۆ ئەوەی ناوبژیوانی نێوان حكومەتی ئەو وڵاتە و حوسییەكان بكات، بە هێنانی سەركردەی حوسییەكان بۆ نەجەف، بەرامبەر ئەوەی كە عەبدولا سالح سەرۆك كۆماری یەمەن هەڵبستێ بە دەركردنی ئەو ئەفسەرە عێراقییە بەعسییانەی كە پاش رزگاركردنی عێراق پەنایان بردە بەر یەمەن، ئێران ئەوانە واتە بەعسییەكان بەوە تۆمەتبار دەكات كە یارمەتی سوپای نیزامی یەمەن دەدەن لە رووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ حوسییەكاندا، بەڵام سەرۆكی یەمەن ئەم عەرزەی ئەلحەكیمی رەتكردەوە.

ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە ئەوەیە كە لەگەڵ بەردەوامبوونی مالیكی لەسەر هەڵوێستی خۆی و تۆمەتباركردنی سوریا، ئەو بەرپرسە عێراقییانەی كە لەگەڵ ئاراستەكەی مالیكی بوون، ئێستا هەڵوێستێكی خۆیان گۆڕیووە داوای وتووێژی دیپلۆماسی لەگەڵ سوریا دەكەن.

مالیكی بەرامبەر ئەو هەڵوێستە گۆڕینە خۆی بە تەنیا دیتەوە و قەتیش ڕۆژێك لە ڕۆژان حیسابی بۆ پێشهاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەكان نەكردبوو، كە لەوانەیە كاردانەوەیەكی توند بەسەر عێراق بەجێبهێڵێ.

ئەو تەقینەوانەی كە لە عێراق ڕوویاندا، پاش كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە شارەكانی عێراق، بەتایبەتی ئەو تەقینەوە گەورەیەی كە بەغدای هەژاند و ئامانجەكەی چەند وەزارەتێكی سیادی بوو، وای لە مالیكی كرد ئەو قسانەی خۆی دووبارە نەكاتەوە كە دەیگوت من خاوەنی ئەو بەرقەرارییەی ئاسایشم.

پێشتر ڕۆڵی ئەمەریكای بۆ خۆی قۆزتبۆوە كاتێ بانگشەی ئەوەی دەكرد كە بەهۆی توانایی خۆیەوە توانیوویەتی زبتی ئەمنیەتی عێراق بكات، نەك بە هاریكاری ئەمەریكا و لایەنە سیاسییەكانی دیكەی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسییدا.

بەڵام ئەو تەقینەوە گەورەیە زمانی مالیكی كورت كردەوە ڕووداوەكەش لاوازی مالیكی سەلماند و ئیسپاتی كرد كە ئەو كابرایە توانای كۆنترۆڵكردنی ئەمنییەتی عێراقی نییە.

لەوانەیە مالیكی هەستی بەوەكردبێ كە پاڵپێوەنەری ئەو تەقینەوەیە سیاسی بێ، ئامانجەكەی تێكدانی شەرعییەتی حكومەتەكەی بووبێ، چونكە بەبێ ئەوەی بزانین كێ لە پشت ئەو تەقینەوەیەدا بوو، پێمان وایە ئەمە گورزێكی كوشندە بوو كە لە مالیكی درا، بەتایبەتی لە ڕاستگۆ بڕوایی حكومەتەكەی كە پێی وابوو كۆنترۆڵی ئەمنییەتی كردووە توانیوویەتی بەسەر تیرۆردا زاڵ بێت.

ئایا مالیكی بەو هەڵوێستە توندەی كە بەرامبەر بە سوریا دەینوێنێ دەیەوێ لە ئیئتیلافی نیشتمانی بدات و هاوسۆزی ناوخۆ و ئەقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕاكێشێ؟ باوەڕناكەم ئەم هەڵوێستەی لە بەرژەوەندی ئەمەریكاش بێ، هەروا عەرەبیشی ئەوەندە بایەخیان پێنەداوە، لەوانەیە ئیجابیەتێكی تێدابێ كە ئەویش لە بەرژەوەندی سوریایە نەك لە بەرژەوەندی خۆی، سوریا دەیەوێ هاوسۆزی ئەو عەرەبانە بۆلای خۆی ڕاكێشێ كە لە ئاراستەكانی مالیكی دڵگران، بەتایبەتی سعودیە و میسر، بۆیە بۆ یەكەم جار ڕێی بەسەركردەیەكی سیاسی حەماسی وەك خالید مشعل دا كە سەردانی قاهیرە بكات بۆ ئەوەی وتووێژ لەسەر فایلی ئاشتەوایی فەلەستینیدا بكات.

كێشەی مالیكی لەوەدایە كە تا ئێستا بەڵگەیەكی ئەوەندە بەهێزی لە دەست نییە بۆ ئەوەی باوەڕ بە ئەنجوومەنی ئاسایش بێنێ بۆ پێكهێنانی ئەو دادگا نێودەوڵەتییە. پاشان چەند مەسەلەیەكی عێراق هەن كە قەوارەیان لە قەوارەی ئەو تەقینەوەدایە، ئەگەر گەورەتریش نەبن، كە ئەویش دیاردەی گەندەڵی و دزی و كوشتنە كە حكومەتی مالیكی پێیان تۆمەتبارە.

ساڵی ٢٠٠٦ مالیكی بوو بە سەرۆكی حكومەت، پاش ئەوەی كە ئەمەریكا پێی وابوو، وەك لەو قسانە بەدەردەكەوێ كە كاتێ خۆی خەلیل زاد كردبووی، مالیكی لەوانی دیكە سەربەخۆترین كەسە لە ئێران.

ساڵی ٢٠٠٩ لیستەكەی كە ناوی دەوڵەتی یاسابوو لە هەڵبژاردنەكانی پارێزگاكان سەركەوت و ئامانجەكانیش كەشفیان كرد، كە لاگیری جەماوەری حزبە ئیسلامییەكان لە پاشەكشەدایە، كاتێ ئیئتیلافی یەكگرتووش ئامادەبوون ئاراستەو سیاسەتەكانی خۆی بگۆڕێ وەك ئامادەكارییەك بۆ هەڵبژاردنە گشتییەكەی ساڵی ٢٠١٠ مالیكی مەرجی خۆی دانا، بەڵام ئەو مەرجانەی ڕەتكرانەوە.

باشە ئەگەر سوریا لە پشت ئەو تەقینەوە گەورەیەی بەغدا بووبێ، چۆن ئێران ڕێی پێدا؟

ئایا نەهاتنەوەی مالیكی بۆ ناو ئیئتیلافی نیشتمانی باڵێكی سەركردایەتی ئێرانی توڕە نەكرد؟ بۆیە لە دوا هەڵوێستدا بڕیاری دا بەو تەقینەوەیە هۆشدارییەك بداتە مالیكی تا لەمە زیاتر پێی خۆی درێژنەكات ....!!

بمانەوێ یان نەمانەوێ، ئەو تەقینەوەیەی بەغدا لە هەیبەتی مالیكیان كەم كردەوە و وایكرد دژەكانی تۆمەتی بێ توانایی بدەنە پاڵ خۆی و حكومەتەكەی، ئەو گرەوی لەسەر ئەوە دەكرد كە عەممار ئەلحەكیم هەمان بەهای ئایینی و سیاسی باوكی نییە و لەوانەیە كار بكاتە ئەوەی هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵا داوای گۆڕینی بكەن، بەڵام ئێران هەموو قورسایی خۆی بۆ پشتگیریكردن لە ئیئتیلافە نوێیەكە خستەگەڕ كە ئەنجوومەنی باڵا سەركردایەتی دەكات، بەتایبەتی لە شەخسی عەممار ئەلحەكیم، كە هەندێ نێوەند پێیان وایە بەر لەوەفاتی باوكی ئێران ئامادەیكردبوو كە جێی باوكی بگرێتەوە، ئەمەیش لە قسەكانی بەرپرسە ئێرانییەكان بەدیار كەوت، بەتایبەتی لە مورشیدی ئەعلا خامەنئی و قسەكانی بەرپرسی پاسداران، هەتا باسێك هەیە كە پەیوەندییەكانی نێوان پاسداران و مالیكی بەتایبەتی فەیلەقی قودس خراپ، كە ئەمەیش كاردەكاتە سەر پەیوەندی حزبی دەعوەو ئێران.

مالیكی ناتوانێ هاوسۆزی سەحوات بۆلای خۆی ڕاكێشێ، چونكە هەر ئەو بوو شەڕی دەكرد و هەر ئەویش بوو مەسەلەی دامەزراندنیان لە دامودەزگاكانی پۆلیسی ڕەتدەكردەوە، هەتا ساڵح ئەلموتڵەگ كە سەرۆكی بەرەی حیواری نیشتمانییە لە لێدوانێكیدا گوتبووی: ئەگەر مالیكی دەیەوێ سوننە بەشداری لە لیستی دەوڵەتی یاسا بكەن پێویستە حزبی دەعوە هەڵبوەشێنێتەوە، ئێران لە بارێكدا ئەگەر مالیكی ناوبژیوانی ئێران و توركیای ڕەتكردەوە لەوانەیە وا لە هاوپەیمانە پێشووەكانی بكات كە ئێستا لە ناو ئیئتیلافە نوێیەكەن لە دژی مالیكی یەكبگرن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حكومەتەكەی بدەن، هەتا ئەگەر بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەكەش بێ.

**مالیكی ڕۆژێك لە ڕۆژان حیسابی بۆ پێشهاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەكان نەكردبوو، كە لەوانەیە كاردانەوەیەكی توند بەسەر عێراق بەجێبهێڵێ**

**ئەگەر سوریا لە پشت ئەو تەقینەوە گەورەیەی بەغدا بووبێ، چۆن ئێران ڕێی پێدا؟**



## کاروان ئاکرەیی لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان :

# هەڵسەنگاندنی باری راگەیاندنی ئەمرۆی کوردستان ئەرکی هەموولایەکمانە و بەرپرسیاریەتی هەمووشمانە





گوڵان
ژمارە (٧٥٠)
٢٠٠٩/٩/٢٨



دەبوو ڕاگەیاندن بایەخ بەو پەیامە سیاسیەش بدات، کە هەرێمی کوردستان دەیویست بەرێگەی ڕاگەیاندن بە جیهانی بگەیەنێت و بیسەلمێنیت کە هەرێمی کوردستان فاکتەری ئاژاوە و ناسەقامگیری نیە



لە کوردستان زۆرجار کە باس لە کاری ڕاگەیاندن دەکرێت بە داخەوە وا هەست دەکەیت کارێکی دابراو بێت لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە



ئەو ئاژاوەیەی ئەمرۆش لەراگەیاندن دروستبووە، بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو دەرفەتەی کە لە خودی یاسای ڕۆژنامەگەریدا بواری پێدراوە، لەسەر حسابی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری



کاتێک لە کوردستان دەمانەوێت سوود لە ئەزمونێک وەربگرین بۆ چارەسەرکردنی گرفتێک، دەبێت لەم وڵاتانە بگەرێین کە گرفتی هاوشێوەی ئێمەیان هەبووە و چارەسەریان کردووە



میدیای ئازاد و مەدەنی دەبێت بە پەرۆشەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بکات و خۆی لە سەنگەربەندی سیاسی ناوچەگەرێتی دوور بگرێت بە بەرپرسیارێتی بەرخورد لەگەڵ کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکات



پێویستە میدیای حزبی بە خۆیدا بچێتەوە و ئەو حزبی بوونەی ساڵ بە ساڵ بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا کاڵ بێتەوە و تا ئەو ڕۆژەی خۆی لە بازاڕدا دەبینێتەوە



بە داخەوە لەم هەڵبژاردنانەی ئەم دواییەدا بزاڤی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیری پاشەکشەی کرد و زۆربەی ئەو کەسانەی لە بواری فکر و ڕۆشنبیری دا ناسراون کەوتنە لاگیری لابالێکی سیاسی و بە جۆرێک وای لێهات کە تێروانینی خەڵک بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری فکر و مەعریفەدا کاریان دەکرد هەمان تێراونینیان بێت بۆ حزب و سیاسەتمەدارێک

کاروان ئاکرەیی کەسایەتییەکی هێمن و واقیعبینە، جیا لەوەی پێشتر یەکێك بووە لە تێکۆشەرە دێرینەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان،هەمیشە خاوەنی هەڵوێستی واقیعبینی خۆی بووە و، قەت لەگەڵ ئەوەشدا نییە، مرۆ لە هەر بوارێکدا کار بکات لە پڕێ ببێ بە کوڕێ، پێی وایە مرۆ دەبێت لەسەرەخۆو بە تەدریجی پێبگات . لەم روانگەوە کاروان ئاکرەیی هەر بەتەنها خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی بواری راگەیاندن نییە، بەڵکو لە سیاسەتیشدا راوبۆچوونەکانی حیسابێکی وردی بۆ دەکرێت، چونکە پەنا بۆ میزاج و عەسەبییەتی رۆژهەڵاتی نابات، وەك زانایانی سۆسیۆلۆژی باسی لێوەدەکەن.

یەکێك لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی کاروان ئاکرەیی، ئەوەیە، لە وەڵامی پرسیاردا دانامینێ، خاوەن زەخیرەیەکی فیکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریشە،بەڵام هێمنی و تا رادەیەك خۆ بەدوورگرتنی لەناو جاڵجاڵۆکە ئاسای لەنێو بواری راگەیاندن لە لایەك و لەنێو تێکڕای دامەزراوەکانی ژیان لە لایەکی دیکەوە، وای کردووە ئەوتوانایەی هەیەتی نەتوانێ بیخاتە کارەوە،ئەمە خاڵێکی گرنگە کە پێویستە بە جیدی بیری لێبکرێتەوە، چونکە کاروان ئاکرەیی توانایەکی لەبن نەهاتووی هەیە بۆ خزمەتکردنی نیشتمان و ئەمڕۆش لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بەم جۆرە توانایانە هەیە، بەتایبەت کە دەمانەوێ وڵات بونیاد بنرێتەوەو دایبمەزرێنینەوە.

لە روانگەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، گوڵان حەزدەکات لە هەر وەرزێکدا، کاروان بخاتە ناو بابەتە هەنووکەیی و گەرموگوڕەکان، بەڵام کاروان خۆی پێیوایە، پێویست ناکات زۆر قسە بکات، ئەم تەوازوعەی کاروان وای کردووە زۆر جار مافی لە خۆی سەندۆتەوەو کەسانی دیکە بۆ خۆیان قۆستویانەتەوە، کە دەرئەنجام کارەکان بە رێگای دروستدا نەرۆیشتوون. بەهەر حاڵ ئەمجارە بڕوامان پێی هێنا لەبارەی ئەو دۆخی راگەیاندنەی کوردیی قسە بکات، کە خەریکە نەك هەر دەسەڵات و رۆشنبیران، تەنانەت شەقامی کوردیش هەراسان دەکات، هێندە ئاڵۆز بووە، خەریکە لە تەونی

جاڵجاڵۆکە دەچێ،بەتایبەت کاروان کە بەردەوام لە راگەیاندنی حزبی کاریکردووە، بەڵام راستگۆیی و هێمنی لە کارکردن و رووماڵکردنی هەواڵەکان بە پرانسیپی کاری هەر میدیایەك دەزانێت و پێی وایە میدیا حزبی بێت یان ئەهلی کاری سەرەکی ئەوەیە کە لەگەڵ بینەر یان بیسەر یان خوێنەری خۆی راستگۆبێت و بەراستگۆیانە زانیاری بگەیەنێتە هاووڵاتیان، لەهەمانکاتدا دان بەو راستیەشدا دەنێت،کە هەتا ئێستاش بەشێکی کاری میدیا جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانیەکانە و کاری میدیایە کە خەڵك بۆ ئەو ئامانجە نیشتمانیانە هانبدات و هۆشیار بکاتەوە،هەروەها ئەو پێی وایە دەبێت ساڵ لەدوای ساڵ میدیای حزبی بەرەو کاڵبوونەوە بچێت و زیاتر تێکەڵاوی ویست و خواستەکانی کۆمەڵگا بێت، هەتا دەگاتە ئەوەی بتوانێت لە بازاڕدا لەسەر پێی خۆی رابوەستێت.

بۆ هەڵسەنگاندنی باری میدیاش لە کوردستان، کاروان ئاکرەیی پێی وایە ناکرێت بە چاوێکی موجەرد میدیا هەڵبسەنگێنرێت چونکە میدیاش پەیوەندی بە تایبەتمەندی و قۆناخی مێژوویی کۆمەڵگەی خۆمانەوە هەیە و هەموو لایەکمان بەشێکی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخەمان دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێت هەموو پێکەوە هەوڵبدەین میدیا لەم تەنگژەیە رزگار بکەین، هەروەها ئاماژەش بەوەدەکات راستە یاسای رۆژنامەنووسی کوردستان یاسایەکی پێشکەتووە، بەڵام نابێت بەوجۆرەش سەیر بکرێت کە ئەمە دەقێکی پیرۆزە و دەسکاری ناکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر هەموو لایەنەکانی ئەم پرسە گرنگە، کاروان ئاکرەیی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.



**له‌ كوردستان حوكمڕانی به‌ خۆسه‌پاندن نابێت، به‌ڵكو په‌نا بۆ گرتنه‌به‌ری شێواز و ئامرازی دیموكراتی ده‌سته‌به‌ر ده‌بێت**

**ناكرێت ڕاگه‌یاندن دابڕاو بێت له‌ ئه‌ركی قۆناغی دیاریكراو، واته‌ ده‌بێت ده‌ره‌نجامی خوێندنه‌وه‌یه‌كی واقعیانه‌ی ڕه‌وشی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی بێت**

*** هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕه‌وشی میدیا له‌ كوردستان په‌یوه‌ندی به‌ سه‌رجه‌م بواره‌كانی دیكه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌وه‌ هه‌یه‌، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت هه‌ڵسه‌نگاندنێك بۆ باری میدیا له‌ كوردستان بكه‌ین، ده‌بێت بگه‌ڕێینه‌وه‌ بۆ قۆناخه‌ مێژووییه‌كه‌ی ئێستای كوردستان، پرسیاری من له‌و خاڵه‌وه‌ ده‌ست پێده‌كه‌م، ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت هه‌ڵسه‌نگاندنێك بۆ باری ئێستای میدیا له‌ كوردستان بكه‌ین، به‌ڕێزت له‌ كوێوه‌ ده‌ست پێده‌كه‌یت؟**

- بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ینه‌ بۆچوونێك و به‌رچاومان روون بێت و بتوانین ڕه‌وشی ڕاگه‌یاندنی ئێستایی كوردستان هه‌ڵبسه‌نگێنین، به‌و پێیه‌ی كه‌ ڕاگه‌یاندنیش شانبه‌شانی بواره‌كانی دیكه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ گه‌شه‌ ده‌كات و به‌ره‌و پێشه‌وه‌ ده‌چێت، پێمباشه‌ بگه‌ڕێینه‌وه‌ بۆ پێشینه‌یه‌ك و ئه‌ویش چۆنیه‌تی دروستبوون و پێكهاتنی ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌ی ئێستای هه‌رێمی كوردستانه‌.

ئه‌م حوكومرانیه‌ی ئێستای هه‌رێمی كوردستان كه‌ به‌رهه‌می ڕاپه‌رینی ١٩٩١ یه‌، له‌وانه‌یه‌ زۆر كه‌س پێش ڕاپه‌رین پێشبینی ئه‌وه‌ی كردبێت كه‌ گۆڕانكاری به‌ سه‌ر بارودۆخی عێراق و كوردستاندا دێت، به‌ڵام پێشبینیه‌كان له‌و ئاسته‌ نه‌بووینه‌، به‌وه‌ی له‌ ناكاو خه‌ڵكی كوردستان به‌ره‌و ڕووی ئه‌ركی به‌ڕێوه‌بردنی وڵات ده‌بێته‌وه‌، بۆیه‌ش بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستان ئه‌و ئاماده‌باشیه‌ی وه‌كو پێویست تێدانه‌بووه‌و بێجگه‌ له‌وه‌، كه‌شوهه‌وایه‌كی ئاساییش له‌ ئارادا نه‌بووه‌ بۆ بیناكردنی حوكمڕانی.

بۆ نموونه‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ساڵی ١٩٩٢، له‌ بارودۆخێكی نائاساییدا و وه‌ك ته‌نیا ڕێگه‌ چاره‌ له‌به‌رده‌م بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی كوردستان په‌نای بۆ بردرا، به‌ڵام وه‌ڵامێكی مێژوویی بۆ كێشه‌ی حكومڕانی له‌ وڵاتێك درایه‌وه‌،كه‌ ده‌یان ساڵ بوو سه‌رقاڵی شه‌ڕی ڕزگاری نیشتمانی بووه‌ دژ به‌ داگیركه‌ران، ئه‌م بزووتنه‌وه‌ سیاسیه‌ زۆر به‌راشكاوی و بوێرانه‌ له‌و قۆناخه‌ مێژووییه‌ دا وه‌ڵامی دایه‌وه‌، كه‌ له‌ كوردستان حوكمڕانی به‌ خۆسه‌پاندن نابێت، به‌ڵكو په‌نا بۆ گرتنه‌به‌ری شێواز و ئامرازی دیموكراتی ده‌سته‌به‌ر ده‌بێت، به‌پشتگه‌رمی شه‌رعیه‌تی خه‌ڵك ده‌بێت و ئاسۆیه‌كی باشیش له‌ به‌رده‌م ده‌ره‌خسێت كه‌ به‌ بسته‌یی ئه‌ركه‌كانی خۆی جێبه‌جێ بكات و ئه‌و كاولكاریه‌ی تووشی كوردستان بووه‌ به‌ ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ بیگۆڕێت. ئه‌مه‌ هه‌مووی له‌ كه‌شوهه‌واو و بارۆدۆخێكی نائاسایی به‌رهه‌مهاتوو و نه‌ك ده‌ره‌نجامی پرۆسه‌یه‌كی درێژخایه‌ن بووبێت و ئاماده‌یی بۆ كرابێت، چونكه‌ به‌ ئامانجی پاراستنی هه‌رێمه‌كه‌ و پڕكردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆشاییه‌ ئیدارییه‌ی كه‌ ڕژێمی دیكتاتۆری دروستی كردبوو هاته‌ كایه‌وه‌، ده‌بووایه‌ مه‌رجه‌عیه‌تێك هه‌بێت، به‌ڵام بێ ئه‌وه‌ی خه‌سڵه‌تی ده‌وڵه‌تی هه‌بێت كه‌ له‌ كه‌شوهه‌وایه‌كی ئاسایی هاتبێته‌كایه‌وه‌، به‌ڵكو ئه‌و شێوازه‌ خێرایه‌ی ئه‌م ئه‌زموونه‌ی لێ هاته‌ ئاراوه‌ زیاتر به‌ مه‌به‌ستی ڕێكخستنی ژیانی ڕۆژانه‌ی خه‌ڵك و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی به‌سه‌ر جۆری ئه‌م حكومڕانیه‌دا زاڵ بوو.

ئه‌م حكومه‌ته‌ی هه‌رێمی كوردستان رووبه‌ڕووی كۆمه‌ڵێك ئه‌ركی قورس و ستراتیژی بووه‌وه‌ كه‌ هه‌موو بواری ژیانی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردستانی ده‌گرته‌وه‌، له‌ پێش هه‌موویانه‌وه‌ نه‌هێشتنی ئاسه‌واری ده‌یان ساڵی كاولكاری و داگیركردن، له‌بواری سه‌رخانی كۆمه‌ڵگه‌ كه‌ ڕه‌نگه‌ دیكتاتۆریه‌ت كارێكی هێجگار گه‌وره‌ی له‌سه‌ر كردبێت، به‌ جۆرێك مرۆڤ بێ به‌ها كرابێت وگومانی له‌ خۆی هه‌بێت، یان بڕوای به‌خۆی نه‌بێت، هه‌موو ئه‌م ئه‌ركانه‌ رووبه‌ڕووی ئه‌م ئه‌زموونه‌ بوونه‌وه‌، كه‌ ده‌بوایه‌ چاره‌سه‌ری بۆ هه‌موو ئه‌م پرسانه‌ی پێ بێت، خه‌ڵكیش چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌ی لێده‌كرد، به‌ تایبه‌تی ئه‌وه‌ یه‌كه‌مجار بوو كوردستان حكومرانیه‌كی نیشمانی هه‌بێت، هه‌موو ئه‌و ئومێد و ئاره‌زووه‌ په‌نگخواردوانه‌ی ده‌یان ساڵ بوو له‌ ناخیاندا له‌و حكومرانیه‌ نیشتمانیه‌دا ده‌بینێته‌وه‌، واته‌ خه‌ڵك چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌ی لێده‌كرد ده‌بێت ئه‌م حكومرانیه‌ هه‌موو ئه‌و ئومێد و ئاره‌زوانه‌ جێبه‌جێ بكات،ئه‌مه‌ش واته‌ حكومرانی كوردستان كه‌وته‌ به‌رده‌م كۆمه‌ڵێك داواكاری به‌ربڵاو و قه‌به‌، به‌ڵام داواكاریه‌كانیش شه‌رعین، له‌م حاڵه‌ته‌دا ئه‌م حكومرانیه‌ نه‌یتوانی وه‌ك ده‌وڵه‌تێك له‌ ئاستی هه‌موو ئه‌و داواكاریانه‌ بێت، چونكه‌ ده‌وڵه‌ت له‌ ڕوانگه‌ی هه‌موو بیرمه‌ندانی كۆمه‌ڵناس و سیاسه‌ته‌وه‌ ده‌ره‌نجامی گه‌شه‌كردنێكی هه‌مه‌ لایه‌نه‌ی كۆمه‌ڵگایه‌،بۆ ئه‌وه‌ی وه‌ك چه‌ترێك بتوانێت به‌ڵانسێك بۆ كۆمه‌ڵگه‌ دروست بكات و هاوكێشه‌ ناوخۆیه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ به‌ره‌و به‌هێزبوونی پێگه‌ی ئه‌و كیانه‌ سیاسیه‌ ئاراسته‌ بكات، به‌ڵام ئه‌م حكومرانیه‌ی له‌ كوردستان دروست بوو، ده‌وڵه‌تێكی ناچاری بوو و ئه‌و بنه‌مایانه‌ی تێدانه‌بوو.

ئه‌گه‌ر لێره‌وه‌ بێنه‌ سه‌ر بواری ڕاگه‌یاندیش، ڕاگه‌یاندن ده‌بوایه‌ بانگه‌شه‌ بۆ ئه‌وه‌ بكات، به‌ڵێ حكومرانیه‌كی نیشتمانی له‌ كوردستان دروست بووه‌ و ئێستا خه‌ڵكی كوردستان خاوه‌نی چاره‌نووسی خۆیه‌تی و ده‌توانێت به‌رێگه‌ی ئه‌و حكومرانیه‌ ئاواته‌كانی خۆی به‌دیبهێنێت، ئاواته‌كانیش هێجگار زۆرن و ئاواتی میلله‌تێكه‌ كه‌ ده‌رفه‌تی پێشكه‌وتنی بۆ نه‌ره‌خساوه‌، هه‌ر بۆیه‌ ڕاگه‌یاندیش شانبه‌شانی هه‌موو دامودەزگاكانی دیكه‌ كه‌وته‌ خۆی بۆ ئه‌وه‌ی ڕۆڵێك بگێرێت.

ڕاگه‌یاندنی كوردستان ته‌واوكاری كاره‌ سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی و ڕۆشنبیریه‌كه‌ بووه‌، نه‌ك ئه‌و ڕاگه‌یاندنه‌ بووبێت، كه‌ به‌شێوه‌یه‌كی پرۆفیشناڵ و پیشه‌گه‌ری كاری كردبێت، واته‌ شانبه‌شانی دامه‌زراوه‌كانی دیكه‌ هه‌ڵگری نیمچه‌ په‌یامێك بووه‌ چونكه‌ له‌و بروایه‌دام ناكرێت ڕاگه‌یاندن دابڕاو بێت له‌ ئه‌ركی قۆناغی دیاریكراو، واته‌ ده‌بێت ده‌ره‌نجامی خوێندنه‌وه‌یه‌كی واقعیانه‌ی ڕه‌وشی سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تی بێت. كه‌واته‌ ئه‌گه‌ر به‌دیدێكی واقعیانه‌ سه‌یری بكه‌ین، ڕاگه‌یاندیش وه‌ك تێكرای دامه‌زراوه‌كانی دیكه‌ رووبه‌رووی كۆمه‌ڵێك ئه‌رك بووته‌وه‌،كه‌ خه‌سڵه‌تی نیشتمانی و گشتی یان هه‌یه‌. هه‌ر بۆ نموونه‌ ڕاگه‌یاندن ده‌بوو ڕوومالی پرۆژه‌كانی ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ بكات، ده‌بوو باسی نه‌داری و زوڵم و زۆرداریشی بكردایه‌،ده‌بوو باسی ئه‌و گه‌مارۆیانه‌ بكات كه‌ ده‌وڵه‌تانی ئیقلیمی خستبوویانه‌ سه‌ركوردستان هه‌روه‌ها ئه‌و ئابڵوقه‌

نێودەوڵەتیەی لەسەر هەموو عێراقیش بوو، لە هەمووشی گرنگتر دەبوو ڕاگەیاندن بایەخ بەو پەیامە سیاسیەش بدات، کە هەرێمی کوردستان دەیویست بەرێگەی ڕاگەیاندن بە جیهانی بگەیەنێت و بسەلمێنیت کە هەرێمی کوردستان فاکتەری ئاژاوە و ناسەقامگیری نیە، بەڵکو میللەتێکە لە رێگەی شەرعیەتەوە دەستەڵاتێکی پێکهێناوە و تەنها ئامانجیشی وەك نەتەوەیەکی دیکە لەم ناوچەیەدا بوونی هەیە و دەیەوێت ئەو پەیوەندیە سەرکوتکەرانەیەی بە سەریدا سەپێنراوە بە پەیوەنیکی دۆستانە و لە سەر بنەمایی بەرژوەندی هاوبەش بگۆڕێت.

بێگومان ئەم بارودۆخە درێژەی کێشا هەتا ساڵی ٢٠٠٣، لەوێ بەدواوە بارودۆخەکە گۆڕانێکی بەسەردا هات، ئەمەش بەو مانایەی ئەو ئامانجە نیشتمانی و سیاسیانەی کە هەموو خەڵکی کوردستان و دامەزراوەکانی پێوەی خەریك بوون، تارادەیەك لە دەستووری عێراقدا چەسپان، ئەم گۆڕانکاریە تەنها گۆڕانکاری نەبوو لەئاستی سیاسیی، بەڵکو گۆڕانکاریەك بوو کە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریشی گرتەوە و تەنانەت سایکۆلۆژیەتی خەڵکەکەشی گۆڕی،ئەو دڵەراوکێیەی نەهێشت و خەڵکەکە زیاتر متمانەی پەیداکرد کە ئیتر دەتوانێت لەسەر خاکی خۆی بە ئارامی بژی و پێشبکەوێت، ئەو سەروەریەی چەندین ساڵە خەباتی لە پێناودا دەکات خەریکە نزیك دەبێتەوە و بەدەست دێت، ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیانەی بەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵگە و هەموو دامەزراوەکانیشی هەبوو، لەناویاندا ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابیشی بەسەر خودی ڕاگەیاندیشدا هەبوو.

لەم قۆناغەدا ڕاگەیاندنی کوردستان بە گشتی دوو ئەرکی لە پێشە:

یەکەمیان دەبێت ئەم سەروەریە نیشتمانیە بگەینینە دوا قۆناغ و ئەوەی بەدەستهاتووە بپارێزرێت و تا ئێستاش ئەرکە نیشتمانیەکان پێویستیان بە هاندان و جۆشدان و کۆکردنەوەی خەڵکە، پێویستیان بە ئاراستەکردن و دروستکردنی ڕای گشتیە. دووەمیشیان دەبێت ڕاگەیاندن هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە سەربکاتەوە و پێ بە پێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە کە بە سەر کۆمەڵگا دا دێن پەرە بە کاری خۆی بدات و بە جۆرێك کە بە هەموو ئەم دەرهاویشتە تازانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بەهاو و بیربۆچوون و سایکۆلۆژیەتی تاکەکانیش دێتە ئاراوە، کە ویست و خواستی خەڵکیش لە ڕوویی ماددی و مەعنەوییەوە ڕوو لە زیاد بوونە و واتە ڕاگەیاندن پێویستە کرانەوەیەکی زیاتری هەبێت بە سەر کۆمەڵگەدا. لەمەشدا دەبێت ڕاگەیاندن بەرپرسانە هەڵسوکەوت بکات، چونکە زۆرجار کە باس لە کاری ڕاگەیاندن دەکرێت لە کوردستان بە داخەوە وا هەست دەکەیت کارێکی دابراو بێت لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەو هیچ حسابێك بۆ کات و شوێن ناکرێت.

بێگۆمان ئەم تێروانینە نا زانستیە بۆ ئەرکی ڕاگەیاندن مەترسی دروست دەکات بۆ هەر کۆمەڵگایەك،.ڕاستە پرانسیپی گشتی لەسەر ئاستی جیهان هەیە، کە دەبێت میدیا چۆن بێت، بەڵام من دڵنیام هەر میدیایەك لەهەر وڵاتێك و لە هەر قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراو لە ژێر کاردانەوەی تایبەتمەندیەکانی ئەم وڵاتە و ئەو قۆناخە مێژوویەدان، بۆیە لە کوردستانیش ناکرێت بەشێوەیەکی موجەرد و دوور لە دەسنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانی ئێستای ئەم قۆناخەی، باس لە میدیا بکەین، بەواتایەکی دیکە ئەوەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و زۆر جار باس وخواسێکی گەرمە و دەگاتە شەرە قسەش، لەسەر ئەوەیە ئایا ڕۆڵی ڕاگەیاندن چیە؟ من بەراشکاوی دەڵێم ئێستاش هەندێك ئەرکی نیشتمانی گشتی هەن دەبێت ڕاگەیاندن کاری بۆ بکات، لەبەر ئەوەی گرفتی سەرەکی ئێمە لە کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵ ئەوە بووە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ئێمە بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، چونکە ئەو سەروەرەیە نیشتمانیەمان نەبووە، هەتا دەرفەتی ئەوە برەخسێت و کۆمەڵگە بکەوێتە خۆی و کارەکانی خۆی بەرەو پێشەوە ببات، بۆیە ئێستا لەبەر ئەوەی ئەو سەروەریەی هەمانە بە نیوەچڵی و هەڵواسراوی ماوەتەوە و لەژێر کاریگەری ئەگەری جیاجیادایە،بۆیە دەبێت ڕاگەیاندن هەمیشە هۆشیارکردنەوەی خەڵك بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت، لەگەڵ خەڵکی خۆی ڕاستگۆ بێت و پێیان بڵێت ئێمە لە چ قۆناخێکداین، ئەرکەکانی ئەم قۆناخە چین، نەك ئەوەی دەبینین و وا نیشان دەدرێت کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرین و هەموو ئامانجەکانمان بەدەستهاتووە و هیچ گیروگرفتیکمان نییە، نابێت وێکچۆنێکی ناواقعیانە لە نێوان کوردستان و وڵاتە ئەورۆپیەکان ببنە پێوەری کارکردن. بە ڕای من ئەمە بۆ چوونێکی هەڵەیە و پەلەکردنە، ڕەنگە ئەو پەلەکردنەش ئەگەر لە ڕوویەکەوە سەیری بکەیت جۆرێك شەرعیەتی هەبێت، واتە مەبەست تێپەرکردنی دەیان ساڵی دواکەوتوویی و ژێردەستی یە، بە تایبەتی لە بواری بە دەستهێنان و دەستەبەرکردنی ئازادیەکان. چونکە بەربەست بۆ خواستی ئازادیخوازی مرۆڤ نارەوایە، بەڵام پێموانیە لە ئەزموونی هیچ وڵاتێکێدا ئازادی ڕەها هەبوو بێت و بە یاسا ڕێکنەخرابێت. واتە دوالزمی ماف و ئەرك بە یاسا ڕێکدەخرێن، کاتێکیش ئەو هاوسەنگیە لەق دەبێت ئاژاوە و پەشێوی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. ناوەرۆکی هەر یاسایەکیش بەندە بە قۆناغێکی دیاریکراو و ئەو مشتومڕەش کە لەمەر دارشتنی یاسایەك دێتە ئاراوە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ناوخۆی کۆمەڵگەیە و هەروەها لە نێوان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو کۆمەڵگاکانی دیکەیە. واتە ئەو یاسایەی کە دەشێت بۆ فەرەنسا بگونجێت، مەرج نیە هەمان یاسا بۆ کۆمەڵگەی ئێران کۆپی بکرێت، یاخۆد بۆ کۆمەڵگەی کوردستانیش ڕاست بێت. یا ئەو یاسایەی لەو قۆناغەدا بۆ کۆمەڵگەی کوردستان گونجاو بێت بێگومان بۆ قۆناغی دیکە ناگونجێت و دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت. بۆیە هیچ شتێك وەك یاسا ڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە لە قۆناخێکی دیاریکراو لە خۆ ناگرێت، واتە یاسا شتێك نیە کە دارێژرا ئیتر دەسکاری

لەبەر ئەوەی ئەو سەروەریەی هەمانە بە نیوەچڵی و هەڵواسراوی ماوەتەوە و لەژێر کاریگەری ئەگەری جیاجیادایە، بۆیە دەبێت ڕاگەیاندن هەمیشە هۆشیارکردنەوەی خەڵك بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت

نابێت وێکچۆنێکی ناواقعیانە لە نێوان کوردستان و وڵاتە ئەورۆپیەکان ببنە پێوەری کارکردن

ناکرێت و بە پیـــرۆزی دەمێنێتەوە، نەخێر یاسا لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و رۆشنبیری خودی کۆمەڵگە دەگۆڕدرێـــت، لەبەر ئـــەوە بۆ ئەمڕۆی کوردستان راست نیە وڵاتێکی پێشکەوتوو و خـــاوەن ئەزمونێکی درێژخایەنی بواری ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتی بە نموونە بهێنینەوە و بەهەمان تێروانین یاســـاکانیان بۆ هەر بوارێکی ژیانـــی خۆمان کۆپی بکەینەوە، بۆ نموونـــە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکـــی موســـڵمانە، زۆرینەی خەڵکی کوردســـتان موســـڵمانە، ئەگەر ئەوە راســـتبوایە کە چۆن لـــە وڵاتێکی پێشـــکەتووی ئەورووپا لە ئاستێکی بەرز ئازادیەکانـــی فەراهەمکـــراون دەبێت لە کورستانیش بەو شێوەیە بکەین، ئەوا دەبوو لە کوردســـتانیش باســـی ئایین نەکرێت، کەچی لە پرۆژە دەســـتووری هەرێمیشدا باســـی ئەحکامی تەشـــریعی ئیسلامی دەکرێت، واتـــە ئـــەو تایبەتمەندیەی لە دەستووردا رەچاوکراوە دەبێت لە یاساکانی دیکەشـــدا رەچاو بکرێت،بۆیە من پێموایە گرفتی گەورەی ئێمـــە ئەوەیە کە لەژێر کاریگەری هزرێکی هاوردە دەمانەوێت باز بەســـەر ئەو قۆناخە مێژوویەی کوردستان دا بدەیـــن، لەوانەیە ئاوات و مافێکی رەوا بێت، کە وەکـــو کۆمەڵگەیەکی کراوەو و ئازادیخـــواز کە بتوانێـــت لەگەڵ دنیای ئەمرۆ رێبکات، بەڵام پەلەکردن و کۆپیکردن و بـــازدان بەســـەر تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناخە هەڵەی لێدەکەوێتەوە و بەشـــێکی زۆری ئەو بێ ســـەروبەریەی ئەمڕۆ لە راگەیاندنـــی کوردســـتاندا دەیبینین، بۆ ئەم هـــۆکارە دەگەڕێتەوە. یاســـایەك بۆ بواری رۆژنامەنووســـی هەیە و زۆریش بە شـــان و باڵی هەڵدەلێـــن، بێ ئەوەی لێوردبوونەوەیەك لـــە لێکەوتووەکانی ئەم یاســـایە هەبێت، ئەو ئاژاوەیەی ئەمرۆش لەراگەیانـــدن دروســـتبووە، بەشـــێکی دەگەرێتـــەوە بۆ ئەو دەرفەتـــەی کە لە خـــودی یاســـای رۆژنامەگەریدا بواری پێدراوە، لەســـەر حسابی ســـەقامگیری کۆمەڵایەتـــی و رۆشـــنبیری، راســـتە دەبێت ئەو پەری ئازادیەکان لە یاســـاکەدا بەرجەســـتەببن هەموومـــان دەمانەوێـــت یاســـایەکمان هەبێت تا ئەوپەری ئازادی بۆ خەڵك فەراهەم بـــکات، بەڵام ئەگەر لە قۆناخێکی دیارکراو کە ئەو ئامانجەی مەبەستە بە پێچەوانە دەشکێتەوەو ئاژاوەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، دەبێت هەموو لایەك بەرپرسانە دان بەو هەڵەیەدا بنێت و چارەسەری گۆنجاوی بۆ بکرێت.

**پێموانیە لە ئەزموونی هیچ وڵاتێکیدا ئازادی رەها هەبووبێت و بە یاسا رێکنەخرابێت. واتە دوالزمی ماف و ئەرک بە یاسا رێکدەخرێن، کاتێکیش ئەو هاوسەنگیە لەق دەبێت ئاژاوەو پەشێوی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتـەوە. ناوەرۆکی هەر یاسایەکیش بەندە بە قۆناغێکی دیاریکراو و ئەو مشتومڕەش کە لەمەر دارشتنی یاسایەک دێتە ئاراوە رەنگدانەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ناوخۆی کۆمەڵگەیە**

*** زۆرجـــار ئێمـــە وەك راگەیاندنـــکار زاراوەی قۆناخی راگواســـتن بۆ ئێستای کۆمەڵگـــەی خۆمـــان بەکاردەهێنیـــن، ئەمەش بە هاوشێوەی کۆپیکردنەوەی هزر و بـــۆ چوونەکانی دیکـــە، واتە چۆن لە دەوڵەتانی ئەورپای رۆژهەڵات لە میدیای حکومیـــەوە هەنگاویـــان هەڵگرتووە بۆ میدیای ئازاد، بەڵام لەمەشدا وڵاتی ئێمە جیاوازە، ئێمە لەساڵی ١٩٩١ میدیایەکمان نەبـــووە پێی گوترابێت میدیای حکومەت یـــان میدیای دەوڵەت، ئەوەی هەمان بووە و نەمانبووە، دوو رادیۆی کۆنی شەپۆلی کورتمان هەبووە،ئەگەر راشـــکاوانەتر قسە بکەین، هـــەر بۆ نموونە ئێســـتا بەرێزت بەرێوەبەری گشـــتی کەناڵێکی ئاسمانیت لە کوردســـتان، پێشـــتر ئێمە کەناڵێکی ســـەتەلایتمان نەبووە، هەتا مـــن داوا لە کاروان ئاکرەیی بکەم،ئەم کەناڵە پێشـــتر هی دەسەڵاتێکی سەرکوتکار بووە، ئێستیا بیگوازەرەوە بۆ کەناڵێکی دیموکراتی یان سەربەخۆ،ئێمە هەموو شتێکمان لە سفرەوە دەستپێکردووە،پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی ئێمە هەوڵنادەین کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆمان چارەسەر بکەین،زیاتر حەزمان لەوەیە ئەو کێشانە چارەسەربکەین کە لەدەروە بۆ خۆمانی دروستدەکەین؟**

- بەراوردکردنی کوردســـتان لەگەڵ هەر وڵاتێکـــی دیکـــە، تەنانەت ئـــەو وڵاتە سۆسیالیستیانەی لە سیستەمێکی ناوەندی توندەوە بەرەو کرانەوە هەنگاویان هەڵگرت و ویستیان سیستەمێکی دیموکراتی پیادە بکەن هەڵەیە، ئەمە نەك تەنها بۆ کوردستان هەڵەیـــە، بەڵکو بۆ هەر وڵاتێکی دیکەی دنیـــا، ئێســـتا لە ئاکامی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیا بیروبۆچوونی وەك یەکیش لە زۆر رووەوە سەریهەڵداوە، لەوانەیە دەوڵەتە پێشـــکەتووەکان لە زۆر رووەوە لەیەکتری بچن کێشـــە و گیرو گرفتی وەك یەکیان هەبێـــت و شـــێوازی رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانیشـــیان لە یەك نزیکە و سوود لە ئەزموونی یەکتـــری وەردەگرن، ئەمە بەو واتایە نیە کە لە کوردستان دەرگاکان دابخرێن و سوود لە ئەزموونی دەوڵەتانی جیهان وەرنەگرین. کاتێك لە کوردســـتان دەمانەوێت ســـوود لە ئەزمونێك وەربگرین بۆ چارەســـەرکردنی گرفتێك، دەبێت لەم وڵاتانە بگەرێین کە گرفتی هاوشـــیوەی ئێمەیـــان هەبووە و چارەســـەریان کردووە، کوردســـتان بەپێی پێگە جوگرافیەکەی نزیکە لە ئەوروپا، نابێت ئەو راستیە لە بیر بکرێت کە کوردستان رووەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کـــراوە هەنگاو دەنێـــت و رەنگە ئەمـــە تێروانینی بەر چـــاوی زۆربەی رۆشـــنبیرانیش بێت. بێگومـــان ئەوروپا نموونەی ئـــەو کۆمەڵگەیەیە کە هاندەرە بـــۆ وولاتانی ئێمە. بـــەڵام نابێت لەوەدا هەڵە بکەین و بازدەین بەسەر قۆناغەکەدا، بەرای من تا ئێستا دەوڵەتێکی ئیسلامی لە و چەشنە فرە رەنگی و کراوە نیە تاکو وەکو نموونەیەکـــی هاندەر بێت بۆ ئەوەی بەو ئاراســـتەیەدا هەنـــگاو بنێین . ئەمە میراتێکـــی مێژوویی ســـلبی یە بۆمان ماوەتەوە کە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان لە بازنەیەکی داخراو دا دەخولێنەوەو هێشتا خۆیان لە دووڕییانێکیشدا نابیننەوە. ئەگەر ئەم روانگەیە راســـت بێت کوردستانەکەی خۆمان هەنگاوی جددی بە ئاراستەیەکی راستدا دەنێت، بەو پێیەی کە لە ئەگەری پێشـــکەوتن و کاریگـــەری تەکنۆلۆژیا بە ســـەر هەموو وڵاتانـــی دنیادا بواری بیناکردن و ئەزموونێکی تایبەتمەندی بۆ هەر وڵاتێکی نەهێشـــتووە. واتە ناکرێت لە ژێـــر پـــەردەی تایبەتمەندیـــەکان و کاریگەریەکانی ئاسۆی دوارۆژی خۆمان نەپێکین. بێگومان هەموو وڵاتانی دونیا بە تایبەتی ئەوانەی هاوشـــێوەی وڵاتی ئێمەن بـــەرەو روویی تەوژمێکی بە هێزی هەمەلایەنـــەی جیهانگیـــری بوونەتەوە و زۆربەی دیاردە و کێشـــە سیاســـی و ئابـــوری و رۆشـــنبیریەکان مۆرکێکـــی جیهانیـــان وەرگرتووە بـــە جۆرێك هەموو مرۆڤایەتی بە خۆیەوە ســـەرقاڵ کردووە. رۆڵی هەر وڵاتێك و بەشداربوونی لە روو

بەرووبوونەوی کێشـەکان بەندە بە توانای خۆیەوە، بە تایبەتی ئەم وڵاتانەی خاوەن ژێرخانێکی بە هێزن و ئەزموونێکی سیاسی و دیموکراتیانەیـان هەیە باشـتر دەتوانن بەرخورد لەگەڵ ئەم جیهانی بوونە بکەن. هەر لێرەشەوە گرنگیدان بە ژێرخانی هەمە لایەنەی کۆمەڵگەی کوردسـتان و بەرەو پێشەوەبردنی سیستەمی حوکمرانی رووەو کرانەوەیەکی زیاتر و رەخسـاندنی بواری بەشـداریەکی بەرفراوانتـری هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی دا دەرفەتی بەرجەستەبوونی نەتەوە خوازیمان و چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ دونیای ئەمرۆ باشتر دەرەخسێت.

*** ئایا بەرێزتان مەبەسـتان ئەوەیە سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگرین بۆ کورتکردنەوەی ماوە، بـۆ نموونە بڵێین بەریتانیا بە ٢٠٠ سـاڵ گەیشتۆتە ئەم پێشـکەوتنە، ئێمە سـوود وەربگرین بە ٢٠-٣٠ سـاڵ ئەو ماوەیـە ببرین، ئایا بەرێزت مەبەسـتت بەمجۆرەیە؟**

- مەبەسـت ئەوەیـە، ئایـا ژێرخانـی کۆمەڵگەی کوردسـتان چەنـد لەبارە تا بتوانیـن ئەم قۆناخبڕیـە بکەین؟ دەبێت لەمـە ورد بینـەوە، پێموایـە نابێت لە دونیا داببڕێین، بـەڵام دەبێت لەوەدا زۆر وردبیـن بین کە چـۆن دەتوانین مامەڵە لەگـەڵ دونیا بکەین، بە شـێوەیەك کە نەتوێینەوە، بۆنموونە فەرەنسا ئێستاش لە هەوڵی پاراستنی تایبەتمەندیەکانی خۆی بەرامبـەر جیهانگیـری ناکەوێت، بەڵام فەرەنسا بۆیە دەتوانێت ئەمە بکات چونکە خاوەنی ژێرخانێکـی پتەوی ئابوری و زانسـتی رۆشنبیرییە. بۆیەش دەتوانێت لە مامەڵە کردن لە گـەڵ جیهانیبـوون تارادەیەك خەسلەتەکانی خۆی بپارێزێت. بەڵام دەبێت ئەو پرسـیارە بکەین، ئایـا ئێمە تاچەند توانـای مامەڵە لەگـەڵ جیهانگیریمان هەیە، بە جۆرێك کە باڵانسـێك لە نێوان کوردسـتان و ئەو جیهانگیریە رابگرین؟ ناکرێت لە تەوژمی جیهانگیری رابکەین، ئێمە لە سەردەمێکدا سەرقاڵی کاملبوونی نیشتمانی و نەتەوەییمانین کە جیهانگیری خەریکـە هەموو سـنورەکان دەبەزێنێت، لە راسـتیدا ئەمە گرفتێکە پێویسـتی بە لێکۆڵینـەوە و کاری جدیە. لام وایە جیهانی بـوون تایبەتمەندیە زیندووەکانی میللەتان لە باوەش دەگرێت و پێی دەوڵەمەند دەبێت، بۆیەش نـاکرێت دەسـتبەرداری کاملبوونی نیشتیمانیمان ببین، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی سڕینەوەو تواندنەوەی خەسـڵەتە تایبەتمەندیەکانی گەلێك کـە رووی لە ئازادی و بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەردەمانەیە، بەتایبەتـی پێموایـە کۆمەڵگەی کوردستان چەقبەستووە، بەڵکو هۆکارێکی ئەو ململانێیە توندەی بواری رۆشـنبیری و میدیا بەرجەسـتە بوونی زیندوویتی و ئارەزووی ئازادیخوازییتی.

*** ئێمە ماوەیەکە باسـی ئـەوە دەکەین، ئێمە هەمووومـان ئاواتمان ئەوەیە بگەینە کۆمەڵگەیەکـی کراوە،بـەڵام ئومێدی گەیشـتن بە کۆمەڵگەی کـراوە هەوڵ و تێکۆشـانی دەوێت، خـۆ ناکرێت ئێمە بانگێشـەی کۆمەڵگەی کراوە بکەین و وەك کۆمەڵگەی داخراو مامەڵە بکەین،لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر باسـی راگەیاندن بکەین، دەبینین لـە کۆمەڵگەی کراوەدا راگەیاندن پێداویستی خەڵکە،کەلوپەلێکە بـازاڕ پێویسـتی پێیەتی،لەوڵاتی ئێمە گوایا ٩٠٠ بڵاوکـراوە دەردەچێت،ئایا ئەم ژمارەیە لەسـەر داواکاری خەڵك و بازار دروسـتبووە، یان شـتێکی دیکەیە، ئایا سـەرچاوەی دابینکردنـی بودجەی ئەم بڵاوکراوانە کـێ دابینی دەکات؟**

- ئەگەر بە وردی لە کۆمەڵگەی کـوردسـتان بکۆڵینـەوە دەردەکەوێت کە کوردستان



بۆ ئەمرۆی کوردستان راست نیە وڵاتێکی پێشکەوتوو و خاوەن ئەزموونێکی درێژخایەنی بواری ژیانی پەرلەمانی و دیموکراتی بە نموونە بهێنینەوە و بەهەمان تێروانین یاساکانیان بۆ هەر بوارێکی ژیانی خۆمان کۆپی بکەینەوە

**پێموانیە کۆمەڵگەی کوردستان چەقبەستووە، بەڵکو هۆکارێکی ئەو ململانێیە توندەی بواری ڕۆشنبیری و میدیا بەرجەستە بوونی زیندوویێتی و ئارەزووی ئازادیخوازییێتی**

له ژێر سایەی سیستەمێکدا تێدەپەڕێت کە لە ڕوویێکەوە تازە سەرەتاکانی سەرمایەداری بە تایبەتمەندیەکانی سەرمایەی کوردستانەوە سەرهەڵدەدات و هاوکات هێشتا کاریگەری مۆڵکیەتی پێش سەرمایەداری بە زەقی دەبینرێت، بە تایبەتی دەرهاویشتەکانی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتە هەموو دیاردەکان هێشتا دەرەنجامی پەرەسەندنێکی ئاست بەرزی ئابووری و کۆمەڵایەتی نین، بە واتایەکی دی ئەو زەمینەیە نەرەخساوە کە بەیەکجاری پشت لە مەرکەزیەت و ئاراستەکراوی بکرێت و ڕووە و دیموکراسیەتێکی سەقامگیر هەنگاوەکان بنەرێن. هێشتا هۆکاری خودی کاریگەری خۆی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەوش و جموجوڵی ڕۆشنبیری و میدیایی، دەرچوونی ئەو ژمارە زۆرەی بڵاوکراوەکان ئاماژەیەکی ئیجابی نیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی ئەگەر باس لە بڵاوکراوەی ئەهلی بکرێت، لام وایە هێشتا بازاڕی کوردستان لەئەگەری ئەو کەڵەکەبوونەی کزەی سەرمایەی نیشتمانی هێشتا زۆری ماوە دەرفەتی سەرهەلدانی میدیایی ئازاد برەخسێندرێت، هێشتاش ئەو کەڵەکە بوونە لە سەر ئاستی حکومەتە و کۆمپانیا ئەهلیەکان زۆر بە کەمی بەشدارن لە پرۆسەی بیناکردن و پێشختنی بازارەوە، بۆیەش زۆربەی ئەو بڵاکراوانە لە ژێر کاریگەری هۆکارە سیاسیەکان سەریان هەڵداوە هەر لەوێشەوە پشتگیری دەکرێن، واتە ململانێی سیاسیە کە ئاراستەی ئەو بڵاوکراوانە دیاری دەکات نەك پێوەری بەرهەم و سوودی بازار چونکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بێجگە لەوە کە میدیا کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەر چۆنیەتی حوکمرانی و تەواوی پرۆسەی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆخۆیشی بوارێکی بەرفراوانە بۆ وەبەرهێنان بۆیەش دەبینین کۆمپانیای زەبەلاح تایبەت بە میدیا هاتوونەتە مەیدان و لەوێوە سەرمایە دەخرێتە گەڕ و بە پێی پێوەری بازار کۆمپانیاکان پەرە بە کاری خۆیان دەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی میدیا و کاریگەریەکانی بە هێزتر دەبێت، تا ئەو ڕادەیە کە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکانیان کەوتوونەتە ژێر چاودێریەکی ڕاستەوخۆی ئەو میدیایە، بێگومان ئابووری ئازاد و هزر و بیری لیبرالیزم و فەلسەفەی عەقلانیەت بە درێژایی دەیان ساڵ ڕۆلی کاریگەریان هەبووە لە وەبەرهەمهێنانی گیانی پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردن، بە جۆرێك ئێستا کە ئەم پرەنسیپە بووەتە کولتوورێکی دانەبڕاو لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە، ئێمە لە کوردستان بە هۆی نەبوونی ئەو پێشینە مێژووییە لە مەڕ کولتووری یەکتر قبولکردن و گیانی لێبۆردەیی هێشتا لە قۆناغێکی سەرەتاییداین، پتر هۆکاری خودی واتە بزوتنەوەی سیاسی و ناوەندە ڕۆشنبیریەکانن کە سەرقاڵی وەبەرهەمهێنانی ئەم کولتورەن، کەچی لە وڵاتەکانی دی بووەتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە مرۆڤەکان بە دەگمەن دوور لەم نەریتە بیر بکەنەوە

*** بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە میدیا کار بۆ ئەوە ناکات بەرهەمەکەی بفرۆشرێت، بەڵکو پێشتر لایەنێك هەمووی لێکریوەتەوە، ئایا بۆ ئەمە بۆتە کولتوری میدیا لە وڵاتی ئێمە؟**

- ئەمە ڕاستە، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەم قۆناغەدا بەم جۆرەیە، واتە هێشتا پێویستی بە کۆکردنەوەی خەڵکە لە پێناو ئامانجە گشتی نیشتیمانیەکان، بۆیەش زۆربەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بەم ئاراستەیەدا کاردەکەن، کەچی لە ئەوروپا بە حوکمی جیاوازی و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانیان مرۆڤ وەها ڕادێت کە پتر گرنگی بە کەسایەتی خۆی بدات و بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرژەوندیەکانی تاکەکەسی خۆی دەکات، بێگومان لێرەدا تۆ مەبەستت خاوەنداریتی حزبە بۆ میدیا، حزب پێشوەختە هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابیندەکات، پێوەرەکەشی بازار نیە، ئەمەش واتە هێشتا زۆری ماوە ڕاگەیاندنی کوردستان بە پشت بەستن بە بازار دروست ببێت، وەکو باسمان کرد لە ئەورووپا ئەو بازارە چارەنووسی میدیا و خەسڵەتەکانی دیاریدەکات، خۆ ئەگەر ئەو میدیایە لە بازار کورتی هێناو بەردەوام زەرەری بە خاوەنەکەی گەیاند بێگومان لە کار دەکەوێت و چیتر بەردەوام نابێت، هەڵبەتە ئەوە بەو واتا میکانیکی یە نیە کە بازار بەو سادەیی و ساکاریە کاریگەری خۆی هەبێت، بەڵکو ئاستی ئاگایی گشتی و تاکەکانیش ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە برەودان بە کاری میدیایی و ڕادەی سەرکەوتنی.

*** ئەگەر هەر باسی پەیوەندی نێوان تاك و میدیا بکەین، گومانی تێدانیە ئەرکی میدیا گەیاندنی ڕاستیە بۆ تاك. ئەگەر ئەم پەیامە لەگەڵ ئەو شەڕە جنێوە بەراورد بکەین کە ئێستا لەهەندێك لایەنی میدیای کوردی دەبینرێت،پرسیار ئەوەیە، ئایا جنێو لە کوردستان بۆتە ئەو کەلوپەلەی لە بازاڕی میدیا بفرۆشرێت؟**

- هۆکاری ئەم باروودۆخە بەشێکی سەرچاوە لەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە کلاسیکیە و ناوچەگەریتی وەردەگرێت، زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ لەتبوونی دەیان ساڵەی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان کە ململانێیەکی توندی هێناوەتە ئاراوە تا بەکارهێنانی زەبرو زەنگ لە نێوان لاباڵە سیاسیەکان. ئەم بەسەرهاتە تاڵە ڕەنگدانەوەی هەبووە بە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا و کاریگەری بە سەر مێشکی هەر تاکێکی کوردیش دروستکردووە، میدیاش لەوە بەدەر نەبووە، بۆیەش پەنا بردن بۆ زمانی زبر و ناو زڕاندن و چەواشەکاری دەرهاویشتەکانی ئەم کاریگەریەن زمانێك کە بەرامبەرەکەی پێ قبول نیە و بوونی خۆی و ڕاستیی خۆی لە نەهێشتنی بەرامبەرەکەیدا دەبینێتەوە، واتە گەر بەرامبەرەکەی بسرێتەوە خۆی بەهێزە و بە پێچەوانەوە ئەمە زۆر دوورە. ئەرکی میدیا کە دەبێت بەر



لە هەموو شتێك رێز لە خوێنەر و بینەر و بیسەری خۆی بگرێت، وە پەرە بە پرۆسەی دیالۆگ و یەکتر دواندن بدات، بە داخەوە ئەم پرەنسیپە تووشی شێواندنێکی گەورە هاتووە، بۆیە هەموو لایەك بەرپرسە لە راستکردنەوەی ئەم بە لارێدا رۆیشتنە. هۆکارێکی دیکەی بە هێزی لە پشت ئەم گرژیە و یەکتر نەخوێندنەوە هەروەها پەروەردەی دەیان ساڵەی ژێر سایەی دیکتاتۆریەتو تاکڕەوییە کە شانبەشانی هۆکارە مێژووییەکانی دیکە ئەم کولتوورە لە ناو ناخی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا رەگی خۆی داکوتاوە. تا ئەو رادەیە کە بیرکردنەوەی تاکڕەوانە کاریگەری خۆی لە سەر تاکەکانیش بەجێهێشتووە، بە جۆرێك کە سنووری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا گرژە و رارایی و دوو دڵی و گومانی تێدایە. بە داخەوە بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کوردستان لە ماوەی حوکمڕانیی نیشتمانیدا نەیتوانیوە وەکو پێویست شوێن بەو کولتوورە چۆڵبکات بەڵکو خودی بزووتنەوە سیاسی و رۆشنبیریەکە لە ژێر کاریگەریەکەی قورتار نەبووە، هەر چەندە ناسنامەی سیستەمی حوکمرانیی لە کوردستان یەکلابۆتەوە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستاش خولیای تاك حزبی و تاك نەتەوەیی و رەوتێکی فکری و رۆشنبیری دیاریکراو لێرەو و لەوێ هەستپێدەکرێت، ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی زەمینەخۆشکردنی ئەوەی هۆکارە دەرەکییەکان رۆڵێکی گرنگ ببینن لە خولقاندن و زیاتر ئاڵۆزکردنی ئەم دۆخەی کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆی کردووە. واتە ئێستا هۆکارە دەرەکییەکانیش رۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە تێکدانی دۆخەکە. بێگومان چارەسەریەکەی برەودانە بە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و زیاتر کارکردنە بە ئاراستەی پێشکەوتنی ئابووری و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، تاکو ئارامی هێوری شوێنی ئەو گرژیەو راراییە بگرێتەوە، ئەوانەی خۆیان بە میدیای ئازاد ناساندووە لە رێزی پێشەوەی ئەم بەرپرسیارەتیەدان، چونکە میدیای ئازاد و مەدەنی دەبێت بە پەرۆشەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و پێکەوە ژیان و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بکات و خۆی لە سەنگەربەندی سیاسی ناوچەگەرێتی دوور بگرێت بە بەرپرسیارێتی بەرخورد لەگەڵ کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکات. چونکە لە راستیدا لە کۆمەڵگە پێشکەووتوەکاندا ئەوە میدیای ئازادە کە خەڵك پەنای بۆ دەبات و بە سەرچاوەی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی دەزانێت.

*** بۆ ئەم تەنگژەیەی ئێستا میدیا تێیکەوتووە، نموونەیەك دەهێنینەوە، ئەگەر نموونەکە لە جێی خۆیدا بێت، ئەگەر ئەم تەنگژەیەی ئێستای**

**ئەگەر باس لە بڵاوکراوەی ئەهلی بکرێت، لام وایە هێشتا بازاری کوردستان لەئەگەری ئەو کەڵەکەبوونەی کزەی سەرمایەی نیشتمانی هێشتا زۆری ماوە دەرفەتی سەرهەلدانی میدیایی ئازاد برەخسێندرێت، هێشتاش ئەو کەڵەکە بوونە لە سەر ئاستی حکوومەتە و کۆمپانیا ئەهلیەکان زۆر بە کەمی بەشدارن لە پرۆسەی بیناکردن و پێشخستنی بازارەوە، بۆیەش زۆربەی ئەو بڵاکراوانە لە ژێر کاریگەری هۆکارە سیاسیەکان سەریان هەڵداوە هەر لەوێشەوە پشتگیری دەکرێن**





**میدیا بە تەنگژەی چەند ساڵی پێشووی تەنگژەی ترافیک لە کوردستان بچوێنین، بێگومان تەنگژەیەکی گەورە بوو،هەوڵدرا بە دروستکردنی شەقامی تازە و پرد و تونیل و هێنانی ئۆتۆمبیلی نوێ، مۆڵەتی شۆفێری رێکخرا، بەمانە تارادەیەکی زۆر ئەو تەنگژەیە کەمبێتەوە،ئەگەر تەنگژەی ئێستای میدیاش وادابنێین بەشێکی دەکەوێتە سەر رۆژنامەنووس، بەشێکی دەکەوێتە سەر حزبەکان بەشێکی دەکەوێتە سەر حکومەت،ئایا چۆن هەموو لایەک پێکەوە شانی بەینە بەر و ئەم گرفتە چارەسەر بکەین؟**

- من ئەوە بەراست دەزانم، دەبێت ئەم بارودۆخە تاوتوێ بکرێت و بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین، دۆزینەوەی چارەسەریەکەش دەکەوێتە ئەستۆی هەموو ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە، پێشتر لاوێکی کورد دەرفەتی ئەوەی نەبووە لە بواری میدیا بخوێنێت، هەڵگری پسپۆریەکی ئەکادیمی بێت لەم بوارەدا و ئەمڕۆ لە کارەکەیدا رەنگبداتەوە، بەداخەوە لەماوەی حکومڕانی نیشتمانیشدا نەتوانرا وەکو پێویست کار بۆ ئەم بوارە بکرێت، واتە رۆژنامەنووسی ئەکادیمی پرۆفیشناڵ لێوەشاوە بێتە ئەو مەیدانە، یان ئەگەر هەشبێت لاوازە،لایەنێکی دیکە ئەوەیە هەموو بوارەکانی ژیان هێشتا لە ژێر کاریگەری شەڕی ناوخۆییدان، سەرەڕای هەوڵی بەردەوام هێشتا لە ئاسەوارەکانی رزگاریان

نەبووە. ڕاگەیاندنی حزبی کە بۆ ئەمڕۆش بە پێویستیەك دەزانرێت بێ بەری نیە لەو بەرپرسیارێتیە، ئەگەر لەم ڕاگەیاندنە بایەخێکی زیاتر بە مەسەلە نیشتمانیەکان دەدرێت ئەمە بەو واتایە نیە کە میدیای دیکە خۆی لەم ئەرکە نیشتمانیە بدزێتەوە، بە پێچەوانەشەوە میدیای حزبی لە جێگەی خۆی نەچەقیوە و بۆ نموونە ئێستا وەکو پێش دە ساڵ نیە و ئێستا گۆڕانێکی زۆر بە سەر ئەرکەکانی دا هاتووە، میدیای حزبی دەبێت زیاتر توانای خۆی بۆ خودی کۆمەڵگە و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان بکات، دەبێت زیاتر بە دوای ویست و خواستی خەڵکدا بگەڕێت، لەو ڕووە میدیایی حزبی کەموکوریەکی بەرچاوی هەیە و لە ژێر پەردەی زمانحالی خۆی لەو بوارە پڕ حەساس و ئاڵۆزە دەدزێتەوە، کەچی ئەوەی ڕاستە دەبێت بە هەموو ئەو بوارانە ڕا بگات کە لای کۆمەڵگا جێگای بایەخن، حزبی بوونی میدیا ئەوە ناگەیەنێت کە چاوپۆشی لە دیاردە سلبیەکان بکات و لە وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و دانی زانیاری کەمتەرخەم بێت، بۆیە لام وایە پێویستە میدیای حزبی بە خۆیدا بچێتەوە و ئەو حزبی بوونەی ساڵ بە ساڵ بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا کاڵ بێتەوە و تا ئەو ڕۆژەی خۆی لە بازاڕدا دەبینێتەوە.

*** تۆ زۆر باسی سەروەری یاسات کرد بۆ پاراستنی ئازادیەکان، وەك ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەم هەنگاوێکی جدی هەڵگرت بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا،بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەبێت حکومەت پرۆژەیەکیشی بۆ پشگیری میدیا هەبێت،ئایا حکومەت لەم بوارەدا چ ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ؟**

- باسی دەسەڵاتی دادوەریت کرد، ئەمە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی حکومەت بۆ ئەوەی زەمینە برەخسێنێت یاسا ڕۆڵی خۆی بگێرێت، یاسا بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا سەروەر بێت، لە ناویاندا میدیاش، لە بەرامبەر ئەو پێشلکاریانەی ڕۆژانە لە میدیاکانی کوردستان دەبینترێن، دەبێت یاسا بە ڕۆڵی خۆی هەڵسێت و ئەو پێشێلکاریانە ڕابگرێت. ئەگەر شتێك زیانی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبێت ئەوا کاری داواکاری گشتیە کە خۆی لێ بە خاوەن بکات و ئەو مەترسیە ڕابگرێت، بەو پێیەی کە ئەمە لە مەسەلەی حزبایەتی و ناوچەگەرێتی دەرچووە و مەترسی هەیە لە بەرژەوەندی باڵای نیشتمان. ئەگەر ئێمەو مانان بە خولیای ئازادی ڕەها کەوتوینە ئەو بوارە، ئەوە کاری داواکاری گشتیە کە پێمان بڵێت ئێوە لە یەك و دوو سێ و چوار سەرپێچی یاساییتان کردووە دەبێت ڕاستبکرێنەوە و سزای یاسایی بدرێین. خاڵێکی دیکە کە من پێشتریش لە بۆنەیەکی دیکە ئاماژەم پێکردووە،ئەم قۆناخەی ئێستای کوردستان وا دەخوازێت کە حکومەت دەستی هاریکاری بۆ زۆر لە بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان درێژ بکات، هەتا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و میدیاش، لەبەرئەوەی لەم قۆناخەدا سەرمایەی نیشتمانی نەشونمای نەکردووە، ئەو کەڵکە بوونە پێویستیەی بە خۆوە نەبینوە، تا بتوانێت کارەکانی خۆی هەڵسوڕێنێت، بۆیە کارێکی زۆر ئاساییە حکومەت دەستی بگرێت. بۆ میدیاش حکومەت دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێرێت، پێموایە ئێستاش لە ئەوروپا ئەمجۆرە دەستگرتنەی حکومەت بۆ میدیا هەیە، هەتا بۆ میدیای حزبیش، بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئەم لەسەر پێ وەستانەش بۆ ئەوەیە وردە وردە بنەمای مانەوەی خۆی بونیاد بنێت، تا وای لێدێت پێویستی بە هاریکاری حکومەت نامێنێت، حکومەتیکیش کە دەیەوێت دیموکراسی پیادە بکات دەبێت ئەمە ئامانجی بێت، لە ئێستای کوردستانیش کاری لەمجۆرە زۆر کراوە، بەلام ڕێکخراو نیە، زۆرجار تاکەکەسیە و میزاج بڕیار دەدات کە پشتگیری ئەم میدیایە بکرێت و پشتگیری ئەو نەکرێت، یان لە چۆنیەتی ئەو هاریکاری کردنەکە. ئێستاش دەبێت حکومەت لەبواری میدیا ڕۆڵی خۆی هەبێت و دەستی میدیاکان بگرێت.

لەم بۆنەیەدا حەزدەکەم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ئەویش ڕۆڵی ڕۆشنبیرانە، کە مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێت، ئایا ڕۆشنبیر کێیە؟ مەرجە ڕۆشنبیر لە دەرەوەی حزب بێت؟ ئەگەر لە حزبێکدا کاربکات ئەوە ڕۆشنبیر نیە؟ ئایا ئەرکی ڕۆشنبیر چییە؟ مەرجە بۆ سەلماندنی ڕۆشنبیریی خۆی سەنگەر لە دەسەڵات بگرێت؟ یان دەبێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەسەڵات؟ ئەوەی هاوکار بێت لەگەڵ دەسەڵات خەسڵەتی ڕۆشنبیری لە دەستدەدات؟ ئایا ئەرکی ئەوەیە دژی دیاردەی حزبایەتی کار بکات و بانگشە بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ دامەزراوەیی حزبی بکات؟ یان ڕاستر ئەوەیە ڕۆشنبیر هەڵسەنگاندنی خۆی هەبێت بۆ چۆنیەتی ئەو حزبایەتیەی کە هەیە؟ ڕۆشنبیری نا حزبی دەکرێت دیدی سیاسی نەبێت؟ ئەگەر هەیبوو سەنگەر بەندی سیاسیی بۆ ڕۆشنبیرێك ڕاستە؟ لەو حاڵەتەدا ئەی ئەرکی ڕێنمایی کردن و بەرچاوی ڕوونی کۆمەڵگا بۆ کێ بە جێ دێڵێت؟ پرۆسەی ڕەخنە چی بە سەر دێت؟ بە داخەوە لەم هەڵبژاردنانەی ئەم دواییەدا بزاڤی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیری پاشەکشەی کرد و زۆربەی ئەو کەسانەی لە بواری فکر و ڕۆشنبیری دا ناسراون کەوتنە لاگیری لاباڵێکی سیاسی و بە جۆرێك وای لێهات کە تێڕوانینی خەڵك بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری فکر و مەعریفەدا کاریان دەکرد هەمان تێڕاوانینیان بێت بۆ حزب و سیاسەتمەدارێك. ئەمە دیاردەیەکی ترسناکە و پێموانیە کە ڕۆشنبیر نابێت بۆچۆنێکی سیاسی هەبێت، بەلام سەنگەر بەندی بۆ ڕۆشنبیرێك واتە چۆڵکردنی مەیدانی ڕۆشنبیری و زیان گەیاندن بەو ڕۆڵە مێژوویەی کە ڕۆشنبیر لە ناو هەر کۆمەڵگەیێکی زیندوودا دیگێرێت. ئەگەر چی هەموو حزب و لاباڵە سیاسیەکان لایەنگیری ڕۆشنبیریانیان پێ گرنگە، بەڵام ئەرکە کۆمەڵایەتی و مەعریفیەکەی ڕۆشنبیران لە پێشترە.

میدیای حزبی دەبێت زیاتر توانای خۆی بۆ خودی کۆمەڵگە و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان بکات، لەو ڕووە میدیایی حزبی کەموکوریەکی بەرچاوی هەیە و لە ژێر پەردەی زمانحالی خۆی لەو بوارە پڕ حەساس و ئاڵۆزە دەدزێتەوە، کەچی ئەوەی ڕاستە دەبێت بە هەموو ئەو بوارانە ڕا بگات کە لای کۆمەڵگا جێگای بایەخن

# کاتی ئەوە هاتووە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بـ

# ئەرکی ئەم قۆناخە لە بێژنگدانـ



## ـــەجیددی وەڵامی پرسیارەکەی سەرۆکی کوردستان بداتەوە

# ـــی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە





دەسکەوتنی زانیاری پیشاندانی ماسولکەی هێز و
هەڕەشەکردنی کابۆیانە نییە بەوەی حکومەت دەڕوخێنم،
دەسکەوتنی زانیاری بۆ بەهێزکردنی حکومەت و چەسپاندنی
زیاتری دیموکراتییە



پۆلیزەر داوای نەکرد یاسایەک دەربچێت سانسۆر بخاتە
سەر کاری رۆژنامەنووسی، بەڵکو بناخەی ئەوەی دارشت
کاری رۆژنامەنووسی لە نەزانەکان بسەنرێتەوە و بە زاناکان
بسپێرێت



ئەمە چ ئازادییەکە لە کوردستان رۆژنامەنووس هەیە
خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەریشە، کەچی بروانامەی ٣ی
ناوەندی هەیە، یان تەمەنی رۆژنامەنووسی لە پەنجەی
دەستێک تێناپەڕێت باشە چۆن دەبێت وەزارەتی تەندروستی
یان سەندیکای پزیشکان مۆڵەت بەکەسێک بدات دەرچووی
٣ی ناوەندی بێت و عیادەیەک بکاتەوە یان لەگەڵ رۆژی
دەرچوونی عیادەیەکی تایبەتی بکاتەوە ؟





**پێویستە جارێکی دیکە ناسنامەی ڕۆژنامەنووس پێناسە بکرێتەوە**

**با مەرج بۆ سەرنووسەرەکان ئەوەبێت ئەگەر دەرچووی کۆلێژ نەبێت و تەمەنی کارکردنی ڕۆژنامەنووسیشی لانی کەم لە (١٥) ساڵ کەمتر بێت نەکرێتە سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینیش پێویستە (١٢) ساڵ خزمەتی لەو بوارەوە هەبێت**



**زۆرجار میدیای ئازاد چارەنووسی گەشتەکەی کۆلۆمبسی دەبێت**

**کاتی ئەوە هاتووە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەجیددی وەڵامی پرسیارەکەی سەرۆکی کوردستان مسعود بارزانی بداتەوە کە لەنەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی پرسی ئایا پێوەری ئێوە بۆ ڕۆژنامەنووس چیە و ڕۆژنامەنووس کێیە؟**






***بەبێ رۆژنامەگەری ئازادو بوێر، حکومەتی دیموکراتی گیانی تێدا نییە، بەڵام کاتێك رۆژنامەگەری بەئاراستەی گومان خستنەسەر بەهاکانی مرۆڤ و کاسەلێسی و ئاژاوەگێڕی کاربکات، گەلێکی خراپی وەك خۆی بەرهەمدەهێنێت، بۆیە دارشتنەوەی ئایندەی ئەمەریکا لەدەستی نەوەی داهاتووی رۆژنامەنووساندایە))***

***جۆزیف پۆلیتزەر ١٩٠٤***

***

لەوانەیە بۆ رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵ ئەوە پێویست نەبێت جۆزیف پۆلیتزەریان پێ بناسێنین، بەڵام مەرج نییە ئەم راپۆرتەی ئێمە تەنها بۆ رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵ بێت، بۆیە ناساندنی پۆلیتزر دەکەینە دەروازەیەك بۆ ئەم باسە.

پۆلیتزر کە ئێستا نازناوی گەورەترین خەڵاتی رۆژنامەنووسییە لەئەمەریکا ریزگرتنە لەو رۆژنامەنووسەی ئەمەریکا، کە خاوەنی رۆژنامەی نیویۆرك ۆرلد بووەو لەساڵی ١٨٩٢ پێشنیارێکی خستە بەردەم زانکۆی کۆلۆمبیا بەوەی ئامادەیە پارەی پێویست تەرخان بکات بۆ ئەوەی کۆلێژی رۆژنامەگەریی لە زانکۆ بکەنەوە، بەڵام ئەنجوومەنی زانکۆی کۆلۆمبیا ئەم پێشنیارەی پۆلیتزەری رەتکردەوە، بیانووی رەتکردنەوەکەشیان ئەوەبوو، رۆژنامەگەریی خوێندنی زانکۆی بۆ چییە، هونەری رۆژنامەگەریی چییە هەتا لەزانکۆ بخوێنرێت، بەڵام پۆلیتزر وازی لەم بیرۆکەی خۆی نەهێناو لەساڵی ١٩٠٤ لە گۆڤاری نۆرس ئەمەریکا ریڤیو وتارێکی بەناونیشانی (کۆلێژی رۆژنامەگەریی ) بڵاوکردەوە، لەم وتارەدا بایەخ و گرنگی فێربوونی هونەری رۆژنامەگەری بۆ نەوەکانی ئاییندە روونکردبۆوە، لەمەش زیاتر زۆر راشکاوانە نووسیبووی (کۆمارەکەمان ) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ) و رۆژنامەگەریمان یان پێکەوە زیندوو دەبن یان پێکەوە لەناودەچن)، لێرەدا پۆلیتز راشکاوانە ئەوەی خستەڕوو کە رۆژنامەگەری دوو ئاراستەی جیاواز وەردەگرێت:

یەکەمیان: یان ئەوەتا رۆژنامەگەری دەبێتە ئەو دەسەڵاتەی ئایندەی ئەمەریکا سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە.

دووەم: یان ئەوەتا رۆژنامەگەری خراپ دەبێتە هۆکاری بەرهەمهێنانی گەلێکی خراپ و ئاییندەی تاریك دەکات.

پرۆفیسۆر کارۆل جاکۆبیزیش (Karol Jakubowicz) لە دیراسەتێکیدا بە ناونیشانی (تێڕوانینێك بۆ بەرەوپێشچوونەکانی میدیا لە دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست - Post-Communist (Media Development in Perspective بەنموونەیەکی راشکاوانەتر ئەم دوو ئاراستەیەی میدیا دیاریدەکات و دەڵێت: (زۆر جار کەباسی بەرەو پێشەوە چوونەکانی میدیا لە دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست دەکەین، خۆمان وەك گەشتە ئەفسانەییەکەی کۆلۆمبس دێتە بەرچاو، کۆلۆمبس بەرنامەی گەشتێکی ئەفسانەیی دارشتبوو کە رێڕەوێکی باشتر و نزیکتر بۆ هیندستان بدۆزێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتە شوێنێکی دیکە(مەبەستی کیشوەری ئێستای ئەمەریکایە) کە هیچ پەیوەندی بە بەرنامەی گەشتە ئەفسانەیەکەوە نەبوو)، جاکۆبیز لەبەر رۆشنایی ئەزموونی ١٦ ساڵ (١٩٨٩-٢٠٠٥ ) لەهەندێك وردەکاری گرنگ ئاگادارمان دەکاتەوەو پێمان دەڵێت، ئەو پێشکەوتنەی لە بواری میدیا و بڕینی قۆناخی ئینتقالی لەهەریەك لەوڵاتانی (کۆماری چیك و سلۆڤینیا و پۆڵەندا و لاتیڤا و لیتوانیا و ئیستونیا) بەدیهاتوون و لە وڵاتەکانی دیکەی ناوەراست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا بەو ئاستە بەدینەهاتوون، پەیوەندی بەوەوە نییە لەم ٧ وڵاتە دامەزراوەکانی دیموکراتی و میدیای ئازاد بونیادنراون و لە وڵاتەکانی دیکە هەنگاوی بۆ هەڵنەگیراوە، نەخێر جاکۆبیز خاڵێکی گرنگتر دەستنیشان دەکات ئەویش (بونیادی کولتووره- Culture-Building)، واتە دەبێت لە کۆمەڵگەدا کولتورێك بونیاد بنرێت و بوونی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکات، کلتورێك هەبێت بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ میدیای ئازاد دەکات و چۆن میدیای ئازاد دەکاتە فاکتەرێك بۆ تۆمارکردنی پێشکەوتن و سەرکەتنەکانی قۆناخی ئینتیقالی و بونیادی دیموکراتی، کەواتە میدیای ئازاد ئاستی سەرکەوتنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی تۆمار دەکات، بەدیدی جاکۆبیز ئێستا میدیای ئازاد لە دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست بەمجۆرە پێناسە دەکرێت: (میدیای ئازاد ئۆکسجینی دیموکراتییە، گازی پێکەنین هێنی زانیارییەکان (چۆن گازی فرمێسك رێژ هەیە کە بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بە کاردێت، جاکۆبیز میدیا بەگازی پێکەنین هێن دەچووێنێت) و بازرگانییەکی قۆرخکراویشە (Press freedom provides both the oxygen of democracy and the laughing gas of infotainment and commercial exploitation). لێرەدا ئەگەر بە وردی لەسەر ئەم پێناسەیە هەڵوەستە بکەین و تەنها چەند وشەیەك لەو پێناسەیە دانەبڕین و بڵێین (میدیای ئازاد ئۆکسجینی دیموکراتییە) ئەوا دەبێت بزانین چۆن ئەو ئۆکسجینە بەکار دەهێنین و دەبێت بزانین رێژەی ئۆکسجینەکە پێویستە چەند بێت، ئەمە بە شێوەیەکی فیزیکیش راستە، لەبەرئەوەی رێژەی ئۆکسجین لە هەواشدا ٪١٠٠ نییە، ئەگەر لە ٪١٠٠

**پۆلیتزەر وتارێکی بەناونیشانی (کۆلێژی رۆژنامەگەریی) بڵاوکردەوە نووسیبووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) و رۆژنامەگەریمان یان پێکەوە زیندوو دەبن یان پێکەوە لەناودەچن**

بوو لەبری ئەوەی ژیان بەردەوام بێت هەموو شتێك دەستوێت،کەواتە میدیای ئازادیش کاتێك دەبێتە ئۆکسجینی دیموکراتی کە بزانین چۆن ڕێژەو ئاستی ئەو ئۆکسجینە دیاری دەکەین، واتە میدیای ئازاد پەیوەستە بەچەند مەرجێکەوە بۆ ئەوەی ئۆکسجینێکی بەسوود بێت بۆ دیموکراتی:

١- دەبێت میدیای ئازاد لە ژێر چەتری سەروەری یاسا کاربکات و ئامانجی پاراستنی سەروەری یاسا بێت.

٢- ئەو ڕۆژنامەنووسەی لەمیدیای ئازاد کاردەکات دەبێت پیشەگەر بێت (واتەپرۆ فیشنال بێت)، پابەند بێت بەئیتیکی ڕۆژنامەگەری پرۆ فیشناڵەوە، ئەمەش واتە دەبێت بزانێت ڕۆژنامەنووسی ئازاد چاودێرە نەك کادیری حزب، دەبێت بزانێت ڕۆژنامەنووسی ئازاد تەنها دۆستی ئازادی و زانیاری ڕاستە، ڕۆژنامەنووسی ئازاد لەسەر ڕاستگۆیی هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکەی خۆی دروست دەکات و لە بازاڕدا دەیفرۆشێت، پێشتر بەلایەنێکی سیاسیی نایفرۆشێتەوە.

٣- میدیای ئازاد چۆن چاودێری دەسەڵاتەکان دەکات، ڕایەڵی هاوسەنگیشە لە نێوان دەسەڵاتەکان، چۆن کەموکورتییەکان دەبینێت بەهەمان شێوە لایەنە ئیجابییەکانیش دەبینێت، ڕۆژنامەنووسی ئازاد لەنێوان دوو خراپدا یەکێکیان هەڵنابژێرێت، بەڵکو ڕووی خراپی هەردوو لایەنەکە پیشاندەدات.

٤- ڕۆژنامەنووسی پیشەگەر لە هونەری ڕۆژنامەگەری (وێنەگرتن، ڕوماڵکردنی هەواڵ، وەرگرتنی زانیاری، چۆنییەتی دارشتنی هەواڵ..هتد) شارەزایە، لەوە ئاگاداری کارەکەی ئەو بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتییە، خۆی بەرژەوەندی گشتی پێناسە دەکات و بەرژەوەندی گشتی ناکات بە قوربانی هەواڵێکی وروژێنەر، لە کوێدا بەرژەوەندی گشتی کەوتە مەترسییەوە، پێش هەموو کەس ڕۆژنامەنووسی ئازاد و پیشەگەر بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی دەکات، کەواتە ڕۆژنامەنووسی ئازاد بێجگە لە پسپۆری لە پیشەکەی خۆی خاوەنی ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیرییە و ئاگاداری مێژوو و کولتووری نەتەوەو وڵاتی خۆیەتی و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەسەر نەتەوەو گەلانی دیکە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، پێشتر خۆیان بە مێژوو و کولتووری ئەو نەتەوەیە ئاشنا دەکەن، هەر بۆنموونە دەیان ڕۆژنامەنووسی جیهانی هەن لەسەر میللەتی ئێمە کاریان کردووە وەك(دیڤید ئادەمسن، فرانسۆ زاقی لۆقا، کریس کۆچێرا، جۆناسان ڕاندل) و دەیانی دیکە هەموویان کتێبیان لەسەر کوردستان نووسیوە و بە وێنەکانیان گەلەریان کردۆتەوە، کاتێك کتێبەکانیان دەخوێنینەوە هەست دەکەیت ڕۆشنبیرێکی کورد نووسیویەتی، ئایا کێ وەك جۆناسان ڕاندڵ قۆناخی مێژوویی کوردی لە دوای ساڵی ١٩٩١ پیشانی جیهاندا؟ ئایا کێ وەکو دەیڤید ئادەمسن دەسپێکی شەڕی خۆبەخۆی کوردی لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تۆمار کردووە؟ کێ وەکو فرانسۆ زاقی لۆقا بە وێنەی فوتۆگراف و سینەمایی شۆڕشی ئەیلولی مەزنی پیشانی جیهاندا؟ ئایا کێ وەك کریس کۆچێرا هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی پیشانی جیهانداوە، تەنها وێبسایتەی کۆچێرا بە هەردوو زمانی فەرنسی و ئینگلیزی یەکێکە لەو دیکۆمێنتانەی کە بەردەوام ڕووی گەشی مێژووی کوردی لەبەردەم جیهاندا بە کراوەیی هێشتۆتەوە؟ با لە خۆمان بپرسین، ئایا هەریەك لەم ڕۆژنامەنووسانە ئەگەر بەرهەمەکانی خۆیانیان بە یەکێك لە حکومەتی ئەو دەوڵەتانە بفرۆشتایەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، چەند پارەیان پێدەدرا؟ ئەمەیە فێرمان دەکات ڕۆژنامەنووسیی قۆرخکردنی بازرگانی نییە، ڕاستە بازرگانی یە بەڵام قۆرخکردن نییە، ڕاستە هەوێنی کاری ڕۆژنامەگەری دەسکەوتنی زانیارییە، بەڵام زانیاری گازی پێکەنین نییە، دەسکەوتنی زانیاری بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتی و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە، دەسکەوتنی




**گۆڤارەکەمان و ڕۆژنامەگەریمان پێکەوە سەردەکەون و پێکەوە شکست دێنن**

زانیاری پیشاندانی ماسولکەی هێز و هەڕەشەکردنی کابۆیانە نییە بەوەی حکومەت دەڕوخێنم، دەسکەوتنی زانیاری بۆ بەهێزکردنی حکومەت و چەسپاندنی زیاتری دیموکراتییە.

ئەم ڕۆشنبیرییە کە بۆ قۆناخی ئینتقالی پێی دەگوترێت (بونیادی ڕۆشنبیری بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی دیموکراتی)، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە بوونی نییە، زۆر لە پسپۆڕانی سیاسەت و بونیادی دیموکراتی لەسەر (بونیادی ئەم کلتورە یان ئەم ڕۆشنبیرییە) ڕای جیاوازیان هەیە، هەر بۆ نموونە:

● هەندێك لەپسپۆڕانی سیاسیی پێیانوایە ئەگەر دامەزراوەکانی میدیا بە هاوشێوەی دامەزراوەکانی میدیا لە ڕۆژئاوا بونیادنران و خرایە بازاڕەوە ئیدی هەمان کاری میدیای ڕۆژئاوا دەکات، بەڵام واقیع پێمان دەڵێت ڕاستە ئەم هەنگاوەی بەو ئاراستەیە هەڵێدەگرین لەسەرەتادا وەك بەرنامەی گەشتەکەی کۆلومبس دەمانەوێت بمانگەیەنێتە هیندستان، بەڵام بەداخەوە دەمانگەیەنێتە شوێنێکی دیکە کە پەیوەندی بەو ئامانجەوە نامێنێت نەخشەمان بۆ کێشاوە، ئەمەیە لە هەندێك وڵات شێوازێك سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام لە هەندێك وڵاتی دیکە شکست دەهێنێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری مێژووی هەوڵەکانی ئەمەریکا بکەین بۆ هاریکاری دەوڵەتانی

**، ئەو پێشکەوتنەی لە بواری میدیا و برینی قۆناخی ئینتقالی لەهەریەک لەوڵاتانی (کۆماری چیک و سلۆڤینیا و پۆڵەندا و لاتیڤا و لیتوانیا و ئیستونیا) بەدیهاتوون و لە وڵاتەکانی دیکەی ناوەراست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەو ئاستە بەدینەهاتوون**




جیهان لەدوای شەڕ، دەبینن بەڕێژەی ٣-٥٪ سەرکەتوو بووە، ئەمەریکا لە بونیادنانەوەی ژاپۆن و ئەڵمانیا،ئیتاڵیا سەرکەتوو بوو، بەڵام لە عێراق و ئەفغانستان و سۆماڵ نەک هەر سەرکەتوو نەبوو بەڵکو ئەوە هەموو جیهان دەیبینێت هەموو هەوڵەکانیشی بەباچووە، هۆکاری ئەمە ئەوەیە لە ژاپۆن و ئەڵمانیا کولتورێک بوونی هەیە، کە بتوانێت لەگەڵ ئەو دامەزراوانە مامەڵە بکەن کە بونیاد دەنرێنەوە، بەڵام لە عێراق و ئەفغانستان و سۆماڵ ئەو کولتورە بوونی نییە، لە هەرێمی کوردستان ئەو کولتورە هەشبێت زۆر لاوازە.

**دەبێت لە کۆمەڵگەدا کولتورێک بونیاد بنرێت و بوونی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکات، کلتورێک هەبێت بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ میدیای ئازاد دەکات و چۆن میدیای ئازاد دەکاتە فاکتەرێک بۆ تۆمارکردنی پێشکەوتن و سەرکەتنەکانی قۆناخی ئینتیقالی و بونیادی دیموکراتی**

• هەندێکی دیکە پێیان وایە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوەکان و خستنەگەڕی دامەزراوەکان ئەو کولتوورەش دروستدەبێت، بەڵام زۆر ئەزموون دەریخستووە کە(دەستەبژێری سیاسیی، چالاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پیاوانی کاری خاوەن پرۆژەی تایبەت، کەناڵەکانی میدیا)، لەو وڵاتانەی کە کولتووری مامەڵەکردنیان لەگەڵ دامەزراوەکان لاوازە، بەشێوەیەکی هەلپەرستانە هاوکێشەکە پێچەوانە دەکەنەوە، هەر بۆنموونە لە هەنگاو هەڵگرتن بۆ گواستنەوەی ئابووری لە مۆنۆپۆلی دەوڵەتەوە بۆ ئابووری بازاڕ، دەبینین دەستەبژێری سیاسیی هەلپەرست، میدیای نەشارەزا، پیاوانی کاری هەلپەرست، کاملنەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبنە هۆکاری ئەوەی ئەم گواستنەوەیە روونەدات، راستە ئابووری لە مۆنۆپۆلی دەوڵەت رزگار دەکرێت، بەڵام ناگاتە کۆنترۆڵی بازاڕ و بەلایەکی دیکەیدا دەبەن و دەیکەنە مۆنۆپۆلی تاکەکەس یان مۆنۆپۆلی حزبێک. لەم حاڵەتەدا باشترە ئابووری لە ژێر مۆنۆپۆلی دەوڵەتدا بێت نەک مۆنۆپۆلی تاکەکەسێک یان مۆنۆپۆلی حزبێک، بۆیە ئەو سەرچاوانەی دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی ئەو کولتوورە لە کۆمەڵگا بریتین لە(دەستەبژێری سیاسیی، چالاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رۆژنامەنووسان،پیاوانی کار، رۆشنبیران) ئەگەر ئەمانەبوونە سەرچاوەی زانیاری نادروست ئەوا هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئامانجەمان نابەن کە نەخشەمان بۆ کێشاوە، ئەمەیە جیاوازی نێوان سلۆڤینیا و کازاخستان، نێوان روسیا و پۆڵەندا،لە سلۆڤینیا و پۆڵەندا ئەو سەرچاوانەی دەبنە سەرچاوە بۆ ئەو کلتورە زانیاری راست دەدەن بە هاووڵاتیانی خۆیان، بەڵام لە روسیا و کازاخستان ئەو سەرچاوانە ئینتهازین و دەیانەوێت خەڵکەکە بکەنە سووتەمەنی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، شتێکی شاراوە نالێین ئەگەر ئاماژە بەوە بکەین، کە ئێستا هاوڵاتییەك متمانەی بەمیدیای ئازادەکانی ناو رووسیا نییە، میدیای ئازاد لەرووسیا نابێتە سەرچاوە بۆ چارەسەری گرفتەکان بەڵکو سەرچاوەیە بۆ گومان و دڵەراوکێی خەڵك. لێرەدا ئەگەر بپرسین ئایا لە روسیا هەنگاو بۆ میدیای ئازاد هەڵنەگیراوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ هەڵگیراوە، بەڵام کولتووری مامەڵەکردن لەگەڵ میدیای ئازاد دروست نەبووە، رۆژنامەنووسی روسی نەیتوانیوە بەرێگەی ئێتیکی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی مامەڵە لەگەڵ زانیاری و دارشتنی هەواڵ بکات، ئەو هاتووە لاسایی رۆژنامەکانی رۆژئاوا دەکاتەوە، بەڵام جیاوازی نێوان کۆمەڵگە روسیا و بەریتانیای لەبەر چاو نەگرتووە.

• هەندێکی دیکە لەپسپۆران پێیانوایە ئەگەر ئەو دەوڵەتانە ببنە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا یان ناتۆ،کولتوریان دەگۆڕێت، ئێمە لێرە باسی نموونەی تورکیا دەکەین، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەگەڵ زۆربەی زۆری رۆژنامەنووسە ناودارەکانی تورکیا وەك (محەمەد عەلی بیراند، جەنگیز چاندار، سامی کۆهین، مستەفا قەرە عەلی ئۆغلۆ،

حەسەن جەمال، ئیللنور چەڤیك (کەماوەیەك هەر ستوونووسی گوڵان بووە) بولیند کیناش، ئیحسان داغی، سەعادەت لاچنەر، ئیحسان باڵ، ئارەزوو جەلالیفەر، حوسێن گلرجی و.. دەیانی دیکەش) ئەم بەڕێزانە هەم لەتورکیا لەگەڵیان دانیشتووین هەم لەهەولێر و زۆرجاریش ڕاستەوخۆ بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵکردوون، هەمووشیان وتارەکانیان یان بەئینگلیزی لەحوریەت و تودەی زەمان و تورکیش دیلی نیوز بڵاو دەکەنەوە یان پاش ئەوەی لە ڕۆژنامەی میللیەت بە تورکی بڵاویدەکەنەوە وەردەگێڕن بۆ زمانی ئینگلیزی جارێکی دیکە بڵاو دەکرێنەوە، واتە ئەمانە ئەو توێژە ڕۆشنبیرەی تورکیان کە دەتوانن لەگەڵ دیموکراتی و مافی مرۆڤ مامەڵە بکەن، بەڵام لەدیالۆگی ئابانت لەهەولێر جەنگیز چاندار تەنها هەرێمی کوردستانی بەکارهێنا و نەیگوت باکووری عێراق هەموو ڕۆژنامەکانی تورکیا ڕەخنەیان لێگرت، ئێستاش کە باسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا دەکرێت هێندەی لەبڵاوکراوە ئینگلیزییەکانی تورکیا بایەخی پێدەدرێت لەو بڵاوکراوانەی بەتورکی دەردەچن بەو ئاستە بایەخی پێنادرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا یان نە، چ گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا دێت، خۆ تورکیا زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی یە، کەواتە ئەم هەڵسەنگاندنەش ناتوانێت گۆڕانکاری گەورە دروست بکات ئەگەر بونیادی کولتووری مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی دیموکراتی دروست نەبێت.

## دەبێت کولتووری مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی دیموکراتی لەکوردستانیش بونیاد بنرێت

لێرەدا دیسان بەپێویستی دەزانین بگەڕێینەوە بۆ مێژووی تێڕوانینی ئەمەریکا بۆ میدیای ئازاد، تۆماس جیفرسۆن کە نەك هەر باوکی دامەزرێنەری دەستووری ئەمەریکایە، بەڵکو ئەو بیرمەندەیە کە بەیانی سەربەخۆیی ئەمەریکای نووسیوەتەوەو لە ئەزموونی شۆرشی فەرەنساوە بنەماکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکای دارشتووە، کەواتە جیفرسۆن هەر سیاسەتمەدارێك نەبووە بەڵکو بیرمەندێکی گەورە بووە، ئەم بیرمەندە گەورەیە سەبارەت بە میدیای ئازاد دەڵێت:(ئەگەر ناچار بکرێم لە نێوان پەرلەمانێکی ئازاد و میدیای ئازاد یەکێکیان هەڵبژێرم، من میدیای ئازاد هەڵدەبژێرم) جۆزێف پۆلیتز کە ئەویش هەر بە بیرمەندێکی ئەمەریکی لە قەڵەم دەدرێت، هاتووە لەم پرانیسپە گرنگەی باوکانی دامەزرێنەرەوە چەمکێکی تازەی دروستکردووە، کە کۆماری ئەمەریکا و میدیای ئازاد یەك چارەنووسیان لەیەکتری جیاناکرێنەوە، ئەگەر میدیا سەنگین و ڕاستگۆ بوو، تەنها کاری بۆ بەرژەوەندی گشتی کرد، ئەوا گەلی ئەمەریکا ئایندەی ڕوونە، بەڵام ئەگەر میدیا ئەم کارەی خۆی بۆ هەڵنەسورا، ئەوا ئایندەی میللەتەکەی تاریك دەبێت.

پۆلیتزر قسەکەی جیفرسۆن پێچەوانە ناکاتەوە بەڵکو ناوەڕۆکی قسەکەی جیفرسۆن پێش ١٠٠ساڵ چۆن کراوە بەهەمان شێوە گیانی بەبەردا دەکاتەوە، واتە بەچ گیانێك لە زاری جیفرسۆن هاتۆتە دەرەوە بە هەمان گیان دووبارە ئەو وشانە زیندوو دەکاتەوە، ئەمەش واتە جیفرسۆن کاتێك لەنێوان پەرلەمان و میدیا، میدیا هەڵدەبژێرێت، مەبەستی لە میدیای ئازاد بەمجۆرە بووە:

١- لای جیفرسۆن میدیای ئازاد واتە ڕاستگۆیی .

٢- واتە بەکارهێنانی زانیاری بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان و ڕێگرتن لە




لە ژاپۆن و ئەڵمانیا کولتورێك بوونی هەیە، کە بتوانێت لەگەڵ ئەو دامەزراوانە مامەڵە بکەن کە بونیاد دەنرێنەوە، بەڵام لە عێراق و ئەفغانستان و سۆماڵ ئەو کولتورە بوونی نییە، لە هەرێمی کوردستان ئەو کولتورە هەشبێت زۆر لاوازە

گەندەڵی سیاسیی و ئابووری.
٣- واتە چەتری پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پارێزەری یەکێتی و یەکپارچەیی گەلی ئەمەریکا.

پۆلیتز کاتێك هەموو ئەم راستیانە زیندوو دەکاتەوە و ئەو چینە ئەستورانە دەشکێنێت کە بە تەفسیری ناجۆر مەبەستەکەی جیفرسۆنیان شاردۆتەوە،دەگاتە ئەو قەناعەتەی رۆژنامەگەری ئەو هونەرەیە کە دەبێت رۆژنامەنووسان مەشقپێبدرێن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم هەموو لایەنە رەچاو بکەن کە دەبێتە ئەرکی رۆژنامەنووس، ئەمەش واتە ئەرکی رۆژنامەنووس ئەرکێکی ئاسان نییە،رۆژنامەنووس کارێکی تەنها ماسولکەیی ئەنجامنادات، هەتا ئامرازێك کارەکەی لە کۆڵبکاتەوە، بۆیە رۆژنامەنووس وەك رۆشنبیرێکی ناو کۆمەڵگە دوو ئەرکی گرنگ لەیەك کاتدا ئەنجامدەدا:

١- رۆژنامەنووس لەدیاردەکانی ناو کۆمەڵگە وردەبێتەوە، وەك پزیشك چۆن سەیری دیاردەکان دەکات و نەخۆشییەکە چارەسەر دەکات، بەهەمان شێواز رۆژنامەنووسیش لە وردبوونەوەی لە دیاردەکانی کۆمەڵگە نەخۆشییەکان دەستنیشان دەکات، دوای دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە چۆن پزیشك بەدوای چارەسەری نەخۆشەکە دەگەرێت، بەهەمان شێوە رۆژنامەنووسیش بەدوای چارەسەر دەگەرێت، کەواتە ئەو زانیارییەی نەخۆشەکە بە پزیشکی دەڵێت، پزیشك بۆ پێکەنین و مەجلیس گەرمکردن بەکاری ناهێنێت، رۆژنامەنووسیش کە دوای زانیاری دەکات بۆ ئەوەی نییە بیکاتە مانشێت و هاوڵاتیان پێی پێبکەنن، بەڵکو زانیاری بۆ ئەوەیە لە مەترسی ئاگادار بکرێنەوە.

٢- رۆژنامەنووس وەك هونەرمەندی شێوەکار بیر لە سکێچی تابلۆکەی دەکاتەوە، وەك شاعیر بەدوای رێکخستنی وشە و دانانی وشەی جوان دەگەرێت، بۆیە رۆژنامەنووس هونەرمەندە، وەك هونەرمەند بەتابلۆیەك واقیعی میللەتەکەی پیشاندات نەك ئاوێنە.

کەواتە پۆلیتز پێماندەڵێت رۆژنامەنووس هەم پزیشکە و هەمیش هونەرمەندە، ئەم دووانە پێکەوە بەمەنتیقی نیچە واتە رۆژنامەنووس فەیلەسوفی ئاییندەیە، پۆلیتزەر دەستنیشانکردنی ئاییندەی ئەمەریکا بە نەوەی داهاتووی رۆژنامەنووسان دەسپێرێت، ئەمەش واتە لای پۆلیتزەریش رۆژنامەنووسان فەیلەسووفی ئاییندەن.بۆ ئەوەی ئەم فەیلەسووفە دروست بێت و ئایندە بەرەو هەڵدێر نەبات، پۆلیتز لەسەر حیسابی خۆی پارە تەرخاندەکات کە کۆلێژی رۆژنامەگەری بکرێتەوە، ئەمەش واتە چۆن پێویستە پزیشك پێویستە لە کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت و فێری هونەری نەشتەرگەری و ناسینەوەی نەخۆشییەکان بکرێت، رۆژنامەنووسیش بە هەمان شێوە پێویستە فێری هونەری رۆژنامەنووسی بکرێت، پۆلیتزر لە ساڵی ١٨٩٢ پێی وابوو هەموو کەس ناتوانێت ببێتە رۆژنامەنووس، ئەو کات گەلی ئەمەریکا و ئەنجوومەنی زانکۆی کۆلومبیا پێیان وابوو، رۆژنامەنووسی هونەر نییە، نزیکەی ٢٠ ساڵ دوای ئەم پێشنیارە زانکۆی کۆلۆمبیا رازی بوو لەسەر خەرجی پۆلیتزەر کۆلێژی رۆژنامەگەری بکرێتەوە، بەڵام بەچەند مانگێك پێش دەست بەکاربوونی کۆلێژەکە پۆلیزەر کۆچی دوایی کرد و یەکەم کۆلێژی رۆژنامەگەری لەساڵی ١٩١٢ لە زانکۆی کۆلومبیا بە ناوی کۆلێژی پۆلیتزەر دامەزرا، دوای ئەو لە زانکۆی میزوریش کۆلێژی رۆژنامەگەری کرایەوە، ئێستا لە ئەمەریکا ٤٥٠ کۆلێژ و پەیمانگا بۆ رۆژنامەگەری هەیە و ساڵانە ٤٠٠٠٠ چل هەزار قوتابی بڕوانامەی بکالوریوس و ماستەر و دکتورا وەردەگرن،زۆربەی ستوونووسەکانی واشتۆنپۆست و نیۆرك تایمزیش کە راستەوخۆ ئێمە وەك گوڵان دیمانەمان لەگەڵکردوون وەك (دیڤید برۆدەر کە بێجگە لەوەی خاوەنی خەڵاتی پۆلیتزەرە، پرۆفیسۆری لە زانکۆی کۆلۆمبیا، دیڤید ئیگناتۆس، گۆردن براون ...هتد) ئەمە مانای ئەوەیە ئێستا لەئەمەریکا رۆژنامەنووسی پیشەیە ئەو کەسەی دەبێتە رۆژنامەنووس هونەری رۆژنامەنووسی فێرکراوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە بمانەوێت سوود لەو ئەزموونەی پۆلیتزەر وەربگرین بۆ واقیعی هەرێمی کوردستان، دەتوانین بەچەند خاڵێك دەستنیشانی بکەین:

١- پۆلیتزەر پێش هەموو شت لە مانای ئازادی تێگەیشتبوو، بەوەی ئازادی دوو دیوی هەیە، دیوێکیان ئەوەیە کە بە نەزانی بەکاردێت و میدیایەکی کاسەلێس و ئاژاوەگێری لێ بەرهەمدێت، دووەمیان مامەڵەکردنە لەگەڵ ئازادی بەشێوەیەکی ئاقڵانە، کە میدیایەکی ئازادی سەنگین و راستگۆ دروستدەبێت کە پارێزەری بەرژەوەندی گشتی دەبێت، کەواتە ئێمەش پێش هەموو شت دەبێت هەردوو دیوی ئازادی ببین و، دەبێت چۆن خۆمان رابهێنین کە مامەڵەی ئەقڵانی لەگەڵ ئازادی بکەین.

٢- پۆلیزەر لە نرخی ئەو ئازادییە تێگەیشتبوو کە باوکانی دامەزرێنەر بۆ ئەمەریکیایان بە دەستهێناوە، بۆیە زیاتر ئەم ئازادییەی بەنرختر کرد و نەمانی ئازادییەکەی گرێدایەوە بە نەمانی ئەمەریکاوە، واتە کە ئازادی نەما ئەمەریکاش وەك دەوڵەتێکی ئازاد بوونی نامێنێت، کەواتە ئەرکی پاراستنی ئەم ئازادییە دەبێت لە ئەستۆی رۆژنامەنووستدا بێت، پۆلیزەر زۆر زیرەکانە هەستی بەو گرفتە کردبوو، کە زۆرجار رۆژنامەنووس ئازادی پێشێل دەکات لەوانەیە رۆژنامەنووسەکە لە نەزانییەوە ئەو کارە بکات نەك بە ئەنقەست، بۆیە ئەو لەبری سزادان فێرکردنی کرد بە چارەسەر، واتە ئەو داوای نەکرد یاسایەك دەربچێت سانسۆر بخاتە سەر کاری رۆژنامەنووسی، بەڵکو بناخەی ئەوەی دارشت کاری رۆژنامەنووسی لە نەزانەکان بسەنرێتەوە و بە زاناکان بسپێرێت و دەبێت کارگەی بەرهەمهێنانی ئەو زانایانەش کە کۆلێژی رۆژنامەگەرییەوە دابمەزرێت، پۆلیتزەر مرد ئەم ئاواتەی نەهاتەدی،

**ئێستا هاوڵاتییەك متمانەی بەمیدیای ئازادەکانی ناو رووسیا نییە، میدیای ئازاد لەرووسیا نابێتە سەرچاوە بۆ چارەسەری گرفتەکان بەڵکو سەرچاوەیە بۆ گومان و دڵەراوکێی خەڵك**

**جیفرسۆن دەڵێت ئەگەر ناچار بکرێم لە نێوان پەرلەمانێکی ئازاد و میدیای ئازاد یەکێکیان هەڵبژێرم، من میدیای ئازاد هەڵدەبژێرم**

بەڵام بۆ ئێمە ئەگەر بمانەوێت سوود لەم ئەزموونە وەربگرین، مەبەستمان ئەوەنییە بەیانی هەر چییەك دەرچووی كۆلێژ یان پەیمانگای ڕاگەیاندن نەبێت ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی لێ بسەنرێتەوە،بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە پێویستە جارێكی دیكە ناسنامەی ڕۆژنامەنووس پێناسە بكرێتەوە،هەر بۆنموونە ئایا ئەمە چ ئازادییەكە لە كوردستان ڕۆژنامەنووس هەیە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەریشە، كەچی بروانامەی ٣ی ناوەندی هەیە،یان تەمەنی ڕۆژنامەنووسی لە پەنجەی دەستێك تێناپەڕێت باشە چۆن دەبێت وەزارەتی تەندروستی یان سەندیكای پزیشكان مۆڵەت بەكەسێك بدات دەرچووی ٣ی ناوەندی بێت و عیادەیەك بكاتەوەیان لەگەڵ ڕۆژی دەرچوونی عیادەیەكی تایبەتی بكاتەوە ؟، ئایا كەسێك دەرچووی ٣ی ناوەندی بێت لەمانای سوێندی هیپۆكرات دەگات، ئایا هی ئەوەیە نەخۆش بچێتە لای و نهێنییەكانی خۆی پێبڵێت؟ ئایا ئەگەر لە ئەمەریكا یان بەریتانیا كەسێكی ٣ی ناوەندی نامەیەك بۆ جۆرج واشنتۆن بنووسێت و وەك وتارێكی ڕۆژنامەنووسی لە قەڵەمبدرێت ئایا گەلی ئەمەریكا قبوڵی دەكات؟، ئەگەر قبوڵی دەكات فەرموو نموونەیەكمان پیشانبدەن،كەواتە ئەركی ئەم قۆناغە لە بێژنگدانی ڕۆژنامەنووسانی كوردستانە، ئێمە ناڵێین با هەموو ڕۆژنامەنووسان دەرچووی كۆلێژ بن، بەڵام با مەرج بۆ سەرنووسەرەكان ئەوەبێت ئەگەر دەرچووی كۆلێژ نەبێت و تەمەنی كاركردنی ڕۆژنامەنووسیشی لانی كەم لە (١٥) ساڵ كەمتر بێت نەكرێتە سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینیش پێویستە (١٢) ساڵ خزمەتی لەو بوارەوە هەبێت. لانی كەم بۆ ئەوەی بزانێت مامەڵە لەگەڵ ئازادی بكات،،چونكە بۆ ڕۆژنامەنووس هەموو دەرگاكان كراوەیە، بۆیە دەبێت ئاستی هۆشیاری و زانستی لە ئاستێكدا بێت لانی كەم بزانێت مامەڵە لەگەڵ ئازادی بكات، نموونەیەك كە هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، لەساڵی ٢٠٠٨ و لەنۆژەنكردنەوەی شەقامی بازنەیی ٦٠ مەتری كۆمەڵێك داری واشنتۆنیا بۆ ڕازاندنەوەی شەقامەكان هێنرایە كوردستان، ئەم دارە بە ڕووكار لە دارخورما دەچێت، ئایا چەند ڕۆژنامەنووس نووسی حكومەتی كوردستان دارخورما لە كوردستان دەڕوێنێت و بەتەمایە هەولێر تەعریب بكات؟ باشە گریمان كەشوهەوای هەولێر لەبار بوو بۆ چاندنی دارخورما، ئایا بە چاندنی دارخورما هەولێر دەبێتە شارێكی عەرەبی؟ بەحسابی ئەو ڕۆژنامەنووسانە لە هەر شوێنێك داری گوێز بڕوێت كوردستانە، بەو حسابە بووایە دەبوو لوبنان و پاكستان و كشمیر و توركیاش هەمووی كوردستان بوایە. یان كە تۆ دارەكە ناناسی بۆ لەسەری دەنووسیت، ئەمەشیان قەینا پاش ئەوەی زانیان هەر دارێك لەو دارانە نزیكەی ١٣٠٠ دۆلاری پێدراوە، بەدەیان ڕۆژنامەنووس نووسی ئەو دارانەمان بۆ چییە بۆ پارەی ئەو دارانە نادەن بە خێزانی ئەنفالكراوەكان، وەك ئەوەی لەسەر شەقامەكە نوسراوبێت كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بۆیان نییە بەسەر ئەو شەقامەدا بڕۆن، بەو حسابە بێت، تەنها هەردوو فرۆكەخانەی هەولێرو سلێمانی نزیكەی نیو ملیار دۆلاری تێچووە، باشە بە لۆژیكی ئەو ڕۆژنامەنووسانە فرۆكەخانەمان بۆ چییە، خۆ ئەو ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە لانی كەم ٢٠-٣٠ هەزار خانووی نیشتەجێی پێ دروستدەكرێت و بەسەر ماڵە ئەنفالكراوەكان دابەشدەكرێت، ئەم بەراوردكارییە كە ڕۆژنامەنووسی نەزان خۆی دەخاتە ناوی زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، ڕاستە ئەركی ڕۆژنامەنووسە بایەخ بە كێشەی خەڵك بدات و لە پێش هەموویانەوە كەسوكاری سەربەرزی ئەنفال و شەهیدان، بەڵام ئایا كاری ڕۆژنامەنووس ئەوەیە كاری وەزارەتە پەیوەندارەكان تێكەڵ بكات و نەزانێت چی كراوە و چی نەكراوە، ئەمەیە خەڵك متمانەی بە ڕۆژنامەنووسان نەماوە،لەمەش سەیرتر ئەوەیە ئەوەی نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات دەكات نەك هەر نازانێت وتارێك بنووسێت بەڵكو هێندە كۆڵەوارە نازانێت هەواڵێكیش بنووسێت، بۆیە كاتی ئەوە هاتووە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بەجیدی وەڵامی پرسیارەكەی سەرۆكی كوردستان مسعود بارزانی بداتەوە كە لەنەقیبی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی پرسی ئایا پێوەری ئێوە بۆ ڕۆژنامەنووس چیە و ڕۆژنامەنووس كێیە؟ بەڕێز نەقیبی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان ئەگەر لە پرسیارەكەی سەرۆكی كوردستان بگەیشتیایە هەتا ئێستا چەندین كۆنگرەی ڕێكخستبوو بۆ ئەوەی وەڵامی سەرۆكی كوردستان بداتەوە، بەڵام ئەوەتا هیچ نەكرا !! بۆیە جەختدەكەینەوە كە ڕۆژنامەنووسی پێویستی پێناسەكردنەوە هەیە، كاتی ئەوەش هاتووە سەندیكا لەو پرسیارە تێبگات و وەڵامی پێویستی بۆ ئامادەبكات.

٣- پۆلیتزەر كە پێشنیاری بۆ كۆلێژی ڕۆژنامەگەری كرد، لەسەرەتادا پێشنیارەكەی بەو جۆرە نەبوو كە هونەری ڕۆژنامەگەری تەنها بە تیۆری بخوێنرێت، بەڵكو مەبەستی ئەوەبوو، سوود لە ئەزموونە باشەكانی ئەو ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵانە وەربگرن كە بە پراكتیكی فێربوون ئازادییەكان بپارێزن،واتە پۆلیتزەر هونەری ڕۆژنامەنووسی دابەشكرد بۆ دووبەش بەشێكیان كاری پراكتیكی واتە دیاردەكان دەبینێت نەخۆشییەكان دەستنیشان دەكات، پاشان وەك هونەرمەندێك ڕیپۆرتاژەكەی یان ئەو هەواڵەی دەینووسێت وەك تابلۆیەك پیشانی خوێنەری دەدات، هەربۆنموونە ئێستا خەیاڵەكەی پۆلیزەر لەمیدیاكانی جیهاندا بۆتە نەریت، هەر بۆنموونە ئاژانسی ڕویتەرز هەواڵێك لەسەر هەولێر بڵاودەكاتەوە، یەكسەر ڕۆژنامەنووسوكە دەنووسێت شاری هەولێر كە نزیكەی ٢٧٠ كیلۆمەتر لە بەغداوە دوورە، ئەمە

**ئازادی دوو دیوی هەیە، دیوێكیان ئەوەیە كە بە نەزانی بەكاردێت و میدیایەكی كاسەلێس و ئاژاوەگێڕی لێ بەرهەمدێت، دووەمیان مامەڵەكردنە لەگەڵ ئازادی بەشێوەیەكی ئاقڵانە**

**ئایا بە چاندنی دارخورما هەولێر دەبێتە شارێكی عەرەبی؟ بەحسابی ئەو ڕۆژنامەنووسانە لە هەر شوێنێك داری گوێز بڕوێت كوردستانە**



یەکسەر تابلۆیەکت دەخاتە بەردەست کە سەیری نەخشە دەکەیت دەزانی هەولێر کەوتۆتە کوێی عێراقەوە، بەغداش دەکات بە سەنتەری دۆزینەوە لەبەر ئەوەی بەغدا پایتەختەو لەسەر هەموو نەخشەیەك پایتەخت دیاریکراوە، یان کەباسی یەکێك دەکات خەڵاتی نۆبل وەردەگرێت، پێت دەڵێت مانای خەڵاتی نۆبل چییە و ئەم خەڵاتە چۆن دروستبووە و دەدرێت بەکێ، ئەمەیە رۆژنامەنوس تابلۆیەکت بۆ دروستدەکات نەك ئاوێنەیەك بێت تەنها ئەو کەسەت پیشانبدا کە خەڵاتەکە وەردەگرێت، ئەمە بەرهەمی ئەزموونی ١٠٠ساڵی تێکەڵاوکردنی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی کاری رۆژنامەگەرییە لە جیهاندا، بۆیە رۆژنامەگەری پێویستی بە هەردوو لایەنەکە هەیە، ئێمە لەم قۆناخە لەوانەیە نەتوانین هەردوو لایەنەکە پێکەوە گرێبدەینەوە، بەڵام دەتوانین لایەنی پراکتیکی بەهێز بکەین و پراکتیکی کاری رۆژنامەگەری پێوەرێکی بۆ دابنێین، لانی کەم رۆژنامەنوس هێندە جورئەتی هەبێت کە شتێك نەزانێت بڵێت نایزانم، ئاساییە رۆژنامەنوسێك کە بە پراکتیکی لە بواری سیاسیەت کاردەکات نەزانێت هەواڵێکی وەرزشی بنووسێت، یان کە دەچێت بۆ سەیری یارییەك نەزانێت روماڵی بکات، بەڵام رۆژنامەنووسانی ئێستای کوردستان پێیان شەرمە بڵێن نازانین، ئەوە بە خۆ دەرخستن تێگەیشتوون بڵێن هەموو شتێك دەزانین، بۆیە ئەرکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێوەرێك بۆ رۆژنامەنوس دابنێت، کە شەرم نەکات و شتێکی نەزانێ بڵێت نایزانم، ئەم پێوەرەش بەوە دروست دەبێت، کە ناسنامەی رۆژنامەنووسی بدرێت بەو کەسانەی کە بە پراکتیکی کاری رۆژنامەنووسی دەکەن و ئاستی خوێندن و زانستیشیان لەو ئاستەیە کە شەرم نەکەم بڵێن نایزانین.

## میدیای ئازاد وەک تۆماری قۆناخە مێژووییەکانی کۆمەڵگە

ئەگەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگە رێکخەری کۆمەڵگە بن، ئەوا میدیای ئازاد تۆمارکەری ئەو رێکخستنەیە، واتە ئەگەر بە ئەرشیفی ٥٠ ساڵی رۆژنامەیەکی وەك رۆژنامەی واشتۆن پۆستدا بچینەوە رۆژنامەکان هەر پێنج ساڵێکیان بە جیا پۆلێن بکەین، دەبینین رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەماوەی ٥٠ ساڵدا تۆمارکەری ١٠ قۆناخی جیاوازی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت باسی سیاسەتی نەهێشتنی رەگەزپەرستی یان جیاوازی نێوان رەش و سپی بکەین، دەبینین واشنتۆن پۆست هەموو قۆناخەکانی گەیشتن بە بریاری نەهێشتنی جیاوازی نێوان رەش و سپی تۆمار کردووە، واتە پیشاندانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئەمەریکا بۆ قبوڵکردنی یەکسانی نێوان رەش و سپی، یان ئەگەر پێنج ساڵی دیکە بێنە سەرەوە دەبینن پیشانماندەدا، چۆن ئاستی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن لە وڵاتێکدا شارستانییەتی ئیسپانیا و ئەنگلۆسەسکۆنی پێکەوە کۆدەکاتەوە و یەکسانیان دەکات، ئەمەش واتە چۆن زمانی ئیسپانی هاوشانی زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی فەرمی ئەو ویلایەتانەی کە زۆربەیان بە ئیسپانی قسەدەکەن، بێگومان هەموو ئەم گۆڕانکارییانە تەنها بریارێك نەبوون و لە کۆشکی سپی درا بن، بەڵکو ئەوە کاریگەری گوشاری میدیای ئازاد بووە کە زەمینەی سەرکەوتنی ئەو یاسایانەی رەخساندووە، ئەمە زۆر گرنگە بەڵام بەداخەوە رۆژنامەگەری لای ئێمە تۆمارکەری ئەو واقیعە نییە، هەر بۆنموونە ئەگەر شەوانە سەیری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانی زاگرۆس، کوردستان تی ڤی، گەلی کوردستان، کوردسات، بکەین دەبینن کوردستان هاوشیوەی ئێستای ئەوروپایە، سەیری کەناڵی کەی ئێن ئێن بکەیت، دەبینن کوردستان هێشتا لەشەستەکانی سەدەی رابردووە، سەیری تەلەفزیۆنەکانی سپێدە و پەیام بکە، دەبینن هەولێر کابولە و سلێمانی قەندەهارە،سەیری کۆرەك تی ڤیش بکە دەبینی کوردستان لوبنان و پاریسە، ئەمجۆرە میدیایانە هەرگیز نابنە قۆناخی پێشکەوتن و مێژوویی کۆمەڵگەی ئێمە، لەبەر ئەوەی ئەوەی ئەو شاشانە پیشانی بینەری دەدەن تەنها دیوێکی کۆمەڵگەی ئێمەیە، بۆ نموونە ئەگەر تەلەفزیۆنەکانی زاگرۆس و کوردستان تیڤی و گەلی کوردستان و کوردسات، کاتێك شەقام و ئاپارتمانە جوانەکان پیشاندەدەن کەموکورتییەکانیش پیشانبدەن، یان کەی ئێن ئێن کاتێك کەموکورتییەکان پیشاندەدا ئاپەرتمان و شەقامە جوانەکانیش پیشانبدات، یان کۆرەك تی ڤی کاتێك ئەو هەموو کلیپە ئەورپییە پیشاندەدات ئەوەش پیشانبدات کە بەسەدان کچی زانکۆ بەزۆر کراون بە موحەجەبە، یان پەیام و سپێدە کە هەولێرو سلێمانی دەکەنە قەندەهار و کابول، ئەوەش پیشانبدەن کە کولتووری ئێمەی کورد بەوجۆرەیە رێز لەئایینەکان دەگرێت نەك بە زۆر و بە ئیدعای تەلەفزیۆنی، ئەوا هەموو پێکەوە دەتوانن قۆناخەکانی پێشکەوتن تۆمار بکەن، بەڵام سەیری هەر لایەکیان بە تەنیا نەك قۆناخەکەت بۆ دەسنیشان ناکرێت، بەڵکو سەریشمان لێ تێکدەچێت.



**رۆژنامەنووس تابلۆیەکت بۆ دروستدەکات نەک ئاوێنەیەک بێت تەنها ئەو کەسەت پیشانبدا کە خەڵاتەکە وەردەگرێت**



**خاتوو چارلین بیرنیس ڕاگری کۆلێژی ڕۆژنامەنووسیە لەزانکۆی نبراسکا- لینکۆلن و ئوستادی ڕۆژنامەگەریە لەبوارەکانی نووسین و ڕاپۆرت، ڕاپرسی، تەحریر، ماوەی ١٤ ساڵ کاری سەرنووسەری کردووە و ئێستا تەنها کاری ئەکادیمی لە بواری ڕۆژنامەگەری دەکات و نەوەی نوێ ڕۆژنامەنووسان پێدەگەیێنێت، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی میدیای ئازاد و گرنتەکانی پرۆفیسۆر چارلین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

### ڕۆژنامەنووس چارلین بیرنیس بۆ گوڵان:

# کاتێک کار بۆ ڕاگەیاندنی ئازاد دەکەین، دەبێت تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە لەبەرچاوبگرین

**بۆئەوەی بتوانین لەمەودای دووردا دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە بهێنینەدی، دەبێت کار بۆ هێنانەدی و پاراستنی ئازادی بکەین**

*** گەورەترین کێشەی دەوڵەتانی دوای شەڕ یان ئەوانەی لەقۆناخی دەسپێك و بونیادی دیموکراتیدان، مەسەلەی ڕێکخستنی ئازادیەکانە، بێگومان میدیای ئازادیش بەشێکە لەڕێکخستنی ئازادیەکان، ئایا ئەم کارە قورسە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و ئەمە تەحەدداکەیە. لە ڕاستیدا من پێموایە دەبێت هاوشان بەئازادی جۆرێك لەسەقامگیری لەئارادابێت، واتە پیادەکردنی ئازادی پێویستی بەڕەخساندنی کەشێکی ئارام و ئاسایشە، ئەگەرچی زۆرجار ئازادی ئەم پرۆسەیە ئاڵۆز دەکات، مەبەستم ئەوەیە زۆرجار پاراستنی ئازادی هەوڵ و کۆششەکانی پاراستنی ئاسایش زەحمەت دەکات. هەرچۆنێك بێت، فەراهەمکردنی ئازادی ڕادەبڕین لە چەند ڕویەکەوە کاریگەری ئیجابی هەیە، لە لایەك دەبێتەهۆی بەرچاوڕونکردنەوەی هاوڵاتیان لە کارو ئەدای حکومەت، هەروەها دەبێتەهۆی ئەوەی حکومەتیش باشتر ئاگاداری خواست و داخوازیەکانی خەڵك بێت، هەروەها ئەمە دەرفەتێك بە هاوڵاتیان دەدات بۆئەوەی بتوانن گوزارشت لە بیروبۆچونەکانی خۆیان بکەن. کەواتە بۆئەوەی بتوانین لەمەودای دووردا دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە بهێنینەدی، دەبێت کار بۆ هێنانەدی و پاراستنی ئازادی بکەین.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك وڵاتە تازەگەشەکردوەکان دەتوانن سوود لە ئەزموونە سەرکەوتوەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکان وەربگرن، ئایا جیاوازیە کولتووری و مێژوییەکان چ کاریگەریەکیان هەیە لەم ڕووەوە؟**

- بێگومان لەپرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی کارکردن بۆ چەسپاندنی ئازادی ڕادەبڕین و ڕۆژنامەگەری دەبێت کەلتور و بەها مێژوییەکان، یاخود خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەکە لەبەرچاو بگیرێت، ڕاستە دەکرێت وەك ئەزمونێکی سەرکەوتو لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بڕوانین لەم ڕووەوە، کە لەم وڵاتەدا و هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتەوە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەبڕین لە دەستوری وڵاتەکەدا چەسپێنرا، بەڵام هەڵەیە پێمان وابێت دەقا و دەق دەتوانین هەمان ئەزمون لە وڵاتانی دیکەدا بە سەرکەوتوویی دووبارە بکەینەوە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت شێوازی کارکردنمان لە گەڵ ژینگە و لەگەڵ هەل و مەرجە مێژووییەکەی کۆمەڵگەدا بگونجێنین.

*** ئەی سەبارەت بە دابینکردنی سەرچاوەی داهات بۆ میدیای ئازاد، تۆ باسی ئەمریکات کرد، لەدەسپێکی سەربەخۆیی ئەمریکاشدا ئێوەش هەمان گرفتان هەبووە، ئەگەر بمانەوێت**



**سوود لەئەزموونی ئێوە وەربگرین، ئایا چۆن کێشەی دابینکردنی داهات بۆ میدیای ئازاد دابین بکەین؟**

- ڕەنگە من نەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوڵاتە گەشەکردووەکانیش بەدەست گرفتی دارایی دەناڵێنن، چونکە ڕێگای تەقلیدی بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان ڕۆژنامە بەتایبەتی بریتی بووە لەریکلام و بانگەشە بازرگانیەکان، کەچی لەئێستا لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکادا ئەم کارە بەرەو کزبون و داکشان دەچێت، چونکە پێشتر خەڵك ناچاربوو ڕۆژنامەکان بکڕێت بۆ ئەوی بیانخوێنێتەوە، بەڵام حاڵی حازر لە ئەنتەرنێتدا ئەو ڕۆژنامانە دەخوێنێتەوە. هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد من ناتوانم ڕێگاچار بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە دەستنیشان بکەم.

*** زۆرێك لەشارەزایان پێیانوایە لەقۆناخی ئینتیقالی و لەوڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا، سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پارتە سیاسیەکان یان ڕێکخراوە ناحکومیەکانن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن ببێتە درێژکراوە و پاشکۆی ئەم پارت و ڕێکخراوانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم حاڵەتە تا چ ڕاددەیەك زیان بە سەربەخۆی ڕاگەیاندن دەگەیەنێت؟**

- بەدڵنیاییەوە بۆی هەیە ئەمە ببێتە ئاستەنگێك لەبەردەم ڕاگەیاندنی ئازاددا، بەڵام ئەگەر لەمێژووی ئەمەریکا بڕوانین، ئەوا سەدەیەك یان زیاتر پێش ئێستا ڕاگەیاندن لەم وڵاتەدا پاشکۆ و درێژکراوە و ڕەنگدانەوەی بیروبۆچون و تێڕوانینی پارتە سیاسیەکان بوو، واتە خەڵك لە کاتی کڕین و خوێندنەوەی ڕۆژنامەکاندا بەرچاوڕون بوون کە ئەم ڕۆژنامەیە گوزارشت لە بیروباوەڕێکی سیاسی دیاری کراو دەکات، هەروەها کەمتر لە سەدەیەکە ئەمەریکیەکان ئەو بیرۆکەیەیان قبوڵکردوە کە دەکرێت ڕۆژنامەکان بێلایەن بن و پاشکۆی پارتە سیاسیەکان نەبن. من پێم وایە بوونی ڕۆژنامەی حزبی و سیاسی هیچ کێشەیەك نییە، یەکەم ئەگەر بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێت کە ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵ یان لایەنگری پارتێکی سیاسی دیاریکراوە، دووەم ئەگەر ڕێگە بەڕۆژنامە و دەربڕینی بیروبۆچونە جیاوازەکانی دیکە بدرێت و لایەنەکانی دیکە بتوانن ڕۆژنامەی خۆیان هەبێت.

*** لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبری ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و لەبری ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری، زمانێکی زبر لەگەڵ یەکدا بەکاردەهێنن و یەکتر تاوانبار دەکەن، ئایا میکانیزم و شێوازەکانی چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە چین؟**

- من هیوادارم بتوانین لە ڕێی ئاشناکردن و پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنوسانەوە بە بەها و بنەما و سروشتی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، ئەو ڕاستیە بۆ ڕۆژنامەنوسان ڕوون بکەینەوە کە سروشت و جەوهەری کاری ئەوان لە هێرشکردنە سەر یەکتری و لە تاوانبارکردنی یەکتردا کورت نابێتەوە، هەرچەندە ڕەنگە ئەمەی من پێشنیاری دەکەم بەشێك بێت لەچارەسەرەکە، یاخود یەکێك بێت لە هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە. بەڵام لێرەدا کێشەکە ئەوەیە ئایا کێ ئەوە یەکلادەکاتەوە، یاخود کێ بڕیاری ئەوە دەدات ڕۆژنامەیەك لایەنگیری کردووە و ڕۆژنامەیەکی دیکە بێلایەن بووە، مەبەستی من ئەوەیە هەر کاتێك حکومەت یان دەسەڵات دەستێوەردانی کرد لە دیاری کردنی ئەوەی چ ڕۆژنامەیەك باش و چ ڕۆژنامەیەکی دیکە خراپە، ئەوا بە تێڕوانینی من چیتر ئازادی ڕۆژنامەگەری بوونی نامێنێت، ڕاستە دەبێت سنوورێك بۆ کاری ڕۆژنامەگەری هەبێت، بۆ نموونە نابێت نهێنی سەربازی وڵاتەکە ئاشکرابکات، نابێت کەسایەتی و سومعەی ئینسانەکان لەکەداربکات، بەڵام نابێت ئەو لایەنانەی بۆ دیاری بکەیت کە دەتوانێت ڕەخنەی لێبگرێت، کە ئەمەش ئەوە لە خۆدەگرێت نەتوانێت ڕەخنە ئاڕاستەی لایەنگەلێکی دیاری کراو بکات، یاخود سنوورێکی بۆ دابنێت و پێی بڵێت تەنها دەتوانیت لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنەبگریت.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ڕاگەیاندن سەربەخۆ پەیوەستە بە پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیەوە، یاخود تا چ ڕاددەیەك قەیرانی سەربەخۆیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی، یاخود ئایا ئەم کێشەیە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕاگەیاندنی ئازاددا؟**

- ئەمە بە مانایەك لە ماناکان ڕاستە، بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری بەشێکن لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، واتە ئەمە تەنها لایەنێك و توخمێکە لەپرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و تێکڕای مەسەلە لە خۆناگرێت. ئەگەر تێکڕایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن پارتێکی سیاسی دیاری کراوەوە کۆنترۆڵکرابێت، ئەوا ئەمە کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، چونکە لەم حاڵەتە ڕێگا لە بڵاوبونەوە و گوزارشتکردن لە بیروبۆچونە جیاوازەکانی دیکە دەگیرێت، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بوونی ڕۆژنامەگەری حزبی نابێتە مایەی کێشە ئەگەر لەهەمانکاتدا ڕێگە بەئازادی ڕادەبڕین و گوزارشتکردن لەبیروبۆچونەکانی دیکە بدرێت.

**دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوڵاتە گەشەکردووەکانیش بەدەست گرفتی دارایی دەناڵێنن**

**ڕۆژنامەگەری حزبی نابێتە مایەی کێشە ئەگەر لەهەمانکاتدا ڕێگە بەئازادی ڕادەبڕین و گوزارشتکردن لەبیروبۆچونەکانی دیکە بدرێت**





ئەندریاس ئیدوارسین نووسەر و ڕۆژنامەنووسە لەسوید و مامۆستایە لەزانکۆی ئۆبسالا و راوێژکاری بزنسیشە لەزانکۆی سوید، یەکێکە لەو نووسەر و ڕۆژنامە نووسانەی ئاگاداری باروودۆخی هەرێمی کوردستانە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی میدیا لەکوردستاندا ئەندریاس ئیدوارسین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

### ڕۆژنامەنووس ئەندریاس ئیدواردسین بۆ گوڵان:

# با کوردەکانی دەرەوەی وڵات ببنە سەرچاوەی دابینکردنی داهات بۆ میدیای ئازاد لەکوردستاندا

من پێموایە بوونی سەرچاوەی دەرەکی بۆ دابینکردنی دارایی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کارێکی پێویستە

*** زامنکردنی ئازادییەکان و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ دوو ئەرکە قورسەکەی قۆناخی ئینتقالین، لەم قۆناخەدا میدیا هەم دەتوانێت فاکتەرێکی ئیجابی بێت هەمیش سلبی، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی بۆ بەدیهێنانی ئەو دوو ئەرکە میدیا فاکتەرێکی ئیجابی بێت؟**

- پرسیارەکەتان تا دوا ڕادده ئاڵۆزە، بەتێڕوانینی من ئەو کۆمەڵگەیانەی بە قۆناخی ئینتیقالی و چەسپاندنی دیموکراسیدا تێدەپەڕن، کە قۆناخێکی سەختە، دەبێت کار بۆ زامنکردنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری بکەن، باشترین شێوازیش ئەوەیە ئەم زەمانەتە لە دەستوردا بچەسپێنن، بە چەشنێك بتوانن دادگای سەربەخۆ دابمەزرێنن بۆ ئەوەی ئەم دادگایانە هەڵبستن بە پاراستن و بەرگریکردن لە ڕۆژنامەکان لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەی داخرانیاندا. هەروەها لەم ڕووەوە من پێم وایە لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا ئەنتەرنێت بۆتە گرنگترین ئامراز و هۆکار بۆئەوەی هەم هاوڵاتیان بتوانن دەستیان بگاتە هەواڵ و زانیاری و شیکردنەوەکان و هەم ڕۆژنامەنوسانیش دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت هەڵبستن بەنووسین و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونەکانی خۆیان.

*** بەرێزت باسی ئەوەت کرد زەمینە برەخسێنین بۆ میدیای ئازاد، بەڵام بونیادی میدیای ئازاد تەنها بەیاسایەك نایێت، میدیا پێویستی بەدابینکردنی یارمەتی لۆجستیە، لەو وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، میدیا بە بازار ناتوانێت بەردەوامی خۆی دابین بکات، ئایا چۆن سەرچاوە بۆ میدیای ئازاد دروستدەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێموایە بوونی سەرچاوەی دەرەکی بۆ دابینکردنی دارایی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کارێکی پێویستە، بۆ نموونە دەکرێت کوردەکانی وڵاتانی ئەورووپا ببنە ئەم سەرچاوەیە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و بۆ دامەزراندن و بەردەوامیدان بە کەناڵ و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە هەرێمەکەی ئێوەدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەم کەناڵ و دەزگایانە لە ژێر فشار و تەنگپێهەڵچنینی دەسەڵاتدا بن. من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە فەراهەمکردنی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ و ئازاد، ڕاگەیاندنێکی ڕەخنەگر یەکێکە لە گرنگترین مەسەلەکان، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن ئەو ئامراز و هۆکارەیە لە ڕێیەوە دەتوانرێت پەردە لەسەر کەموکوڕی و گەندەڵیەکان لابدات، دەتوانێت مەسەلە شاردراوەکان ئاشکرابکات، بەو پێیە دەبێت لە دەستوردا ئەم ئازادیە زامن بکرێت و دادگاکانیش بەرگری لێبکەن.

*** ئەی ئەگەر حکومەت یان پارتە سیاسیەکان یان لە باشترین حاڵەتدا ڕێکخراوە بیانیەکان ئەم سەرچاوەیەیان دیاریکرد، ئایا تاچەند ئەمە کاریگەری لەسەر سەربەخۆیی میدیا دەبێت؟**

- ئەگەر بۆ مێژوو و ئەزمونی وڵاتێکی وەك سوید بگەڕێینەوە، ئەوا نزیکەی سەدەیەك پێش ئێستا لەسوید ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان پاشکۆ و درێژکراوەی پارتە سیاسیەکان بوون و تەنها دەرفەت بە بڵاوکردنەوەی تێڕوانین و بیرباوەڕەکانی ئەم پارتانە دەدرا، بەڵام حاڵی حازر فرەییەك بەدی دەکەین لەم ڕووەوە، بە

چەشنێك ئێستا بەهۆی فرەیی سیاسیەوە پارتی سیاسیی جۆراجۆر دروست بوونە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن.

*** کێشەیەکی دیکەی کێشەی نەبوونی متمانەیە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە، ئایا هۆکارەکانی ئەم بێ متمانەییە چین؟**

- ڕەنگە لە قۆناخی ئینتیقالیدا زیاتر حاڵەتی کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان ببینین لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە، بەڵام من پێموایە هاوڵاتیان، یاخود بینەر، بیسەر و خوێنەران سەد دەر سەد متمانە بەم ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندنانە ناکەن، ئەمەش کێشەیەکی زۆر سەخت و دژوارە و چارەسەرکردنیشی ئاسان نییە. ڕەنگە بەشێك لە چارەسەرەکە بۆ ڕزگاربوون لەم پاشکۆیەتیە ئەوەبێت ڕۆژنامەکان بتوانن لە ڕێی بڵاوکردنەوەی بانگەشە بازرگانیەکانیەکانەوە ڕادەیەکی دیاری کراوی سەربەخۆی بەدەستبهێنن لە ڕووی داراییەوە. ڕەنگە یەکێك لە بەدیلەکان بریتی بێت لەوەی ڕۆژنامە و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن بتوانن لەڕێی بڵاوکردنەوەی بانگەشە بازرگانیەکانەوە داهات و دارای خۆیان دابین بکەن، بە پێچەوانەوە ناتوانن ئەرکی خۆیان وەك ڕەخنەگر و چاودێرێك ببینن.

***ئایا تاچ ڕادەیەك وڵاتە تازە گەشەکردووەکان دەتوانن سوود لە ئەزموونە سەرکەوتوەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکان وەربگرن، بۆ نموونە ئایا دەتوانن سوود لەئەزمونی وڵاتی سوید وەربگرن؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانن سوودمەندبن، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئازادیەکی بەرفراوانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەر ی لە ئارادایە لەم وڵاتەدا، هەرچەندە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا حکومەتی ئەم وڵاتە کۆنترۆڵی وێستگەی ڕادیۆی کرد و دواتریش، نزیکەی سی ساڵ دواتر، هەمان هەڵوێستی نواند لەئاست کەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا، واتە ئێمە تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو ڕۆژنامەگەریەکی ئازادمان نەبووە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دەرکردن و داڕشتنی یاسا و ڕێساکان ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ چارەسەردەکات؟**

- من تەنها پشتگیری لەو یاسایە دەکەم کە لەدەستوری وڵاتەکەدا چەسپێنرابێت و ئاماژە بەوە بکات هەر کەس و لایەنێك خوازیاری دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، یان وێستگەیەکی ڕادیۆی، یان دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بێت، مافی یاسایی خۆییەتی ئەم کارە بکات، من لەگەڵ ئەم جۆرە یاساڕێژیەدام و دژی ئەوەم بوار بە دەسەڵات و بە حکومەت بدرێت هەڵبستێت بە قۆرغکردنی دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئەمە کارێکی مەترسیدارە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لەکارکردن بۆ هێنانەدی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئازاددا، چونکە ئەمە یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد. ڕاستە عێراق لەسەردەمی سەددام حوسێندا بەدۆخێکی زۆر دژواردا تێپەڕی، بەڵام حاڵی حازر ئێوە دەرفەتێکی مێژوویتیان لەپێشە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوە.



**نزیکەی سەدەیەک پێش ئێستا لەسوید ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان پاشکۆ و درێژکراوەی پارتە سیاسیەکان بوون**

**ڕاستە عێراق لەسەردەمی سەددام حوسێندا بەدۆخێکی زۆر دژواردا تێپەڕی، بەڵام حاڵی حازر ئێوە دەرفەتێکی مێژوویتیان لەپێشە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوە**



**پرۆفیسۆر دانیاڵ تریسمان، ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی حکومەتە لەزانکۆی کالیفۆرنیا یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە تایبەتمەندن لەسەر بونیادی دیموکراتی لەدەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، ڕێکخستنی ئازادییەکان لەو کۆمەڵگایانەی کە میدیای ئازاد و دابینکردنی ئازادی ڕادەربڕین گرنگترین کێشەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتووە، بۆ قسەکردن لەسەر میدیای ئازاد و ئازادی ڕادەربڕین پرۆفیسۆر تریسمان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## دانیاڵ تریسمان بۆ گوڵان:

# ڕاگەیاندنی ئازاد پێویستی بەڕۆژنامەنووسی بوێر و جیددی هەیە

دابینکردنی دارایی هەمیشە کێشە و گیروگرفت بووە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەی بە قۆناخی ئینتیقالیدا تێپەڕیون

*** بونیادی ڕاگەیاندنی ئازاد یان کارکردن وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کارێکی ئاسان نییەو لێوەشاوەیی دەوێت، هەروەها کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەیە دەبێت ڕۆژنامەنووسەکە ڕەچاوی بکات، ئایا بەڕای تۆ مەرجەکانی دروستبوونی میدیای ئازاد چین؟**

- ڕاستە ئەم کارە پێویستی بەڕۆژنامەنوسی بوێر و جیددی هەیە، بەڵام شێواز و چۆنیەتی کارکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتێکەوە، بۆ وڵاتێکی دیکە یان لەکۆمەڵگە و کەلتورێکەوە بۆ کۆمەڵگە و کەلتورێکی دیکە جیاوازە. ئەوەی لە دیموکراسیە سەقامگیر و دێرینەکاندا بەدی دەکرێت ئەوەیە ململانێ و ڕکابەری هەیە لەنێوان دەزگا و ناوەندە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا، ململانێ لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، بیسەر و بینەران و لەسەر کۆکردنەوە و ڕاکێشانی بانگەشە بازرگانیەکان، کە زۆر کەس پێیوایە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی زانیاریەکی زیاتر بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بکرێت، بەو پێیە هاوڵاتیانیش دەتوانن لەسەر بنچینەی ئەم زانیاریانە بڕیارێکی بەرچاوڕوونانە و هۆشیارانە بدەن.

*** ئەوەی بەڕێزت ئاماژەت پێکرد، ئەوە مۆدێلی کاری میدیای ڕۆژئاوایە، ئێمە وەك ڕۆژهەڵاتی ئومێد دەخوازین بگەینە ئەو ئاستە و بەرێگەی ڕێکلام و فرۆشتنی بڵاوکراوەکە سەرچاوەی دارایی خۆمان دابین بکەین، جیاوازی ئێمە ئەوەیە لە وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە سەرچاوەی دارایی میدیا دیار نییە، ئایا نەبوونی سەرچاوەی ئاشکرای دارایی چ زیانێك بەمیدیا دەگەیەنێت؟**

- لەڕاستیدا دابینکردنی دارایی هەمیشە کێشە و گیروگرفت بووە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەی بە قۆناخی ئینتیقالیدا تێپەڕیون، کە زۆرجار زیاتر بەو ئاڕاستەیەدا کارکراوە کە پشت بە حکومەت ببەسترێت بۆ دابینکردنی دارایی پێویست بۆ ئەم دەزگایانە، بەڵام ئەوەی وڵاتە تازەگەشەکردوەکان پێویستیان پێیەتی بریتیە لە سەرچاوەی سەربەخۆی زانیاری، ئەو سەرچاوانەی پاشکۆی حکومەت نەبن، یاخود لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نەبن. هەروەها ڕێگا و شێوازی دیکەی دابینکردنی دارایی لەئارادایە، یەکێك لە ڕێگاکان بریتیە لەو شێوازەی تێیدا بازرگانێك یان یەکێك لەپیاوانی کار بەشێك لە سەروەرت و سامانەکەی خۆی لە بواری ڕاگەیاندندا دەخاتەگەڕ، ئامانجیش لەم کارە بەدەستهێنانی کاریگەری و دەسترۆیشتوویی سیاسییە، مەرج نییە ئەمە کارێکی باش بێت و ڕەنگدانەوەی ئیجابی لێبکەوێتەوە، هەرچەندە ململانێکردنی نێوان دەزگا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆی هەیە زانیاری پێویست بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بکات بە شێوەیەکی تەندروست، بەڵام باشترین شێواز بریتیە لەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن

لەڕێی بانگەشــە بازرگانیەکان و لەڕێی فرۆشــتنی بڵاوکراوەکانیانــەوە بتوانن دارایی پێویست بۆ خۆیان دابین بکەن.

*** بەڵام کەمتــر بازرگان و پیاوانی کار بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی میدیا دێنە دەســت و زیاتر حزبە سیاسییەکان و هەندێــك حکومــەت تەمویلی میدیا دەکەن، یان لەباشــترین حاڵەتدا ڕێکخراوە بیانیــەکان، ئایا تاچەند ئــەم حاڵەتەیان زیان بە میدیا دەگەیەنێت؟**

- ڕاستە لەحاڵەتێکدا کە دەزگاکانی ڕاگەیانــدن نەتوانن لــەڕێی بانگەشە بــازرگــانــیــەکــان و فرۆشتنی بڵاوکراوەکانیانەوە دارایی پێویست فەراهەم بکەن، ئەوا پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەڵدەستن بە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ئەم دەزگایانە، بەڵام لێرەدا دەبێت ململانێ و ڕکابەری هەبێت لە نێوان ئەم دەزگایانەدا، چونکە کێشەکە ئەوکاتە سەرهەڵدەدات کە پارتێکی سیاسی بە تەنها یاخود ڕێکخراوێکی ناحکومی ئیحتیکاری تێکــڕایی دەزگــاکــان بــکات و بــوار و دەرفەت بە ڕکابەرێتی نەهێڵێتەوە.

*** هەنــدێ لەچاودێرە سیاســیەکان باس لەکێشــەی نەبوونی متمانە دەکەن بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕا و بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە، ئایــا هۆکارەکانی ئەم بێمتمانەییە چین؟**

- ئەمــە لەشــوێنێکەوە بۆ شــوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام مــن پێموایە خوێنەری ڕۆژنامــەکان و بینــەر و بیســەری دەزگا و کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن هۆشــیارن بەســەرچاوەی دارایــی ئــەم دەزگایانە، من پێموایە لەزۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەکروەکاندا، نەك تەنها ئەو وڵاتانەی پێشــتر لەژێر دەســەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا بــوون، خــاوەن و بەرپرســانی کەناڵ و ئامرازەکانــی ڕاگەیانــدن بــۆ هێنانەدی بەرژەوەندی سیاســی یان بازرگانی هەڵساون بە شێواندنی هەواڵ و زانیاریەکان، کە ئەمەش سەرچاوەی بێ متمانەبوونی هاوڵاتیانە بەم دەزگایانە.

*** یەکێك لە لایەنە سلبیەکانی دیکە لە وڵاتانی تازەگەشەکردودا ئەوەیە تێکڕای دەزگاکانــی ڕاگەیانــدن، تەلەڤزیــۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان لەژێر دەســەڵاتی پارتە سیاســیەکاندا، پرســیارەکە ئەوەیە لە هەلومەرجێکی لەم چەشــنەدا چۆن ڕاگەیاندن سەربەخۆ و ئازاد دەبێت؟**

- ئەگــەر پارتێکی سیاســی دیاریکراو کۆنترۆڵــی تێکڕایــی دەزگاکانــی ڕاگەیاندنی کردبێت ئەوا ئەمە کێشەیەکی گەورەیــە، بــەڵام ئەگــەر ململانێ و ڕکابــەری هەبێت، ڕەنگــە بارودۆخەکە باشتر بێت. هەرچۆنێك بێت، من پێموایە ڕێگاچارەی ئەم حاڵەتە لەمەودای دووردا بریتیە لــەوەی دەزگاکانــی ڕاگەیاندن لەڕێی داهاتی بانگەشــە بازرگانیەکانە و لەڕێی فرۆشــتنی بڵاوکراوەکانی ئەم دەزگایانەوە بتوانن ســەرچاوەی دارایی پێویســت بۆ بەردەوامبوونیان بەدەســت بهێنــن. یەکێــك لــە کێشــە گەورەکانی بەردەم پرۆســەی بنیاتنانی دیموکراسی نەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە تەنها کێشەی بەردەم ئەم پرۆسەیە نیە.

*** ئایــا تــا چ ڕادەیــەك دەرکردن و داڕشــتنی یاسا و ڕێساکان ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ چارەسەردەکات؟**

- کێشەکە لەبوونی یاساکاندا نییە، بەڵکو لەجێبەجێکردنــی یاســاکاندایە، چونکە تەنها دەرکردن و پەسەندکردنی یاساکان بەس نین، بەڵکو دەبێت ئەو دامەزراوانەش لەئارادابن کە بەشێوەیەکی کارا هەڵدەستن بەجێبەجێکردنــی یاســاکان، هەروەها لە هەمان کاتدا هەڵدەســتن بەگرتنەبەری هەنــگاوی جیددی بــۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی سەروەری یاسا و سەربەخۆبونی دەسەڵاتی قەزائی.

> تەنها دەرکردن و پەسەندکردنی یاساکان بەس نین، بەڵکو دەبێت ئەو دامەزراوانەش لەئارادابن کە بەشێوەیەکی کارا هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی یاساکان

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لەئەرکی بنیاتنان و دروســتکردنی ڕاگەیاندنێکی ئازاددا.





**ڕۆژنامەنووس خاتوو سوسەن موللەر بەڕێوەبەری سەنتەری نێودەوڵەتی میدیا لەزانکۆی میریلاند و پرۆفیسۆرە لەبواری ڕۆژنامەگەری لەزانکۆی ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی باشترین نووسینی بەبڕی ١٠٠ هەزار دۆلار لەسەر نووسینێك «چۆن میدیا مامەڵە لەئیسلام و تیرۆریزم دەكات» وەرگرتووە، وەك یەكێك لەشرۆڤەگەرەكانیش خانمی موللەر لەلایەن هەموو كەناڵە بەناوبەنگەكانی ئەمریكا وەك CBS، -CNN FOX NWES بەردەوام بۆ شیكردنەوەی هەواڵەكان بانگهێشت دەكرێت، بۆ قسەكردن لەسەر ڕەوشی میدیا و ئازادی ڕادەبڕین خاتوو سوسەن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

### ڕۆژنامەنووس سوسەن موللەر بۆ گوڵان:

# ناتوانین بەشێوەیەكی موجەرد باسی ڕاگەیاندنی ئازادبكەین، بەبێ سەروەری یاسا ڕاگەیاندنی ئازاد دروستنابێت

بۆئەوەی ڕاگەیاندنی ئازاد سەرهەڵبدات و گەشەبكات، دەبێت سەروەری یاسا باڵادەست بێت

*** دەزگاكانی ڕاگەیاندن لەو كۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای پرۆسەی بەرەوپێشچووندان، یاخود لەسەرەتای هەنگاونانن بەرەو چەسپاندنی دیموكراسی، هەوڵی ئەوە دەدەن ببنە دەزگاگەلێكی ڕاگەیاندنی ئازاد، لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێت پێیان بڵێین ڕاگەیاندنی سەربەخۆ، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانین لەقۆناخی ئینتیقالیدا میكانیزمەكانی هێنانەدی ڕاگەیاندنی ئازاد بەڕێوەببەین؟**

- لەڕاستیدا دەبێت لەسیاقە گشتیەكەدا باس لەڕاگەیاندن یان ڕاگەیاندنی ئازاد بكەین، نەك تەنها بە شێوەیەكی موجەڕەد و وەك ئەولەویەتێك ئاماژەی پێبكەین، واتە بۆئەوەی ڕاگەیاندنی ئازاد سەرهەڵبدات و گەشەبكات، دەبێت سەروەری یاسا باڵادەست بێت، دەبێت سیستمێكی قەزائی لە وڵاتەكەدا كاربكات كە ڕێگە بە ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەبڕین بدات، بەهەمان شێوە دەكرێت لەم ڕووەوە سیستمی پەروەردە یان مەنهەجەكانی خوێندنیش ڕۆڵیان خۆیان ببینن، بۆ نموونە ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتی بوتان بڕوانین، لەم وڵاتەدا كۆرسەكانی پەیوەست بە ڕاگەیاندن لە مەنهەجەكانی خوێندندا جێگەیان كراوەتەوە، بە چەشنێك قوتابیە منداڵ و هەرزەكارەكان ئاشنادەكرێن بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن، نەك تەنها وەك چاودێرێك بەسەر گەندەڵی و كەموكوڕیەكانی حكومەتەوە، بەڵكو وەك ئامرازێكی یارمەتیدەر لەبواری بەرەوپێشچونی ئابووری و پیشەسازیدا. لەڕاستیدا لەوڵاتانی ئەوروپا و لەوڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكاشدا، خەڵكی باس لەگرنگی ڕاگەیاندنی ئازاد دەكەن، كە ئەمەش شتێكی ڕاست و دروستە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئازاد تەنها لەژینگەیەكدا گەشەدەكات كە بەهاكانی وەك ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەبڕین پارێزرابێت و بایەخ بەپەروەردەكردنی هەزرەكاران و پێگەیشتووان بدرێت.

*** لە قۆناخی ئینتیقالیدا دەزگاكانی ڕاگەیاندن بە دەست نەبوونی سەرچاوەی داراییەوە دەناڵێنن، بەچەشنێك ئەم دەزگایانە ناتوانن تەنها بەهۆی فرۆشتنی بەرهەمەكانیانەوە سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ بەردەوامبونیان دابین بكەن، پرسیارەكە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك هێنانەدی شەفافیەت هۆكارێكی یارمەتیدەر دەبێت لەهێنانەئارای ڕاگەیاندنی ئازاددا؟**

- ئێوە خاڵێكی گرنگ و سەرنجڕاكێشتان وروژاند، لەڕاستیدا دابینكردنی بناخەیەكی ئابووری و دارایی بۆ دەزگاكانی ڕاگەیاندن كارێكی پێویستە، بەڵام لەم سەردەمەدا، بەهۆی بەكارهێنانی ئامرازگەلێكی دیكەی وەك تەلەفۆن (بۆ گۆڕینەوە و گەیاندنی هەواڵ) و ئەنتەرنێت داهات و بازاڕی ڕۆژنانەكان بەرەو كزبون و كەمبونەوە چوونە، ئەم حاڵەتە لەوڵاتانی ئەفریقیادا بەدی دەكەین، لەكاتێكدا لەوڵاتێكی وەك هیندستاندا ڕۆژنامەگەری لەگەشەكردن و گەورەبووندایە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەموو حاڵەتەكاندا گرنگە دەزگاكانی ڕاگەیاندن بتوانن پشت بەسەرچاوەی دارایی خۆیان ببەستن و تەنها سەرچاوەیان حكومەت نەبێت. لەم سەردەمەدا، حكومەتەكان پتر لە ڕێی توندكردنی ڕێوشوێن و ڕێكارەكانی مۆڵەتپێدانی كردنەوەی وێستگەیەكی ڕادیۆیی یان كەناڵێكی تەلەفزیۆنیەوە یان هەر بوارێكی دیكەی ڕاگەیاندنەوە هەڵدەستن بە خستنەگەڕی هەوڵەكانیان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەو حاڵەتەی پێشتر ئاماژەمان پێكرد، لە بری ئەوەی هەڵبستن بە كۆنترۆڵكردنی و چاودێریكردنی ناوەڕۆكی ئەو بابەتانەی پەخش و بڵاوی دەكەنەوە.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە لە قۆناخی ئینتیقالی و لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا،**

**سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پارتە سیاسیەکان یان ڕێکخراوە ناحکومیەکانن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن ببێتە درێژکراوە و پاشکۆی ئەم پارت و ڕێکخراوانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم حاڵەتە تا چ ڕادەیەك زیان بەسەربەخۆیی ڕاگەیاندن دەگەیەنێت؟**

- ئەوە ڕاستە ئەگەر سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پارتە سیاسیەکان بن، یان حکومەت یاخود ڕێکخراوە ناحکومی و نێودەوڵەتیەکان، ئەوا ئەو کاتە ناتوانن ڕەخنە لەم حکومەت یان پارتە سیاسیانە یان ڕێکخراوانە بگرن، بەڵام بۆ ئەوەی لە مەودای دووردا بتوانین ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆی ڕاستەقینە دروست بکەین ئەوا دەبێت مۆدێلی سەرچاوەی تێکەڵ بگرینەبەر، مەبەستم ئەوەیە دەبێت لە کاتێکدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن یارمەتی لە حکومەت و ڕێکخراوەکان وەردەگرن، ئەوا دەبێت لە هەمان کاتدا بەشێکی داهات و دارایی خۆیان لە ڕێی بانگەشە بازرگانیەکان و فرۆشتنی بڵاوکراوەکانیانەوە بەدەستبهێنن. لەهەمان کاتدا ڕێکخراوێکی وەك سندوقی پەرەپێدانی ڕاگەیاندنیش هەیە کە دارای لە بواری پەرەپێدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەخەنەگەڕ و لەم ڕووەوە یارمەتی ئەم دەزگایانە دەدەن.

*** کێشەیەکی دیکە ئەوەیە ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی یارمەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدەن لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئەو مەرجەیان بەسەردا دەسەپێنن کە دەبێت بە چەشنی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا کاربکەن، ئەمە بێئەوەی سیاقە کولتووریەکە لەبەرچاوبگرن، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەوە یەکێکە لەکێشەکان، چونکە ناکرێت دەقاودەق شێوازی کارکردن و ئەزمونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکرێتەوە لە وڵاتێکی دیکەدا، من لەم ڕووەوە دەتوانم ئاماژە بەئەزموونی کەسێکی وەك داوود خەتاب بکەم لەوڵاتی ئوردن، کە تا ڕادەیەك لەم ڕووەو سەرکەوتوو بووە، چونکە هەرچەندە یارمەتی لەکۆمەکبەخشە ڕۆژئاواییەکانەوە وەردەگرێت، بەڵام خۆی بەقەرزاربار و منەتباری هیچ لایەنێکی دیاریکراو نازانێت، واتە تا ڕادەیەك ئازادە لەگوتنی ڕاستیەکان و ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات، هەروەها کەسانێك لەگەڵیدا کاردەکەن کە تێگەیشتن و تێڕوانین و بەها کولتووریەکانی خەڵکی وڵاتەکە لەبەرچاو دەگرن، بەو پێیە من پێموایە ناکرێت کەسانێك لەدەرەوەڕا بێن و شێوازێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە و کارکردن بەسەر خەڵکی وڵاتێکی دیکەدا بسەپێنن.

*** بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبری ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و لەبری ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری، زمانێکی زبر لەگەڵ یەکدا بەکاردەهێنن و یەکتر تاوانبار دەکەن، ئایا میکانیزم و شێوازەکانی چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە چین؟**

- ئەمە خاڵێکی باشە دەربارەی گرنگی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری و پاراستن و ڕەچاوکردنی وردبینی و ئەمانەت لەنووسین و گواستنەوە و گەیاندنی هەواڵەکان و ئەنجامدانی تەغتیەیەکی ورد و هاوسەنگدا، چونکە هەمیشە لەزۆرێك لەوڵاتانی جیهاندا کێشەی ڕەچاونەکردنی ئەمانەت و دیقەت لەکاری ڕۆژنامەگەریدا لەئارادایە. لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان گواستنەوەی لێدوانی ڕۆژنامەوانی بەرپرسێك وەك خۆی، لەگەڵ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا و ئاڕاستەکردنی پرسیاری سەخت و زەحمەت، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا ناتوانرێن دەستکاری ناوەڕۆکی لێدوانەکە بکرێت، یاخود بە هەڵە ناوببردرێت، لە کاتێکدا هیچ بەڵگە و سەلماندنێك بۆ هەڵەبونی نەخرێتەڕوو.

*** هەندێ لە چاودێرە سیاسیەکان باس لەئاڵۆزی کاری ڕاگەیاندن دەکەن لە زۆرێك لەو وڵاتانەدا کە پێشتر سەر بەیەکێتی سۆڤیەت بوون، کە کێشەی نەبوونی متمانە هەیە بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە، ئایا هۆکارەکانی ئەم بێ متمانەییە چین؟**

- لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەگەلێکی سەرنجراکێش لە ئارادان دەربارەی هۆکارەکانی بێمتمانەیی خەڵك لەئاست دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، یاخود هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی خەڵك متمانە بەدەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیاریکراو دەکەن و بێ متمانەن لە ئاست دەزگاکانی دیکەدا، ئێمە لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستیە ڕوون بکەینەوە کە تەنها تاقە دەزگایەك لە ئارادانیە، بەڵکو چەندین دەزگای ڕاگەیاندن بوونیان هەیە، یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان باس لەوە دەکات کە خەڵك پتر متمانە بەو دەزگایانە دەکەن کە لەگەڵ تێڕوانین و بیروباوەڕی سیاسیاندا دەگونجێن، ئەگەرچی ڕەنگە تا ڕادەیەکی دیاری کراو موبالەغەش هەبێت لەم مەسەلەیەدا. زۆرجار ڕەخنەی ئەوە لە ڕاگەیاندنە حزبیەکان دەگیرێت کە دەرفەت بەگفتوگۆیەکی جیددی نادەن لەسەر پرس و مەسەلە گرنگەکان و ڕێگە بە بەشداری خەڵك و هاوڵاتیان نادەن لەم گفتوگۆیانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاپۆرت و کاری ڕۆژنامەگەری جیددی لەزۆرێك لە وڵاتاندا لەئارادان دەربارەی ڕووداوە گەورە و گرنگەکان، وەك ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەگەریانەی حاڵەتەکانی کەموکوڕی و ناتەواویی و ساختەکاریەکانی هەڵبژاردنەکان لەوڵاتانی زیمبابۆی، کینیا و چەند وڵاتێکی دیکە ئاشکراکرد.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن سەربەخۆ پەیوەستە بەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەوە، یاخود تا چ ڕادەیەك قەیرانی سەربەخۆیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی، یاخود ئایا ئەم کێشەیە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕاگەیاندنی ئازاددا؟**

- من پێموایە بێ بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد ناکرێت باس لەبوونی دیموکراسی بکەین، واتە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی بەرفراوان و چالاك بکرێت لەسەر تێکڕایی پرس و کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان ئەوا دیموکراسی پێویستی بەڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ و ئازاد هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی وڵاتی پاکستان کە نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دەستوریدا و لە کاتێکدا سەرۆکی وڵاتەکە دەستێوەردانی لەدادگای باڵای وڵاتەکەدا کرد، لەهەمانکاتدا هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەکانیش، لەم کاتەدا سیستمی قەزائی و ڕۆژنامەکانی هەستیان کرد پێوستیان بەیەکتری هەیە، ڕۆژنامە پێویستی بەوە هەیە سیستمی قەزائی پارێزگاری لێبکات، سیستمی قەزائیش پێویستی بەوە هەیە ڕۆژنامەکان مەسەلەکە بۆ ڕای گشتی ڕوون بکاتەوە، کەواتە بێ بوونی ئەم دو ستونە،سەروەری یاسا و ڕۆژنامەگەری ئازاد، ناتوانین باس لە دیموکراسی بکەین.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دەرکردن و داڕشتنی یاسا و ڕێساکان ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ چارەسەردەکات؟**

- لەهەموو وڵاتێکدا یاسای ڕێکوپێك و جوان هەن، بەڵام ئەگەر خەڵك لەم یاسایانە تێنەگەن و ڕێزی نەگرن و فشارنەکەن بۆئەوەی حکومەت ناچاربکەن جێبەجێیان بکات و پێیانەوە پابەند بێت ئەوا یاساکان بایەخیان نابێت و تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێننەوە. هەمیشە ئەو ڕەخنەیە لەڕاگەیاندن دەگیرێت کە پتر بایەخ بەبانگەشە بازرگانیەکان و هەواڵ و چیرۆکی کەسایەتی و ئەستێرەکانی بواری هونەر دەدات، بەڵام دەبێت لەڕێی سیستمی پەروەردەوە هاوڵاتیان بەگرنگی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئاشنابکەین. ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ئەوە بەدی دەکەین کە زامنی مافی ناڕەزایی دەربڕین، کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی کردووە، هەموو ئەمانەش پەیوەندییەکی پتەویان بەئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە.

**ڕاگەیاندنی ئازاد تەنها لەژینگەیەکدا گەشەدەکات کە بەهاکانی وەک ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەبڕین پارێزرابێت و بایەخ بەپەروەردەکردنی هەزرەکاران و پێگەیشتووان بدرێت**

**لەهەموو حاڵەتەکاندا گرنگە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن پشت بەسەرچاوەی دارایی خۆیان ببەستن و تەنها سەرچاوەیان حکومەت نەبێت**

## وليام پۆلک دبلۆماتکاری ئەمەریکی بۆ گوڵان:

# کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، ئەگەری ئەوەی هەیە پشێوی لە دوای خۆی دروست بکات، مانەوەشی زامنی سەقامگیری وڵاتەکە ناکات

**دبلۆماتکاری بەئەزموونی ئەمەریکا وليام ئار پۆلك، پێش ٤٨ ساڵ لەمەوپێش لەلایەن سەرۆك کینیدییەوە بۆ ئەندامی ستافی پلاندانانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەستنیشانکراوە و بەدرێژایی ئەم ٤٨ ساڵە بەردەوام چ وەك دبلۆماتکار چ وەك ئەکادیمی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دانەبڕاوە، پرۆفیسۆر پۆلك ئێستا لە فەرەنسا دادەنیشێت، خاوەنی ١٣ کتێبی قەوارە گەورەیە لەسەر سیاسیەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و تازەترین کتێبی کە لەسەر عێراق نووسیوویەتی بە ناونیشانی: سیاسەتی توندوتیژی : مێژووی یاخیگەری، تیرۆریزم، شەڕی گەریلا لە شۆڕشی ئەمەریکاوە بۆ عێراق، پرۆفیسۆر پۆلك ماوەیەك لە زانکۆی بەغدا ئوستادی زانستی سیاسەت بووە، بۆیە زۆر شارەزایە لەسەر بارودۆخی عێراق و ئێستاش کە لە باشوری فەرەنسا نیشتەجێ یە زۆربەی کاتەکانی تەرخانکردووە بۆ نووسین لەسەر عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا،بۆ قسەکردن لەسەر ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئێستای ئۆباما لە عێراقدا وليام پۆلك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵوێستی ئیدارەی ئۆباما دەبینیت لە ئاست ئەم وڵاتەداو چۆن هەڵیدەسەنگێنییت؟**

- من گۆڕانێکی گەورە بەدی ناکەم لە بارودۆخی چەند مانگی رابردوودا، لەبەر ئەوەی هێشتا گرژی ئاڵۆزی لە نێوان شیعە و سوننەکان، هەروەها لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەیە، بە هەمان شێوە حاڵی حازر تەرکیزی ئیدارەی ئۆباما زیاتر لەسەر ئەفغانستانە، نەك عێراق، بڕیارەکەی ئیدارەی ئۆباماش بە کشانەوە لە عێراقدا، بەو مانایە دێت کە چیتر عێراق وەك کێشەیەکی گەورە سەیر ناکات. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد من گۆڕانگارییەکی گەورە بەدی ناکەم، پاساوی بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا لە لایەن ئۆباماوە ئەوەیە کە پێویستی بەم هێزانە دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە لە ئەفغانستاندا جێگیریان بکات، چونکە ئێمە دەزانین هەردوو جەنەراڵەکە، پاتریۆس و مەکریستاڵ داوای زیادکردنی ڕێژەی هێزەکانی ئەمەریکایان کردووە لە ئەفغانستاندا، کەواتە کشانەوە لە عێراقدا ڕەوشێکی پڕ لە پشێوی و ئاڵۆز لە عێراقدا جێدەهێڵێت، لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەی حکومەتی عێراق لەگەڵ سوننەکاندا کە خاوەنی بزوتنەوەی یاخیبون بوون چارەسەرنەکراوە، هەروەها گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان کورد و عەرەبەکانیش هەروەك خۆیەتی.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم کشانەوەیە لە عێراقدا وەك نیشانەی شکست لێکدەدرێتەوە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- ڕەنگە پاشەکشەکە ئاڵۆزی و پشێوی لە دوای خۆی جێبهێڵێت، لە ڕاستیدا بڕیاری کشانەوەکە لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنامەیەك دراوە کە بەریتانییەکان نەیانتوانی هەمان ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقدا ئیمزا بکەن، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە خەڵکی ئەمەریکاوە هەبێت ئەوان پێیان وایە شەڕی عێراق کۆتای هاتووە، ئەگەرچی ئەمە تێڕوانینێکی ڕاست نییە، بەڵام ئەمە واقیعەکەیە.

*** چۆن لە ڕەوشی ئارام و سەقامگیری کوردستان دەڕوانیت، ئایا پێت وایە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئۆباما بایەخ بە پاراستنی سەقامگیری ئەم هەرێمە دەدات، ئایا لە دوای ئەو کشانەوەیە پەیوەندییەکانی ئەم هەرێمە و ئیدارەی ئۆباما چۆن دەبێت؟**

- بەدەستهێنان و چەسپاندنی سەقامگیری ئەرکێکی سەختە، لە ڕاستیدا هێزێکی دەرەکی ناتوانێت سەقامگیری بسەپێنێت، بەڵکو دەبێت سەقامگیرییەکە لە ئیرادە و خواستی خەڵکی وڵاتەکەوە سەرچاوە بگرێت، ئەو کاتە هەوڵەکانی هێنانەدی و چەسپاندنی سەقامگیری سەرکەوتوو دەبن.

*** ئێستا دوو کێشەی گەورە لە عێراقدا هەن، یەکەمیان کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدایە، دووەمیان کێشەی نێوان عەرەبی سوننە و بەغدایە، کە دوو کێشەی ناوخۆیی لە عێراقدا، بەڵام لێکجیاوازیشن. کەواتە، بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە تا چ ڕادەیەك ئۆباما یارمەتی عێراقییەکان دەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا، ئەمە لە کاتێکدا دڵنیاین لەوەی عێراقییەکان ناتوانن ئەم کێشانە لە ناوخۆیاندا یەکلابکەنەوە؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداربم من هیچ بڕیارێك بەدی ناکەم لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە، من پێشتر کتێبێکم نووسی دەربارەی عێراق، ئاماژەم بە گرنگی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەکردووە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا باسی دەکەن، من هەر لە سەرەتاوە دژی شەڕەکە بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا لە عێراقداین ئەوا دەبێت نەخشە و پلانیووردمان هەبێت بۆ چۆنیەتی کشانەوەمان لەو وڵاتە، لەبەر ئەوەی ناتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە سبەینی عێراق جیدەهێڵین و بڵێین هەرچی ڕوودەدات ئەوە کێشەی ئێمە نییە، بەڵکو دەبێت کار بۆ ئەوەی بکەین دوای کشانەوەی هێزەکان بارودۆخێك دروست نەبێت خەڵکێك زۆر بکوژرێن و خەڵکێکی زیاتریش توشی نەهامەتی ببن.

*** سەردانی جۆزیف بایدن بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا، ئاماژەیە بە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا. بە پێی بیروبۆچوونی ئێوە، تا چ ڕادەیەك ئەگەری سەرکەوتن لەم**



**هەوڵانەی بایدن دەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا من هیچ ئەگەرێکی ڕاستەقینەی سەرکەوتن بەدی ناکەم بۆ ئەم هەوڵانە، ئەمەریکا کاریگەرییەکی سنورداری هەیە لە هێنانەدی ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی عێراقدا، من لەم ماوەی رابردوودا لێکۆڵینەوەم لەسەر بزوتنەوە یاخیگەرییەکان و شەڕی گەریلای کردووە، هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت ڕێکەوتن و چارەسەر بەسەر هێزە ناوخۆییەکاندا بسەپێنێت ئەگەر ئەم هێزانە خوازیاری ڕێککەوتن نەبن، لەبەر ئەوە من نیگەرانم ئەگەر هەوڵی جیددی نەدەین بۆ یارمەتیدان، یان بۆ کارکردنی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکیانە، ئەوا ڕەنگە هەلومەرجێك بێتەپێشەوە کە خەڵکێکی زۆر ببنە قوربانی و ژمارەیەکی گەورەی خەڵکیش تووشی دۆخێکی دژوار ببنەوە.

*** دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق، بە تایبەتی سوریا، دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەکەن. بەم دواییە، ئەوە ئاشکرابوو کە تیرۆریستان لە سنورەکانی سوریاوە دزەدەکەنە ناو عێراقەوە. ئایا تا چ ڕاددەیەك حکومەتی عێراق دەتوانێت ئەم کێشانە چارەسەربکات، ئەمە لە کاتێکدا عێراق ناتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکات؟**

- من پێم وانییە کێشە سەرەکییەکە لە دەستێوەردانی سوریا و دەوڵەتە دراوسێکانی دیکەی عێراق بێت، بەڵکو کێشەکە لە خودی دابەشبوون و جیاوازی و ناکۆکیی نێوان عێراقییەکاندایە، کێشەکە لەوەدایە حکومەتی عێراقی دەسەڵاتی پێویستی نییە، گرنگترین مەسەلە ئەوەیە عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتن و بڕیاری پێکەوە ژیانی هاوبەش بدەن، بەڵام بارودۆخی شەڕ و نەهامەتییەکانی دیکە جیاوازی و دابەشبوونی لە نێوان عێراقییەکاندا خوڵقاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا، تەنها ئەو کاتە ئاشتی و سەقامگیری دروست دەبێت کە خەڵکی عێراق بڕیاری پێکەوەژیان بدەن، بە پێچەوانەوە هیچ هێزێکی سەربازی لە جیهاندا ناتوانێت ئەم ئاشتیە بسەپێنێت، من هەمیشە لە موحازەرەکانمدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە هەموو سوپای ئەمەریکا ناتوانێت سەقامگیری نیویۆرك بپارێزێت ئەگەر خەڵکی ئەم ویلایەتە لە نێو خۆیاندا نەگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ پێکەوەژیان، هەمان شت بۆ عێراق و بۆ هەر دەوڵەتێکی دیکەش ڕاستە. کەواتە ئەوەی ئێمە دەتوانین بیکەین ئەوەیە یارمەتی عێراقییەکان بدەین لەم ڕووەوە کە من پێم وایە هێشتا ئەمەشمان نەکردووە.

*** ئێمە دەزانین چەندین کێشەی گەورەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەیە، ئایا تا چ ڕاددەیەك پێشبینی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی دەکەیت لە نێوان ئەم دوولایەنانەدا لە دوای جێهێشتنی هێزەکانی ئەمەریکا؟**

- بەرپابوونی ئەم شەڕە مایەی کارەساتە، کێشەکە ئەوەیە کاتێك وڵاتێك داگیردەکەیت، ئەوا گیانی پێکەوەژیان لە ناو خەڵکەکەدا لە ناودەبەیت و گەڕاندنەوەی بارودۆخەکەش بۆ دۆخی پێشوو کارێکی زەحمەتە. لە ڕاستیدا کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دۆخێکی پڕ لە پشێوی لە دوای خۆی دروست بکات، بەڵام مانەوەشی لە عێراقدا زامنی سەقامگیری وڵاتەکە ناکات، من پێم وایە ئەمەریکا ناتوانێت عێراقێکی سەقامگیر جێبهێڵێت لە دوای کشانەوە، تەنها ئەگەر ئەو پێشنیاری و ڕاسپاردانە قبوڵ بکات کە لە کتێبەکەماندا ( کە پێکەوە لەگەڵ سیناتۆر مەکڤرن نوسیومانە) هاتووە، چونکە ئەوەی تا ئێستا لە عێراقدا ئەنجاممان داوە تەنها بایەخدان بوو بە لایەنی سەربازی.

*** ئەوەی زیاتر مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات، هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقە، کە بە دڵنیاییەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت هەڵبژاردنی داهاتوو نەخشەی سیاسی وڵاتەکە بگۆڕێت. ئایا تا چ ڕاددەیەك هاوڕایت و تا چ ڕاددەیەك ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق؟**

- من لەو باوەڕەدانیم گۆڕانێکی گەورە دروست بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان تەنها دەنگ بۆ کورد و شیعەکان بۆ شیعە و سوننەکانیش دەنگ بۆ سوننە دەدەن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازی و دابەشبونەکان قوڵتردەکاتەوە، نەك ساریژیان بکات.

*** شوێنکەوتووانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و خۆبەهێزکردنەوەن، لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەی عەرەبە سوننەکان چارەسەرنەکراوە، ئەوا نیگەرانی و مەترسی ئەوە هەیە کە سوننەکان پشتیوانی لەم کەسانە بکەن، لێرەدا تا چ ڕاددەیەك مومکینە خۆمان لەم مەترسییە لابدەین؟**

- من ئەم ئەگەرە بەدی ناکەم، ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە بەعس لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازە، مەرج نییە ئەو بەعسەی ئێستا لە جموجوڵدایە هەمان بەعسی سەددامی بێت، لەبەر ئەوە ئەگەر من لە جێی سوننەکان بوومایەوە پشتگیریم لە لایەنێك دەکرد کە دەکرێت پشتگیری لێبکرێت، حاڵی حازر ئەو لایەنەش بەعسێکە کە پێداچونەوەی بەرنامەکانی خۆیدا کردبێت و گۆڕانکاری لە خۆیدا هێنابێتەدی.

*** دوای ٧ ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی سەددام، لایەنەکان بەو دەرئەنجامە گەیشتن کە یان دەبێت فیدراڵیزم پیادە بکرێت، یان دەبێت عێراق پارچە پارچە بێت. ئایا لەم ڕووەوە تا چ ئاستێك ئەمەریکا یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ ئەوەی بە یەکگرتووی بمێنێتەوە؟**

- من پێم وایە ئیدارەی ئۆباما بایەخ دەدات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تا ئێستا نەخشە و پلانێکی ژیرانەمان نەبووە بۆ جموجوڵ و کارەکانمان لە عێراقدا، کە لەم ڕووەوە دەکرێت پیادەکردنی ئاستێکی دیاریکراو لە فیدراڵیزم یەکێك بێت لە ڕێگاچارەکان، من لەو باوەڕەدام ئەو کەسانەشی کە پێشتر پشتگرییان لە حزبی بەعس دەکرد، ڕازیبدەبن بەو دۆخەی حاڵی حازر هەرێمی کوردستانی تێدایە، ڕەنگە تەنها کێشەکە داهاتی کێڵگەی گەورەی نەوتی کەرکوك بێت، کە دەکرێت ئەویش چارەسەربکرێت، کە ڕەنگە دابەشکردنی داهاتی ئەم کێڵگەیە لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستاندا یەکێك بێت لە ڕێگاچارەکان.

*** ئایا گەشبینیت بە ئایندەی عێراق؟**

- من گەشبینم بە ئایندەی وڵاتان، لەبەر ئەوەی ئەمە وەك پرۆژەیەکی بازرگانی نییە هەرەس بهێنێت و کۆتایی پێبێت، لەبەر ئەوە عێراق وەك وڵاتێك دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ڕەنگە دووچاری بارودۆخی دژوار بێت و ئەگەرچی ئەگەری شەڕی ناوخۆیش لە ئارادایە. ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، ئەوا ئێوە توانیوتانە کێشەکانی خۆتان چارەسەر بکەن و لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە بکەن، ڕەنگە باشترین هەلومەرج بۆ کوردستان ئەوەبێت خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت، بەڵام سەرکردەکانی ئێران و تورکیا ڕێگە بەم ئەگەرە نادەن، لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکان زۆر وریابن لە کاتێکدا گەشە بە هەرێمە ئۆتۆنۆمیەکەی خۆیان دەدەن، دەوڵەتە دراوسێکانی وەك ئێران و تورکیا ئیستیفزاز نەکەن بە چەشنێك کاردانەوەی خراپیان هەبێت لە ئاست هەرێمەکەدا.




هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت ڕێکەوتن و چارەسەر بەسەر هێزە ناوخۆییەکاندا بسەپێنێت ئەگەر ئەم هێزانە خوازیاری ڕێککەوتن نەبن




ئەم هەڵبژاردنە جیاوازی و دابەشبونەکان قوڵتردەکاتەوە، نەک ساریژیان بکات



## رانسۆم کلارک بۆ گوڵان:

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت عێراق بە یەکگرتووی نەمێنێتەوە

**جەی رانسۆم کلارک کە ئێستاجێگری سەرۆکی زانکۆی مۆسکینگ(Muskingum University) لە ویلایەتی ئۆهایۆ ماوەی ٢٥ ساڵ شرۆڤەکاری ستراتیژی و ئاسایش بووە لە ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا(CIA)لەم کارەشیدا تایبەتمەند بووە لەسەر ئاسیا، ئەوروپا، ئەمەریکای لاتینی و رۆژهەڵاتی ناوەراست، یەکێکە لە پسپۆرە شارەزاکانی بارودۆخی عێراق و کوردستان لەسەر ئاستی جیهان، پرۆفیسۆر کلارک لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی ئەمەریکایە لە عێراق و هەروەها لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی هەرێمی کوردستانە، سەبارەت بە ئایندەی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا و ئاییندەی هەرێمی کوردستان و عێراق پرۆفیسۆر کلارک بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و ئەو بەرەوپێشچوونانە دەبینیت کە لە ماوەی ٩ مانگی رابردوودا رویانداوە؟**

- بەرەوپێشچوون روویداوە، ئەگەرچی بە رەوتێکی خاویش بوویێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا عێراق بە دەست کێشەگەلێکی گەورەوە دەناڵێنێت، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا عێراق دەتوانێت حکومرانێتی وڵاتەکەی خۆی بکات دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، من شەخسی خۆم بە گومان لە تواناکانی عێراق لەم رووەوە. لە راستیدا بارودۆخەکە درێژکراوەی ئەو هەلومەرجەیە کە لە رابردوودا لە ئارادابوو، لەم روانگەیەوە من بە گومانێکی زۆرەوە لە ئەگەری تەواوکردنی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەروانم لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا، ئەمەش لە گومانی منەوە سەرچاوە دەگرێت لە تواناکانی عێراق کە لەو باوەڕەدانیم بتوانێت جڵەوی بارودۆخەکە بکات دوای کشانەوەی هێزەکان، بەو پێیە پەرەپێدان و باشترکردنی تواناکانی حکومەتی عێراق پێویست بەوە دەکات هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر و دورتر لە ساڵی ٢٠١١ بمێننەوە.

*** چۆن لە رەوشی ئارام و سەقامگیری کوردستان دەڕوانیت، ئایا پێت وایە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئۆباما بایەخ بە پاراستنی سەقامگیری ئەم هەرێمە دەدات، ئایا لە دوای ئەو کشانەوەیە پەیوەندییەکانی ئەم هەرێمە و ئیدارەی ئۆباما چۆن دەبێت؟**

- گرنگترین دەستکەوت لە ساڵی ٢٠٠٣وە بریتی بووە لە ئاستی ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی هاتووە. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا من نیگەرانم، یەکەم لەبەر ئەوەی هەندێ لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەرهەڵستی ئەم ئۆتۆنۆمییەی کوردستان دەکەن، واتە لەم رووەوە کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکان ئەگەری سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزییان لێدەکرێت، دووەم ئەگەری ئەوە هەیە ئەم سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان رووبەرووی مەترسی ببێتەوە لە دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا.

*** ئێمە دەزانین چەندین کێشەی گەورەی هەڵپەسێردراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا هەیە، ئایا تا چ رادەیەك پێشبینی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی دەکەیت لە نێوان ئەم دوولایەنانەدا لە دوای جێهێشتنی هێزەکانی ئەمەریکا؟**

- ئەمە پرسیارێکە تووشی ترس و لەزرمان دەکات، لەبەر ئەوەی کاتێك باسی شەڕی ناوخۆ دەکەین، باس لە وێرانکارییەکی راستەقینە دەکەین، هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ ناسەقامگیرییەکی قووڵی لێدەکەوێتەوە لەو بەشەی جیهاندا و دەبێتە هەڕەشە و مەترسییەکی راستەقینەش بۆ ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان.

*** ناکۆکی راستەقینەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کێشەی کەرکوکە، کە سەرکردە کوردەکان بە هێڵێکی سووری ناودەبەن و ئامادەنین**



**دەستی لێهەڵبگرن، بەو پێیە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە سەرچاوەی گرژی و ئاڵۆزی، ئایا ئیدارەی ئۆباما هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات پێش ئەوەی بەرەو ئاڵۆزی بچێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە. من دژی ئیدارەی ئۆباما نیم، بەڵام من هیچ تێگەیشتنێکی راستەقینەی لای ئەم ئیدارەیە بەدی ناکەم لە بارەی ئەوەی کە کێشەی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان جیاوازە لە کێشەی عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو، مەبەستم لە یەکگرتوو ئەوەیە هەر سێ بەشەکە لە خۆبگرێت، من لە زۆر شوێنی دیکەشدا ئاماژەم بەوە کردووە کە ئەم سێ بەشە ناتوانن پێکەوە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بمێننەوە ئەگەر حکومەتی مەرکەزی دان بە ئاستێك لە ئۆتۆنۆمیدا نەنێت بۆ ئەم بەشانە، ئەم ئۆتۆنۆمییەش کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی نەوتییەکانی هەرێمەکە لە خۆبگرێت.

*** کەواتە تۆ ئەگەری لەبەر یەکهەڵوەشانی عێراق بەدوور نازانی؟**

- من پێم وانییە ئیدارەی ئۆباما خوازیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بێت لە عێراقدا، لە کاتێکدا لە دوای ئەو کشانەوە عێراق بەرەو لەبەریەکهەڵوەشان و هەرەسهێنان بچێت، ئیدارەی ئۆباما هیچ هەنگاو سیاسەتێك پیادە ناکات ئەم دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە نە لە بەرژەوەندی عێراقە و نە لە بەرژەوەندی تێکڕای ناوچەکەدایە بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها هەرێمی کوردستان بەشێکی هەرە گرنگی چارەسەرەکەیە لە عێراقدا، من پێم وایە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بێ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت عێراق بە یەکگرتووی نەمێنێتەوە، تەنها ئەگەر ئاستێکی باڵای ئۆتۆنۆمی بدرێت بە ناوچە و بەشە جیاوازەکانی وڵاتەکە.

*** ئایا پێت وایە جۆزێف بایدن لە توانایدا هەبێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات و ئەو مەترسییە برەوێنێتەوە؟**

- ئێمە دەبێت لەو راستییە تێبگەین کە ئیدارەی ئەمەریکا کاریگەری و دەسترۆیشتنەیەکی سنورداری هەیە لەو ئاراستەیەی کە لە ئایندەدا حکومەتی عێراق دەیگرێتەبەر، ئەمەریکا دەتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بەڵام دەبێت خەڵکی عێراق خۆیان خوازیاری ئەم هاوکاری و یارمەتییەبن، واتە بۆ ئەوەی ئەمەریکا یارمەتیدەر بێت لە پاراستنی یەکێتی عێراق دەبێت، عێراقییەکان خوازیاری ئەوەبن بە یەکگرتووی بمێننەوە و پێکەوەبژین.

من پێم وایە یان دەبێت حکومەتی مەرکەزی عێراق کێشەکانی لەگەڵ ئەو هەرێمەدا چارەسەربکات کە گرفتی هەیە لەگەڵیدا، یان ئەم کێشانە درێژەدەکێشن، ئەو کاتەش عێراق ناتوانێت سەرکەوتوو و کارا بێت. باشترە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بەڵام بە پێی مەرجەکانی خۆی، ئەمە پێویستی بە ئاستێك لە فیدراڵیزم و سەرکردایەتیکردنی دیموکراتیانە هەیە کە عێراق لە رابردوودا پێی ئاشنا نەبووە. کەواتە من ناتوانم بڵێم زۆر گەشبینم، چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کارێکی ئاسان نیە.

*** بەڵام ئێستا عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەچێت، ئایا پێت وایە ئەم هەڵبژاردنانە گۆڕانێك دروست بکات؟**

- ئەوە ئەگەرێکە کە ئەم هەڵبژاردنانە گۆڕانکاری ئەهێننە ئاراوە، بەڵام من نازانم ئایا گۆڕانەکانی ئیجابی دەبن، یان سلبی، راستە ئەنجامدانی هەڵبژاردن گرنگە، بەڵام لە وڵاتێکدا کە بەشە جیاوازەکانی نەگەیشتونەتە رێککەوتنێك لەسەر ئەوەی دەبێت شێوەی حکومەت چۆن بێت، ئەوا من نازانم ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بارودۆخەکە باشتر دەکات یان ئاڵۆزتر.

*** تاچەند دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی عێراق دەبێت؟**

- ئەتوانین ئەوە بڵێین کە عێراق بەدەست چەندین کێشە و دژوارییەوە دەناڵێنێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بۆ نموونە سوریا کێشەی هەیە لەگەڵ عێراقدا، ئێوە باشتر ئاگادارن لەو گرفت و سەختیانەی عێراق هەیەتی لەگەڵ تورکیادا، بە هەمان شێوە ئێرانیش یارمەتیدەر نیە بۆ باشتربوون و سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، کەواتە ئەمانە سەرچاوەی کێشەن لە مەودای دووردا بۆ سەقامگیری عێراق، ئەمانە لە سەردەمی سەددامدا سەرچاوەی کێشە بوون و لە داهاتوشدا بەم شێوەیە دەمێننەوە. کەواتە بەشێکی کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی دۆستتان نیە لە دەروبەردا.

*** ئێستا کۆنە بەعسییەکانیش خەریکی خۆڕێکخستنەوە و بە پێی هەندێك سەرچاوە هێزەکانی سەحوە لەحکومەتی عێراق نیگەران و مەترسی ئەوەهەیە سەحوە پشتی بەعسییەکان بگرێت، ئایا چۆن سەیری ئەم مەترسییە دەکەیت؟**

- من پێم وایە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەکەوێتە ئەستۆی خەڵکی وڵاتەکە خۆی، بە کورد و شیعەو سوننەکانەوە، ئەمانە کێشەگەلێکی گەورە و جیددین، بەڵام ئێوە لە ناو کێشە و لەگەڵ کێشەکاندا دەژین، ئێوە دەتوانن چارەسەریان بکەن، ئەم ئەرکە ناکەوێتە ئەستۆی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی ناتوانێت یەکلایان بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەر عێراقییەکان داوای یارمەتی لە ئەمەریکییەکان بکەن، ئەوا ئەمەریکا ئامادەیە، ئەمەریکا دەتوانێت هاوکاری عێراق بکات بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە، چونکە بۆ ئەوەی دیموکراسی لە عێراقدا گەشە بکات دەبێت حاڵەتی گرژی و ئاڵۆزی برەوێنرێتەوە، چونکە دیموکراسی لە دۆخی شەڕ و بارگرژیدا گەشەناکات، بەڵام دەبێت لێرەدا ئاماژە بە هەرێمی کوردستان بکەین کە سەرەڕای دژوارییەکان، بەڵام توانیویەتی بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی بهێنێت، ئەگەرچی رەنگە من هاورانەبم لە هەندێ بوار لەگەڵیدا، بەڵام بەرەوپێشچونی گرنگ هاتۆتەدی، بە داخەوە بەم دواییە شەپۆلی توندوتیژی لەم هەرێمە نزیك بۆوە، من هیوادارم خەڵکی هەرێمەکە کاربکەن بۆ ئەوەی ئەم تەوژمی توندوتیژییە نەگاتە ناوچەکەیان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هەمیشە ئەوەم دوپاتکردۆتەوە کە سەرکردە سیاسییەکان هەرێمی کوردستان کێشەیان لە ناو خۆیاندا هەیە، من پێم وایە دەبێت کارو کۆشش بکەن بۆ ئەوەی لە مەودای دووردا ئەم کێشانە یەکلابکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا و بۆ هێورکردنەوەی سنورەکان لەگەڵ تورکیادا، من هیوادارم سەرکردە کوردەکان خاوەنی حیکمەت و ژیری بن لەم رووەوە، کە من پێم وایە شایستەی ئەوەن ژیرانە رەفتار بکەن و ژیرانە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکەن.

**پەرەپێدان و باشترکردنی تواناکانی حکومەتی عێراق پێویست بەوە دەکات هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی زیاتر و دورتر لە ساڵی ٢٠١١ بمێننەوە**




**ئەگەری ئەوە هەیە ئەم سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە لە دوای پاشکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا**

## مایكل یۆن بۆ گوڵان:

# چیتر عێراق كێشەی ژمارە یەک نییە لە ئەمەریكادا

ئەوەی گرنگە ئەوەیە عێراق ببێتە دەوڵەتێكی بەهێز بە چەشنێک دەستێوەردانەكان تەنها بێزاركردن بن

**ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری جەنگ مایكل یۆن لە ساڵی ٢٠٠٤ وە تائێستا ڕووماڵی شەڕەكانی عێراق و ئەفغانستان بۆ ڕۆژنامەكانی وۆل ستریت جۆرناڵ و نیویۆرك تایمز و FOX،ABC، CNN هەروەها بۆ سەدان ڕۆژنامەو دیكەی لەسەرانسەری جیهاندا كردووە، مایكل یۆن كتێبێكی لەسەر عێراق نووسیوە بەناونیشانی ( خاڵی یەكلاكەرەوە لە عێراقدا: چۆن ئەم نەوە مەزنەی سەربازانی ئەمەریكا لە شكست و بێ ئومێدییەوە بەرەو ئومێد سەركەوتن دەچن)( Moment of Truth in Iraq: How a New <Greatest Generation> of American Soldiers is Turning Defeat and Disaster into Victory and Hope) مایكل یۆن یەكێكە لەو ڕۆژنامەنووسانەی ترسی ئەوەی هەیە ئەمەریكا شەڕی عێراق بدۆڕێنێت، بۆ قسەكردن لەسەر بارودۆخی عێراق مایكل یۆن بە سوپاسەوە پێی ڕاگەیاندین كە ئەو شەرفمەندە لەرێگەی گوڵانەوە لێدوان بۆ خەڵكی كوردستان بدات، بۆ ئێمەش وێڕای ئەوەی سوپاسی دەكەین، ئێمەش شەرەفمەندبووین كە ئەو ڕۆژنامەنووسە بوێرە قسەی بۆ كردین، ئەمەش دەقی دیمانەكەی مایكل یۆنە بۆ گوڵان:**



*** هیچ گۆڕانێـــك لە بارودۆخی عێراقدا بەدی ناكەین كە جیاوازبێت لەســـەردەمی بۆش، ئایا بە تیروانینی ئێوە ئۆباما بە هەمان شـــێوە مامەڵە لەگـــەڵ عێراقدا دەكات لە كاتێكـــدا كە دەبێت هێزەكانی ئەمەریكا لەو وڵاتەدا پاشەكشە پێبكات لە كۆتای ساڵی ٢٠١١دا؟**

- یەكەم، دەمەوێت ئەوە بڵێم من خۆم بە شەرەفمەند دەزانم قســـە بۆ خەڵكی كوردستان بكەم. من لە ســـاڵی ٢٠٠٨ەوە نەهاتومەتە كوردســـتان، بەڵام ڕاســـپاردەیەی من بۆ زۆرێك لە ئەمەریكییەكان ئەوەبووە كە پێویستە بۆ بەسەربردنی پشووەكانتان سەردانی ناوچە كوردییەكە بكەن و كاتێكی خۆش لەگەڵ خەڵكی ناوچەكەدا بەسەر ببەن و چێژی لە جوانی وڵاتەكە وەربگـــرن. ئەوەی پەیوەندی بـــە پابەندبـــوون و ئیلتیزاماتـــە نەتەوەییەكانەوە هەبێـــت، ئەوا چیتر عێراق كێشـــەی ژمارە یەك نییـــە لە وڵاتـــە یەكگرتووەكانـــی ئەمەریكادا. حاڵـــی حازر وڵاتە یەكگرتووەكان پتر بە كێشـــە سیاســـییە ناوخۆییەكانییەوە سەرقاڵە . كاتێك بۆ دەرەوە دەڕوانین، ئەوا تەركیزمان زیاتر لەســـەر ئەفغانستانە كە ڕەوشـــی شـــەڕەكە بە ئاڕاســـتەیەكی خراپدا دەڕوات. من پێم وایە ســـەرنج و تەركیزی ئیـــدارەی ئۆباما و ئەمەریكییەكانـــی دیكە لەســـەر شـــوێنێكی دیكەیە.

*** كەواتە، بـــە پێی بیروبۆچوونـــی ئێوە تا چ ڕاددەیەك باراك ئۆبامـــا یارمەتی عێراقییەكان دەدات لە چارەسەركردنی كێشەكانیاندا، ئەمە لە كاتێكـــدا دڵنیاین لەوەی عێراقییەكان ناتوانن ئەم كێشانە لە ناوخۆیاندا یەكلابكەنەوە؟**

- ئەم كێشـــە هەستیارە پەیوەستە بە تێگەیشتنی ئەمەریكییەكانـــەوە لـــە ســـەنگی ئێـــوە و لەو پێشـــوازییەی لە ڕۆڵی ئێمە دەكرێت لە عێراقدا. پێدەچێت، زۆرێك لە ئەمەریكییەكان پێیان وابێت زۆرینەی عێراقییـــەكان خوازیاری دووركەوتنەوە و كشـــانەوەی ئەمەریكییەكانـــن لە وڵاتەكەیان. زۆرێك لە ئەمەریكییەكان درك بەو ڕاستیە ناكەن كە زۆرێك لە عێراقییەكان تەقدیرێكی گەورەیان هەیە بـــۆ توانای ئێمـــە لـــە یارمەتیدانیان لە چارەسەركردنی ئەو كێشانەی وەك كێشەی دژوار و درێژخایەن دەردەكەون. ئەمەش لە هەر سەرەتاوە مایەی گیروگرفت بووە. كارێكی یارمەتیدەر دەبێت ئەگـــەر عێراقییەكان—لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا—پێمان ڕابگەیەنن هاوكاری ئێمەیان پێویســـتە و ڕێزیش لـــەم هاوكارییە دەگرن. هێشـــتا زۆرێك لە ئەمەریكییەكان ئامادەی هاوكاری كردنن، بەڵام دەبێت ئەمریكییەكان بزانن كە عێراقییەكان بە ڕاستی پێویستیان بە یارمەتی ئەوان هەیە و ڕێز لەو یارمەتیدانەش دەگرن.

*** بـــەڵام لەســـەردانەكەی جۆزیـــف بایدن بۆ بەغداو كوردســـتان ئێمـــە لای خۆمانەوە ئومێدێكـــی زۆرمـــان پێیەتی، بـــەرای تۆ**

**سەردانەکانی بایدن مایەی بایەخدان بەکێشەکانی عێراق و کوردستان؟**

- جۆزێف بایدن تێگەیشتنێکی کەمی هەیە بۆ هەلومەرجی ئەم چەند ساڵەی دوایی عێراق. لە یەکێک لە قۆناغەکاندا، بەڕێز بایدن چارەسەرەکەی لە دابەشکردنی عێراقدا بۆ سێ بەش بەدی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆششەکانی بەڕێز بایدن ئامانجی باشن. تا چ ئاستێک ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو دەبن؟ ئەمە دەوەستێتە سەر ئیرادەی عێراقییەکان بۆ ئاشتبوونەوە یان چارەسەرکردنی کێشەکانیان. لە کۆتاییدا، تەنها ئەو کاتە ناوبژیوان سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر لایەنەکان ئامادەیی دەستهەڵگرتنیان هەبێت لە داواکارییەک لەبەرامبەر بەدەستهێنانی داواکارییەکی دیکەدا، بە چەشنێک ئەمە ببێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکە.

*** ئایا عێراق تا چ رادەیەک دەتوانێت مامەڵە ئیقلیمیەکانی ڕێک بخاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا عێراق ناتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەربکات؟**

- ڕەنگە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق هەرگیز کۆتای نەیەت. ئێمە هەموومان تا رادەیەکی دیاری کراو دەستێوەردان لە کاروباری ئەوانی دیکەدا دەکەین. ئەوەی گرنگە ئەوەیە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز بە چەشنێک دەستێوەردانەکان تەنها بێزارکردن بن. هەفتەی پێشوو من لە هۆڵەندا بووم و جەنەراڵ پاتریۆسیش لەوێ بوو. من بە جیا قسەم لەگەڵدا کرد، هەروەها ئەو قسەی بۆ راگەیاندنەکانیش کرد، تێیدا باسی لە دەستێوەردانی سوریا کرد. ئەوەی روون بوو، ئەوەبوو کە پاتریۆس باوەڕی وابوو، هێشتا دزەکردن و پەڕینەوەی چەکدار کۆتای نەهاتووە و بۆتە سەرچاوەی هەندێ کێشە. بە دڵنیاییەوە هەمووما دەزانین پاراستن و بەرگریکردن لە سنوورەکان چەند زەحمەتە. تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانیش نەیتوانیوە سنوورەکان لەگەڵ مەکسیکدا کۆنتڕۆڵ بکات. سنووری عێراق لەگەڵ سوریادا سنورێکی بەربلاو و چۆڵ و تەختاییە، لە کاتێکدا سنوورەکانی لەگەڵ ئێراندا گەورە و شاخاوییە. هەروەها سنورەکانی لەگەڵ تورکیادا مەسەلەیەکی دیکەیە و بە دڵنیاییەوە تورکیاش نیگەرانی خۆی لە ئاست هەندێ مەسەلەدا دەربڕیووە. دووبارەی دەکەمەوە، گرنگ ئەوەیە عێراقێکی بەهێز بنیاتبنرێت و سەقامگیری بچەسپێنرێت، بە چەشنێک دەستێوەردانەکان تەنها بێزارکردن بن، نەک هەڕەشە. دەکرێت ئەمە بەدەستبهێنرێت.

*** ئەوەی زیاتر مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات، هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقە. کە بە دڵنیاییەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت هەڵبژاردنی داهاتوو نەخشەی سیاسی وڵاتەکە بگۆڕێت. ئایا تا چ رادەیەک هاوڕایت و تا چ رادەیەک**




**ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی عێراق؟**

- پێشبینی کردنی هەڵبژاردنەکان کارێکی زەحمەتە. بە زۆری ئەمەریکییەکانیش ڕووبەڕوی گۆڕانکاری گەورە دەبنەوە لە نەخشەی سیاسی وڵاتەکەیاندا. وەک شەریکێکی نوێ، عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستی بەو گۆڕانکارییانە کرد کە بە ڕۆیشتنی بوش و هاتنی ئۆباما ڕوویاندا. لە دیموکراسیدا، ئەوەی ناگۆڕێت خودی گۆڕان خۆیەتی. دیموکراسی پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام هەروەک دەبینین سەرکەوتوترین نەتەوەکانی جیهان، ئەو نەتەوانەن کە دیموکراسیان پیادە کردووە.

*** شوێنکەوتووانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و خۆبەهێزکردنەوەن. لەبەر ئەوەی هێشتا کێشەی عەرەبە سوننەکان چارەسەرنەکراوە، ئەوا نیگەرانی و مەترسی ئەوە هەیە کە سوننەکان پشتیوانی لەم کەسانە بکەن، لێرەدا تا چ رادەیەک مومکینە خۆمان لەم مەترسییە لابدەین؟**

- ئازادی ڕۆژنامەگەری بە قوڵی گرێدراوە بە سیستمی دیموکراتییەوە. یەکێک لە بەهێزترین چەکەکان لە دژی تاکڕەوی ڕۆژنامەگەری ئازادە-هەروەها من ئەوەم بەدی کرد کە زۆرێک لە عێراقییەکان ترسیان نییە لە گوزارشتکردن لە بیروبۆچونەکانیان! دەبێت عێراقییەکان بەردەوامبن لە شەڕکردن لە دژی بەعسییەکان. ئەمە بەم زووانە کۆتای نایەت. ململانێکە درێژخایەنە. هێشتا لە ڕۆژئاوادا نازییەکان ماون، تەنانەت زۆرجار کێشەش دروست دەکەن، هەرچەندە کار و کردەوەکانیان لە سنورێکی زۆر بەرتەسکدایە. بوونی دیموکراسیەکی کارا خۆی لە خۆیدا ئامرازێکی بەهێزە لە دژی بەعسییەکان.

*** تا چ ئاستێک ئەمەریکا یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ ئەوەی بە یەکگرتووی بمێنێتەوە؟**

- زۆرێک لە ئەمەریکییەکان باوەڕیان وایە بە شێوەیەکی حەتمی کوردەکان لە عێراق جیادەبنەوە. ئێمە دەبێت ئەم پرسیارە لە ئێوە بکەین، ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر جیابونەوە شتێکی حەتمی بێت، ئەوا هەوڵەکانی ئێمە کاریگەرییەکی کەمیان دەبێت. دووبارەی دەکەمەوە، زۆر گرنگە عێراقییەکان ئەمەریکییەکان ئاگاداربکەنەوە کە پێشوازی لە ناوبژیوانی و پشتیوانی ئەوان دەکەن. ئەگەر زۆرینەی ئەمەریکییەکان پێیان وابێت کە زۆرینەی عێراقییەکان خوازیاری ئەوەن عێراق جێبهێڵین، ئەوا لە عێراق دەکشێینەوە. بەڵام ئەمەریکییەکان هاوسۆزییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو خەڵکانەی بوێرانە خەبات بۆ ئازادییەکانیان خۆیان دەکەن، ئێمە یارمەتیتان دەدەین ئەگەر ئێوە خوازیاری ئەم یارمەتییە بن.

*** پێشبینیت چییە بۆ ئایندەی عێراق؟**

- عێراق نەتەوەیەکە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی گەورەیە. خەڵکی ئەم وڵاتە زۆر جیددین لە خوێندن و پەروەردەدا هەر لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا. ئەوان هۆشیارن لەوەی چی لە جیهاندا ڕوودەدات و خوازیارن ببنە بەشێک لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکە. ئەوەی پەیوەندی بە سەرچاوە سروشتییەکانەوە هەبێت، عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام سوودی لەم سەروەت و سامانە وەرنەگرتووە. دەبێت یەکەم و گەورەترین هەنگاو چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بێت کە وەک سەرەتان عێراق دادەرزێنێت. ئاشتبونەوە و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان لە پێش کێشەکانی دیکەوە دێن و بێ یەکلاکردنەوەیان کێشەکانی دیکەش گرنگیان نابێت. مەزندی من ئەوەیە دوای ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە، عێراقێکی بەهێزتر و باشتر سەرهەڵدەداتەوە.

**لە دیموکراسیدا، ئەوەی ناگۆڕێت خودی گۆڕان خۆیەتی. دیموکراسی پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام هەروەک دەبینین سەرکەوتوترین نەتەوەکانی جیهان، ئەو نەتەوانەن کە دیموکراسیان پیادە کردووە**

